منداڵە
خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان

هۆکارو... ڕێنماییکردن

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

منداڵە خاوەن
پێداویستە تایبەتیەکان
هۆکارو......ڕێنماییکردنیان

منداڵە خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان

هۆکارو...ڕێنماییکردنیان

پرۆفیسۆر دکتۆر
شەوبۆ عبداللە طاهر
کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەلاحەدین

بڵاوکردنەوەی
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
خـەتی بەرگ
نـەوزاد کۆیـی
نەخشەسازی ناوەوە
جمعە صدیق کاکە
بــــەرگ
زەردەشت کاوانی
نۆرە و ساڵی چاپ
یەکەم 1438 ک ـ 2017
قەبارە
17 × 24 (160 لاپەڕە)
تـــیراژ
1500 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان- هەرێمی کوردستان- ژمارەی سپاردنی (785) ی ساڵی 2016ی پێدراوە

هەمـوو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright ©Tafseer Publishing

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

منداڵە خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان

هۆکارو......ڕێنماییکردنیان

پرۆفیسۆر دکتۆر
شەوبۆ عبداللە مە لا طاهر
کۆلیژی پەروەردە / زانکۆی سەلاحەدین

التفسير

پێشکەش بێت بە:

- ئەو دایک و باوکانەی خاوەنی منداڵی خاوەن پێداویستە تایبەتمەندیەکانن.
- مامۆستا و ئەو تاکە بەڕێزانە، کە ئەو منداڵانە ڕادەهێنن.
- ئەو قوتابیە خۆشەویستانە، کە لە بەشەکانی ڕێنمایی دەروونی و خاوەن پێداویستی تایبەت و زانستیە دەروونیەکانن .

ناوەڕۆك

پێشەكی 15

بەشی یەكەم

پێشەكییەك لەسەر ڕێنمایی Counseling **17**

ڕێنمایی دەروونی چییە؟ 19

شێواز و ڕێگەكانی ڕێنمایی دەروونی 19

چۆن شێوازی ڕێنمایی دیاری ئەكرێت ؟ 20

یەكەم : ڕێنمایی تاكی Individual Counseling 21

حاڵەتەكانی بەكارهێنانی ڕێنمایی تاكی : 21

دووەم : ڕێنمایی بەكۆمەڵ Group counseling 22

ئامانجەكانی ڕێنمایی بەكۆمەڵ.. 22

قەبارەی كۆمەڵی ڕێنمایی : 22

شێوازەكان و ڕێگەكانی ڕێنمایی بەكۆمەڵ:.. 23

یەكەم نیانەی ڕێنمایی: 23

2- نواندنی شانۆیی دەروونی (سایكودراما Psychodrama): 23

سودەكانی نواندنی دەروونی شانۆیی :.. 24

سێیەم : وانەو گفتوگۆكردن: 25

چۆنیەتی هەڵبژاردن و پێكهێنانی كۆمەڵەی ڕێنمایی بەكۆمەڵ: 25

حاڵەتەكانی بەكارهێنانی ڕێنمایی بەكۆمەڵ:.. 25

سێیەم :ڕێنمایی كردن بە یاری (گەمە كردن) counseling Play 26

سوودەكانی ڕێنمایی كردن بە یاری بۆ منداڵان : 27

شێوازەكانی یاری كردن لە ڕێنماییدا 27

یەكەم : یاری ئازاد یان ئاراستە نەكراو یاخود بێ سنور نەكراو : 27

دووەم : یاری ئاراستەكرا و یان سنور دیاریكراو : 28

چوارەم : ڕێنمایی هەرزەكاران:- 28

كێشەی هەرزەكاران :- 28

هۆكارەكانی كێشەی هەرزەكاران:- 29

خزمەتگوزاریەكانی ڕێنمایی هەرزەكاران:- 30

1-خزمەتگوزاری خێزانی :- 30
2- خزمەتگوزاری پەروەردەیی :- 30
3-.خزمەتگوزاری پیشەیی:- 30
4-خزمەتگوزاری ڕێنمایی چارەسەر کردن :- 31
5-خزمەتگوزاری و ڕێنمایی کاتە بەتاڵەکان :- 31
بەشی دووەم
بوارەکانی ڕێنمایی دەروونی 33
یەکەم : بواری ڕێنمایی پەروەردەیی :.................................. 34
ئامانجەکانی ڕێنمایی پەروەردەیی دەروونی :- 34
دووەم : بواری ڕێنمایی پیشەیی.. 35
کێشەکانی ڕێنمایی پیشەیی: 36
سێەم : ڕێنمایی خێزانی:.. 36
خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی خێزانی :- 37
بەشی سێیەم:
منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت 39
ئەومنداڵانە کێن کە پێیان ئەڵێن خاوەن پێداویستی تایبەت : 40
پێناسەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت : 40
جۆرەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان.......................... 41
پێ ناسەی ڕێنمایی خاوەن پێداویستی تایبەت.............................. 42
پوختەیەکی مێژوویی دەربارەی بایەخدان بەپەرەپێدانی وچاودێریکردنی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان 42
قۆناغەکانی مێژووی پەرەپێدان بە خاوەن پێداویستە تایبەتمەندیەکان:........... 42
ئامانجەکانی پەروەدەی تایبەت : 45
پرۆسەی ڕێنمایی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان............................. 46
تیپی ڕێنمایی دەروونی 46
بەشی چوارەم:
بەهرە داران وسەرکەوتوەکان Gifted and Talented 48
بایەخ پێدانی مێژوی پەرەپێدانی وچاودێریکردنی بەهرەدارو سەرکەوەتوەکان: ... 49
ئەو منداڵانە کێن کە پێیان دەڵێن بەهرەدار وسەرکەوتو؟ 52
ناساندنی ویپی 1972 لەگەڵ پەروەردەیی ئەمریکی :.......................... 52
ناساندنی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ فێرکردنی بەهرەداران 2013:............... 53

خەسلەتەکانی بەهرەداران وسەرکەوتوان 53
پۆلینکردنی بەهرەدارو وسەرکەوتوان.. 54
پۆلێنکردنی کرونشانك Kronshank:.. 54
کاریگەری بۆ ماوەیی و ژینگە لەسەر بەهرەمەندان :.................................... 56
جۆرەکانی بەهرەداران : 56
تایبەتمەندی بەهرەداران و بەهرەدارە سەرکەوتوەکان 58
1-تایبەتمەندی جەستەیی 58
2- تایبەتمەندیە ئەقلییەکان 59
3-تایبەتمەندی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی : 60
4- تایبەتمەندی زانیاری وفێربون 60
یەکەم : رێکخستنی هێمایی بیرۆکە موجەرەدەکان : 61
دووەم : زانیاریخوازی : 61
سێیەم : سەربەخۆیی : 61
چوارەم : وەرگرتنی بڕیار :.. 61
پێنجەم : پلان دانان : 62
جۆرەکانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ قوتابیانی بەهرەداران : 62
یەکەم : بەرنامەی خێراکردن Acceleration 62
دووەم : بەرنامەی دەوڵەمەند کردن (Enrichment Program 63
سێیەم: پۆلی تایبەت بۆ بەهرەدارو سەرکەوتوەکان:............................... 63
3-فێرکردنی بە تاك : 63
کێشە وگیرو گرفتی بەهرە دار وسەرکەوتوەکان : 64
ئامانجەکانی رێنمایی بەهرەدار و سەرکەوتووەکان 65
یەکەم : ئامانجی رێنمایی گشتی 66
دووەم : ئامانجی دەروونی 66
سێیەم : ئامانجی هۆشیاری ژینگەی قوتابخانە : 66
رۆڵی رێنماییکار بۆ منداڵانی بەهرەدار : 67
رۆڵی مامۆستای بەهرەداران 69

بەشی پێنجەم:

پەککەوتووەکان (المعوقون).. 70
کەسانی پەککەوتوو کێن ؟.. 71
هۆکاری پەککەوتوویی :.. 72
یەکەم : هۆکاری پێش لە دایك بوون : 72

دووەم : هۆکاری کاتی لە دایك بوون : 73
1 - سورێژەی ئەڵمانی: Rubella 74
2- نەخۆشی سۆوزەنەك (السیلان (Gonorrhea) 74
3- نەخۆشی زوهری:.. 74
4- نەخۆشی ئەیدز : Aids.. 74
سێیەم :هۆکاری ژینگەیی :Environment 74
جۆرەکانی پەککەوتوو:.. 76
شێوەکانی پەککەوتوو :- 76
کێشەی پەککەوتووەکان.. 76
یەکەم : کێشەی دارایی : 76
دووەم : کێشەی کۆمەڵایەتی : 76
سێیەم : کێشەی خێزانی: 77
چوارەم : کێشەی هاوسەرگیری :.. 77
پێنجەم :کێشەپەروەدەییەکان: 77
شەشەم : کێشەی یاری کردن ورابواردن : 78
حەوتەم : کێشەی پیشە وکار: 78
هەشتەم : کێشە تەندروستیەکان :.. 78
کێشەی خێزانی خاوەنی منداڵانی پەککەوتووەکان : 79
گرنگی رێنمایی خێزانی بۆخێزانی خاوەن منداڵانی پەککەوتوو: 79
بەشی : شەشەم:
بیرکۆڵن (پەککەوتوی ئەقڵی) 82
بیرکۆڵان کێن ؟.. 83
ا-پێناسەی پزیشکی : Medical –Definition 84
2-پێناسەی پێوانی دەروونی(سیکۆمەتری(I,Q) (Psychometric Definition( )
84 ....
3- پێناسەی کۆمەڵایەتی(Social Definition) 85
4-پێناسەی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆبیرکۆلان:_ The American Association
85 ....(((AAMR) (Definition،on Mental Retardaion
5-پێناسەی پەروەردەی بۆپەککەوتوی ئەقلی : 86
هۆکارەکانی پەکەوتووی ئەقلی:_ (Mental Retardaion Causes 87
هۆکارەکانی پەکەوتووی ئەقلی.. 87
یەکەم : هۆکاری پێش لە دایك بوون: 87

دووەم : قۆناغی کاتی لە دایکبوون........................ 90
سێەم : کاریگەری هۆکارەکان دوای لەدایکبوون: 91
پۆلینکردنی بیرکۆڵی بەپێ شێوەی دەرەکی...92
1ـ دیداری داون Down's Syndrome (مەنگۆل (Mongolsim) 92
2- کەیسی کورتە بالاکان (کەمی لیکەرژێینی دەرەقیە) 93
3- گەورەیی قەبارەی کەلەی سەر 93
4- قەبارەی سەری بچووک............................ 94
تایبەتمەندیەکانی پەککەوتوانی ئەقلی بیرکۆلان.................... 94
2- تایبەتمەندیە ئەقلیەکان :............................ 95
5- تایبەتمەندیە هەڵچوونی و کۆمەلایەتیەکان:................... 96
دەست نیشانکردنی بیرکۆڵی:..97
رێنمایی بۆخۆپاراستنی منداڵان لە تووش بوون بەبیرکۆڵی:...............................97
جۆرەکانی ئاستی خۆپاراستنی منداڵان لە بیرکۆڵی...98
یەکەم : خۆپاراستنی دایکی دووگیان : 98
دووەم : پاراستنی منداڵ 99
سیەم : پاراستنی منداڵ لە کۆمەڵگا 99
رێنمایی پەروەدەیی بۆ خێزانی منداڵە بیرکۆڵەکان 99
رێنمایی گشتی بۆ خێزانی منداڵانی بیرکۆڵان...100
یەکەم : نازپێدان 100
دووەم : سەرپێچی وپەسەندنەکردن 100
سێەم : پشتگوی خستن 101
چوارەم : جیاوازی کردن 101
پێنجەم : سزای جەستەیی ودەروونی 101

بەشی حەوتەم:

پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی 102
پەککەوتووی جوڵانەوەـ وجەستەیی کێن؟..103
هۆکاری پەککەوتووی جوڵانەوەو جەستەیی :...104
1- هۆکاری زگماکی : 104
2- هۆکار ی وەرگێراو ژینگەیی : 104
پاراستنی منداڵان لە پەککەوتووی جوڵانەوە و جەستەیی :..................................105
کاریگەری دەروونی لەسەر پەککەوتووانی جوڵانەوە وجەستەیی : 106
هۆکاری شڵەژانی دەروونی لای پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستیەکان.................107

یەکەم ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە وەڵام دانەوەی دەروونی لای پەککەوتو:...... 107
گۆڕانکاریە دەروونیەکان 108
دووەم :کێشە دەروونیەکانی پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی 109
ڕێنمایی خێزانی بۆ خێزانی خاوەن پەککەوتووی جەستەیی جوڵانەوەکان............110
فێرکردنی منداڵانی پەککەوتووی جوڵانەوەوجەستەیی..................................111
یەکەم : بەشی ناوخۆیەکانی پەککەوتووان: 111
دووەم : ناوەندەکانی پەککەوتوان: 112
سێەم : تێکەڵکردنی (الدمج) پەروەردەی : 112
ئامانجەکانی تێکەڵ کردنی منداڵان....................................... 113
ڕێنمایی کردنی منداڵی پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی 113
ڕۆڵی ڕێنماییکاری دەروونی بۆ قوتابی پەککەوتوی جوڵانەوە و جەستەیی:.... 114
بەشی هەشتەم:
پەککەوتووی نەبینین..116
نەبینان (کوێر) :Blind...117
قۆناغەکانی مێژوی پەرەپێدانی پەککەوتوی نابینین...................................117
یەکەم :چەرخی کۆن : Old - Ages 117
دووەم :چەرخی- ناوەراست .... Middle-Ages
119
سێیەم : سەدەی بیستەم هەتاکو ئێستا Now &Twentieth century 120
پێناسەی پەککەوتووی چاو یان نەبینان..120
1- پێناسەی یاسایی بۆ نەبینان : 120
2-پێناسەی پەروەردەیی بۆ نەبینان: 120
جۆرەکانی: پەککەوتوی نەبینان :...121
پۆلینکردنی پەککەوتووی بینین :-...121
1ـ نەبیانی دەر ئەنجامی ڕودا و :.................................. 121
2ـ نەبینینی ڕەنگ، کوێری ڕەنگ :(عمی الالوان Daltonism) 122
3ـ شەو کۆێری :(العمی او العشی الليلیNight blindnes s) 122
4ـ نەبینانی دەروونی (سێکۆلۆژی Psychosocial dnesblin 122
5ـ حاڵەتی کورت بینین : قصر النظر Nearsightedness 122
6ـ حاڵەتی دور بینین : بعد النظر : Hxporopail 123
7ـ حاڵەتی بینراو گرانی(ئیستیگماتزم Astigmatism): 123
9ـ ئاوی سپی یان ئاوی مرواری :Cataract 123

10- چاو خێلی - الحول Strabismus : 124
11- نەخۆشی شەکرە (Diabetes) 124
12-نەخۆشی تراکۆما Trachoma 124
هۆکاری پەککەوتنی نەبینان........................ 125
یەکەم : هۆکاری پیش لە دایك بوون (زکماکی) یان هۆکاری بۆ ماوەیی:...... 125
دووەم- هۆکاری کاتی لە دایك بوون : 125
سێیەم هۆکاری دوای لە دایك بوون : 125
چوارەم :هۆکاری ژینگەیی........................ 126
تایبەتمەندییەکانی منداڵانی پەککەوتووی نەبینان :........................ 126
یەکەم : تایبەتمەندی ڕەوشتیەکان : 126
دووەم : تایبەتمەندی شێوەی فۆرمی چاو : 127
چوارەم : تایبەمەندی هەڵچوونی :........................ 127
هەستەکانی نەبینان :........................ 128
1- هەستی بیستن : 128
2- هەستی دەستلێدان (هەستی گرتن - اللمس Touch) 129
3-هەستی بۆن کردن Smelling........................ 129
4-هەستی تامکردن........................ 130
کێشەکانی پەککەوتووی نەبینان :........................ 131
یەکەم : کێشە دەروونییەکان :- 131
1- دڵەڕاوکێ : 132
2-بێ متمانە بەخوود : 132
3- قەرەبوو کردنەوە : 132
دووەم :- کێشە خێزانیەکان : 132
کاریگەری مامەڵەی خرابی خێزان لەسەر منداڵی نەبینان :........................ 134
سێیەم:- کێشەکۆمەڵایەتیەکان : 134
جۆرەکانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ فێرکردنی قوتابیانی نەبینان 135
1-تێکەڵاوکردن amalgamation 135
ئامانجی تێکەڵاوکردن........................ 135
جۆرەکانی تێکەلاو کردن 135
سوودەکانی تێکەلاو :........................ 136
ڕێنمایی پەککەوتووی نەبینا 136
ئایە پەککەوتوی نەبینان پێویستیان بە ڕێنمایی هەیە ؟ 137

ئامانجەکانی ڕێنمایی دەروونی بۆ نەبینان 137
بوارەکانی ڕێنمایی پەککەوتوی نەبینان 138
یەکەم-ڕێینمایی دەروونی : 138
دووەم-ڕێنمایی بە کۆمەڵی.................................. 138
سێیەم ڕێنمایی پەروەردەیی 139
چوارەم : ڕێنمایی تەندروستی................................ 140
پێنجەم : ڕێنمایی کار 140

بەشی : نـــــــۆیەم

ئۆتیزم 142
پوختەیەکی مێژووی دەربارەی بایەخ پێدان بە سەرهەڵدانی ئۆتیزم:................ 143
ئۆتیزم چییە Autism؟.. 143
نیشانەکانی مندالّی ئۆتیزم: Characteristies of Autistic Children.......... 144
4- توانا تایبەتمەندیەکان :Special Abilities 148
هۆکاری شڵەژانی ئۆتیزم : Causes of Autism 149
یەکەم : هۆکاری بایۆلۆژی : 149
دووهم : هۆکاری جینی:................................... 149
سێیەم : تێکچوونی ئەرکەکانی کۆ ئەندامی دەماری:...................... 150
چوارەم : تێکچوونی ئەرکەکانی مێشك :............................ 150
پێنجەم : هۆکاری دەروونی و خێزانی :............................ 150
جۆرەکانی شڵەژانی ئۆتیزم : 150
یەکەم : ئۆتیزمی دەستوری کۆن (التقلیدی): Autism Clasical 151
دووەم شڵەژانی ئیسپرجر : Asperger's Disorder 151
سێیەم شڵەژانی ڕێت : Rett's Disorder................................ 152
چوارەم: نیشانەکانی کرۆمۆسۆم Xتوانای شکانن Fragile X Syndrom ... 153
ڕۆلی ڕێنماییکار لەگەڵ مندالّی ئۆتیزمدا : 153
سەرچاوەکان 156

پێشەکی

بایەخ پێدان بەمنداڵی خاوەن پێداویستە تایبەتمەندییەکان زۆر پێویستە، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی وەکو مامۆستای بواری ڕێنمایی منداڵانی خاوەن پێداویستەکان بە هەنگاوێکی زانستی پەرتوکی خاوەن پێداویستیە تایبەتمەندییەکان....هۆکاری و.... ڕێنمایی بە زمانی کوردی بنوسم، لەسەر داواکردنی خوێندکارانی بەشی خاوەن پێداویستەکان، لەبەر نەبوونی هیچ سەرچاوەیەك لەو بابەتەوە بە زمانی کوردی، ویستم ئەو بابەتە بنچینەییانەی، کەپێویستیان پێ هەیە بەشێوەو بنەمایەکی زانستی و ستراتیژێکی جۆراوجۆر باس بکەم، هەتاکو ببێتە بەڵگەیەك لەژێر دەستیاندا .

هەروەها ئەم پەرتوکە، دەبێتە ڕێبەرێك بۆ مامۆستاو ڕێنمایی کاران و توێژەرانو مامۆستایانی پەیمانگە تایبەتەکانی ئەم جۆرە منداڵانە.

خێزانی ئەو منداڵانە، بەچڕی چاودێری منداڵەکانیان دەکەن و، فشارێکی زۆریان ئەکەوێتە سەر، لەبەر ئەوە پێویستیان بەم جۆرە پەرتوکە هەیە، کەچەند بابەتێکی گرنگ دەگرێتەخۆی، بۆ هاوکاریان وەکو ڕێبەریك بۆ زانینی هۆکار و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان و تێگەیشتن و ڕێنماییان و چارەسەری کێشەکانیان، بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتارو ڕەوشتی منداڵەکانیان، کە بتوانن بگونجێن لەگەڵ خودی خۆیان و دەوروبەرەکەیان.

لەم پەرتوکەدا، هەوڵم داوە چەند بابەتێکی گرنگ لەسەر ڕێنمایی و جۆرەکانی، کە زۆر پێویستە بۆ ڕێنمایی کاران و مامۆستایانی پەیمانگەکان و خێزانی منداڵانی خاوەن پێداویستەکان و خوێندکاران.

دوای ئەوە باسی منداڵی خاوەن پێداویستە تایبەتمەندییەکانمان کرد، کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، لە سەرەتای مێژووەوە، هەتاکو ئێستا، دەرمانخست، کە بەکێ دەڵێن منداڵی خاوەن پێداویستەکان، دواتر باسی جۆرەکانیمان کردووە، لەم پەرتوکەدا باسی چەند جۆرێکمان کردووە، وەك:

بەهرەداران... پەککەوتوان... بیرکۆلان... پەکەوتوی جولانەوە و جەستەیی... نەبینایان... ئۆتیزم... ئەمەش دەبێتە بەشی یەکەم، هیوادارم، کە باسی جۆرەکانی تر لە پەرتوکێکی تردا بکەم.

ئومێدەوارم بەم پەرتوکە توانیبێتم، خانەیەکی بچووك لە خانەی پەرتوکخانەکانی بەشەدەروونزانیەکانی زانکۆکانی کوردستان پڕبکاتەوە .

نووسەر

2016/ 2 /15

بەشی یەکەم

پێشەکییەك لەسەر ڕێنمایی Counseling

ڕێنمایی چییە ؟

چۆن شێوازی ڕێنمایی دیاری ئەکرێت ؟

جۆرەکانی ڕێنمایی

یەکەم : ڕێنمایی تاکی

حاڵەتەکانی بەکارهێنانی ڕێنمایی تاکی

دووەم : ڕێنمایی بەکۆمەڵ

ئامانجەکانی ڕێنمایی بەکۆمەڵ

قەبارەی بەکۆمەڵی ڕێنمایی

شێوازەکان و ڕێگەکانی ڕێنمایی بەکۆمەڵی

1-یانەی ڕێنمایی.

2- شانۆی دەروونی.

3- وانەو وگفتو گۆ.

سێیەم : ڕێنمایی بە یاری کردن.

چوارەم : ڕێنمایی هەرزەکاران.

بەشی یەکەم:

پێشەکییەك لەسەر ڕێنمایی Counseling

مرۆڤ هەر لە سەرەتای مێژودا... هەتاکو ئێستا.... زۆر پێویستی بە یارمەتی و ئامۆژگاری کەسانی تر بوە، بۆ چارەسەکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی، بۆئەوەی بتوانێت بە ژیانێکی ئاسودە بژیت و، زاڵ ببێت بە سەر ئەو کێشە هەڵچوونە دەروونیانەوە، کەوا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بۆ ڕێکخستنی ڕەوشت و ڕەفتاریەکانی و تێگەیشتن لەتواناو لێهاتوەکانیەوە، تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی ئاشتی و ئاسوودەیی، ناخۆشیەکانی ژیانی بباتە سەر، چونکە ئەم سەردەمەی، کە ئێمەی تێدا دەژین، پڕە لە خەم و خەمۆکیێ و سەرقاڵی ژیان، هەر بۆیە بەسەردەمی دڵەڕاوکێ (Anxiety) دەناسرێت.

هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی، کەوا توشی تاك دەبێت لە ژیانیدا، وەکو: گیروگرفتە نائاساییەکان لە کاتە شلۆقەکاندا و.. گۆڕانکارییەکان، کە لە قۆناغی منداڵیەوە بۆ هەرزەکاری و... لە قۆناغی ناوەڕاستی تەمەنەوە... بۆ قۆناغی پیریو ئەو کێشانەی، کەوا تووشی دەبێت، هەتاکو کۆتایی تەمەن و، لە هەمان کاتدا، زۆر کێشەی دێتەڕێ، وەکو چوونەدەرەوەی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە و... لەتەواوکردنی قوتابخانەی بنەڕەتیەوە بۆ.. ناوەندی، هەتاکو ئەگاتە... زانکۆ و پەیمانگەکان و... لە تەواوکردنی خوێندن بۆ کارکردن لەناو کۆمەڵگاداو... لەژیانی تەنیاییەوە بۆ هاوسەرگیری و ئەرکی ماڵ و منداڵ،....(زهران 1985)

لەبەر ئەوەی قوتابیش تاکێکە لەم کۆمەڵگایەدا دەژی و توشی هەمان کێشە دەبێت، جگە لەوەش، کێشە تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە، وەکو کێشەی

گەشەکردن و ئەو کێشانەی، کە لە قوتابخانەدا توشی دەبێت و، ئەم هەموو قۆناغــە شلۆقاوی وململانێ و شڵەژانانە، کەوا تووشی دەبێت، دەبێتــە هۆکــاری نەخۆشــیە دەروونیەکان، بۆیە تاك پێویستی بە یەکێك هەیە، کەوا ڕێنمایی بکــات و دەســتی یارمەتی بۆ ڕابکیشێ و، لەو هەموو تــەنگ و چــەڵەمەو کێشــانە دەری بێنێــت و ڕزگاری بێت، ئەویش ڕێنمایی کارە.

ڕێنمایی دەروونی چییە؟

ڕێنمایی دەروونی بریتیە لە: پەیوەندیەکی هونەری بزووتنەوەیی(Dynamic) لە نێوان دوو تاك یــان زیــاتر ئــەنجام ئــەدرێت، یــەکێکیان کــەپێ ئــەڵێن ڕێنماییکــار (المرشد- Counseler) خاوەنی پسپۆر و شــارەزایە هەڵدەســتێ بــە یارمەتیــدانی ئەوی تریان کە ڕێنمایی خوازە(المسترشد -Client) کە بەدەست چەند کێشەو گرفــت و نائارامییە کەوە ئەناڵینێ بۆ دۆزینەوەی خــوودی خــۆی وتوانــا و ڕاهاتنــەکانی و پێدانی هوشــیاری و شــارەزایی .بۆئــەوەی بتوانێــت لــە داهــاتوودا پشــت بــەخۆی ببەستێت وچارەسەری ئــەو کێشــانە بکــات کــە لــە داهــاتوا دێتــە ڕێــی .(مــەلا تییر2015)

شێواز و ڕێگەکانی ڕێنمایی دەروونی

ڕێگەکانی ڕێنمایی زۆرن و هەمــەجۆرن، هــەر ڕێگایــەك پشــت بــە بیردۆزێکــی تایبەت ئەبەستێت و، ناکرێت ڕێنماییکــار، تــەنها پشــت بــە بیردۆزێکــی تایبــەت ببەستێیت بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەو گرفتەکانی دەروونی، بەڵکو بە گۆڕانی ڕێنماییخوازان و جۆری کێشەو گرفتەکانیان دەگۆڕێت، لەوانەیــە جۆرێــك ڕێنمــایی ئەشێت بۆ کەسێکی دیاری کراو، بەڵام ناشێت بۆ کەســێکی تــر، لێــرەدا سروشــتی ڕێنماییخواز و جۆری گرفتەکەی، شێوازی ڕێنمایی پێویست دیاری دەکەن .

زۆرجار ڕێنماییخواز حەز ئەکات بۆ ڕێنمایی و ڕاستگۆیی لەگەڵ ڕێنماییکــاردا، هەندێ جار جۆرێکی تر لە ڕێنماییخواز هەن، کــە ڕاســتگۆنین بــۆ ڕوون کردنــەوەی

گرفتەکانیان و کات بەسەربردن دەگرنەبەر لەگەڵ ڕێنماییکاردا، شتێکی ئاشکرایە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و پێوەرەکان دەرکەوتوە، کە دوو کەس نیە هەمان هەڵسوکەوتی کەسایەتیان و هەڵچوونیان لە سەداسەد وەك یەك بێت، واتە ڕێنماییکار بۆ هەر ڕێنماییخوازێك و جۆری گرفتەکەی ڕێنمایی پێویست هەڵ ئەبژێرێ .

چۆن شێوازی ڕێنمایی دیاری ئەکرێت ؟

1ــ جۆری ئەو شێوازە کەڕێنماییکار ئەیگرێتەبەر دەبێت لەگەڵ هەڵسوکەوت و گرفتی ڕێنماییخواز گونجاو بێت .

2ـ دەبێت شێوازی گونجاو بێت بۆ کات وئەو توانایەی بە کاری ئەهێنێت .

3ـ ڕێنماییکار پێویستە لەسەر خۆ بێت بۆ ئەوەی زانیاری تەواو و پێویست لە گرفتەکەی بە دەست بهێنێت و، هەڵوێستی تایبەتی ڕێنماییخواز بزانێ .

4ــ ڕێنماییکار پێویستە پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ڕێنماییخواز دروست بکات بۆ تێگەیشتنی لە هەڵسوکەوت و ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی تێکچوونی باری ئاسایی ئەو پاڵپشتانەی لە دەورو بەریەوە ئەگۆڕێت بۆ پاڵپشتی خۆیەتی کە کە لە ناخی دەروونیەوە هەڵ ئەقولێت .

5ــ لەکاتی سەر نەکەوتنی یەکێك لەم ڕێگاو شێوازی ڕێنمایی کردنە، پێویستە ڕێنماییکار ڕێگایەك و شێوازێکی کاریگەر هەڵبژێرێت .

هەروەکو باسمان کرد شێواز و ڕێگەکانی ڕێنمایی زۆرن وەهەمە جۆرن بەپێ پابەندبوون بە بیردۆزەکانەوە، لێرەدا بە کورتی باسی هەندێکیان ئەکەین کە ڕێنماییکار بەکاریان ئەهێنێت بۆ کەسانی خاوەن پێداویستە تایبەتمەندیەکان، بۆ زانیاری زیاتر سەیری پەرتوکی نوسەر بکە (المشکلات الارشادیە ـ اسبابهاــ ومقترحات حلها) .

یەکەم : ڕێنمایی تاکی Individual Counseling

بریتیە لە پرۆسەیەکی ستراتیژی بە ئامانجی یارمەتیدانی ڕێنماییخوازە بۆ ئەوەی لەو کێشەو گرفتارانە دەرباز ببێت کە توشی دەبێت، لێرەدا ڕێنماییکار ڕووبەڕوو دەبێت لەگەڵ یەك ڕێنماییخواز بەتەنیا بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی و سەرلەنۆی ئەیگێڕێتەوە بۆ باری سەقامگیری .

حاڵەتەکانی بەکارهێنانی ڕێنمایی تاکی :

1ـــ باری دەروونی وەك : دڵەڕاوکێ .... ترس ....شەرم کردن ....باوەڕبەخۆ نەبوون ... شەڕانگێزی ....

2- باری کۆمەڵایەتی : وەکو: جیابوونەوەی دایکو باوك (تەڵاق)....شەڕو ئاژاوەی ناوخێزان ...لادان و هەڵسوکەوتی پەسەند نەکراو ...ئالودەی جگەرە و مەی و مادە هۆشبەرەکان ...هتد .

3- گرفتی کەسایەتی : ئەم گرفتانە زۆر تایبەتن وەکو ....گرفتەکانی خۆشەویستی ....لادانی (سێکسی) .

4- گرفتی قوتابخانە : وەکو دواکەوتن لە خوێندن ....هەڵ هاتن لە ماڵ... و لە قوتابخانە، وازهێنان لە قوتابخانە، نەگونجاو لەگەڵ هاوڕێکانی لە قوتابخانە.

5- گرفتی دارایی: وەکو کەم دەرامەتی .....وبێ بەشبوون لە پێویستیەکانی ئاسایی خۆی .

6- گرفتی تەندروستی : ئەو نەخۆشیانە ئەگرێتەوە کە ڕێنمایی خواز ناتوانێ باسی بکات شەرم ئەکات وەکو ....نەخۆشی ئایدز ....نەخۆشیەکانی سیکسی... یان جۆری لە نەخۆشیەکانی زگماکی .

7- ئەو بارانە ئەگرێتەوە کەناکرێت لە ڕێنمایی بەکۆمەڵ باسی بکات .

دووەم : ڕێنمایی بەکۆمەڵ Group counseling

ڕێنمایی بەکۆمەڵ بریتیە لە ڕێنمایی کردنی کۆمەڵێك لە ڕێنمایی خوازان، کە کێشەیەکی هاوشێوە و لەیەکچوویان هەیە، ڕێنمایکار کە لە چەند دانیشتنێکی ڕێنماییکردندا کۆیان ئەکاتەوە، لە کەشێکی ئارام و دوور لە شڵەژان و ترس دروست ئەکات بۆیان، ئەندامی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتری کارئەکەن بەئامانجی گەیشتن بە چارەسەری کێشەکانیان و گۆڕینەوەی بیرۆکە و ڕاو بۆچوون لە نیوانیاندا.

ئامانجەکانی ڕێنمایی بەکۆمەڵ

1-زاڵبوون بە سەر هەست کردنی ڕێنمایی خواز بەکەمی وتەنیایی .

2-فێرکردنی کۆمەڵە کە متمانەیان بە خۆیان و بەکەسانی تریش ببێت .

3- پەرەپێدانی و ڕێزگرتنی لە کەسانی ترو ڕێزگرتن لە بیرو بۆ چوون و هەستەکانیان.

4-پارێزگارکردنی لە پێوەرە ڕەوشتییەکانی کۆمەڵ .

5-هەوڵ ئەدات کە تاکەکانی کۆمەڵگە لێهاتوویە کۆمەڵایەتیەکان وەربگرن .

7- پابەند بوون بە ڕەوشتەکانی کۆمەڵ و هاوکاریکردنیان و پارێزگاریکردن لە نهێنیەکانیان .

8- دروستکردنی هاوڕێیەتی و یارمەتیدانی کەسانی تر .

9- فێرکردنی کۆمەڵەکە بە شێوازەکانی قسە و گوزارشکردن لە دەروونی خۆیان بە ئازادیەکی تەواو .

قەبارەی کۆمەڵی ڕێنمایی :

دیاریکردنی قەبارەی کۆمەڵی ڕێنمایی ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لەسەرکەوتنی پرۆسەی ڕێنمایدا، وە گونجاوترین ژمارە بۆ کۆمەڵی ڕێنمایی (5-10) کەسە چونکە هەرچەندە ژمارەکە گونجاوتربێت ئەوا پرۆسەکە لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی

ڕێنماییکاردا دەمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو ژمارەی کۆمەڵەکە زیاتر بوو ئەوا لــە ژێــر کۆنترۆڵی ڕێنمایکار دەردەچێت.

هەڵبژاردنی تاکەکانی کۆمەڵەکە بە پێی تەمەن، ڕەگەز، جـۆری کێشــەکە یــان چالاکیەکە دەبێت، باشترە دانیشتنێك یان دوو دانیشتن بکرێت لــە هەفتەیەکـدا وە ماوەی دانیشتنەکە لە (45) خولەك تێپەر نەیێت بۆئەوەی تاکەکان توشی بێزاری و بێتاقەتی نەبن.

شێوازەکان و ڕێگەکانی ڕێنمایی بەکۆمەڵ:

یەکەم :یانەی ڕێنمایی:

یەکەم کەس ئــەم شــێوازەی بــەکار هێنــا پزیشــك (سـلافۆن 1943) بـوو کـە چارەسەری نەخۆشیە ئەقڵیەکانی ئەکرد، ئەم ڕێگایە گوزارشت دەکات لە کۆمەڵێك چالاکی بۆ ئارامبوونەوەی دەروونی، ئەمەش کۆمەلێك چالاکی وەرزشی و هونــەری ئەگریتەوە، هۆڵی تایبەت دیاری ئــەکرێ بــۆ هــەموو چــالاکیەك وهــەر کۆمــەڵێك چالاکیەکی گونجاو بۆ خۆی هەڵ ئەبژێرێت، کە بگونجێت لەگەڵ هیواو ئارەزوەکانی، ودوای کۆتاییهاتنی چالاکیەکان، کۆمەڵەکان ئەحەسێنەوە و هەڵچوونەکانیان خــاڵی ئەبنەوە و هەموویان لە هۆڵێکی تایبەتدا کۆ ئەکرێنەوە بــۆ حەســانەوە و خــواردن، لەکاتی ئەو حەســانەوەیەدا دەســت دەکــەن بــە قســە گۆڕینــەوە و گفتوگـۆ کـردن لەنێوانیاندا، بەوەش ڕەفتاری شەڕانگێزی و شەرم کــردن کــەم دەبێتــەوە لــەلایان و کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕوو ئەدات و، باوەر بە خۆبوون زیاد دەبێت.

2- نواندنی شانۆیی دەروونی (سایکودراما Psychodrama):

پزیشکی نەخوشیە ئەقلیەکان (مۆرینۆ Moren 1927) یەکەم کەس بــووە کــە ئەم ڕێگایەی بەکارهێناو، شانۆیەکی چارەسەریی دانا بۆ پێشکەش کردنی شــانۆیی دەروونی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، ئەم شێوازە پشت دەبەســتێت بــە بیرۆکەی چارەسەرکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ، ئەم ڕێگایە دەرفــەت دەدات بــە

تــاك تــاوەکو هەڵچــوونەکانی خــۆی دەربخــات وە ئــازادی پــێ دەبەخشــێت لــە ڕەفتارەکانیو، بە ئازادی گوزارشت بکات لە هەموو ئەو شــتە شــاراوانەی کــە لــە ناخیــدا هەیــە. هــەروەها دەربــارەی ململانــێ و پێداویســتە چــەپێنراوەکانی، کــە یارمەتیدەرن بۆ بەدەست هێنانی گونجان. (زهران:1980)

1. بابەتی چیرۆك: لەلایەن ڕێنمــایی خوازانــەوە دادەنرێــت ، لەهەنــدێ حاڵــەت ڕێنماییکاریش بەژداردەبێت لەگەڵیان.
2. ئەکتەرەکان: ئەو ڕێنمایی خوازانەن کە هەڵدەستن بە ڕۆڵگێڕانی شانۆییەکە.
3. دەرهێنان: یەکێك لە ڕێنمایی خــوازان پێــی هەڵدەســتێت، یــان بــەهاوکاری هەموویان دەبێت.
4. هەڵبژاردنی ڕۆڵەکان:پێویســتە بــە پێــی پاڵنــەرو حــەزی هــەموو ئەنــدامی کۆمەڵەکە بێت وە دەبێت گوزارشت لە بیرو بۆچوونەکانی بکات.
5. بینەرەکان: ئەمانە بریتین لە ئەندامانی ڕێنمایی کــاران وە ئەنــدامی گروپــی ڕێنمایی خوازان.

سودەکانی نواندنی دەروونی شانۆیی :

1. لایەنە گرینگەکانی سایکۆدراما کێشەکانی ڕێنمایی خوازان دەردەخات.
2. زانینی ململانێ و پاڵنەر و ئارەزوو و هەستەکانی ڕێنمایی خواز.
3. ناسینی لایەنە گرینگەکانی کەسایەتی ڕێنمایی خواز.
4. هانــدانی دەربــڕینی هەڵچــوونی دەدات بــۆ ڕزگــاربوون لــە شــڵەژان و هەڵچونەکانی.
5. توانای ڕێنمایی خواز زیاد دەکات لە گوزارشت کردن لە دەروونی خۆی.
6. ڕێنمایی خوازان ڕادەهێنێت بۆ ڕووبــەروو بونــەوەی ئــەو هەڵوێســتانەی کــە واقعین و دەترسن ڕووبەرووی ئەو هەڵوێستانە ببنەوە.
7. بەدیهێنانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان ڕێنمایی خوازان.

سێیەم : وانەو گفتوگۆکردن:

ئەم شێوازە پشت دەبەستێت بە پێشکەش کردنی وانەو و گفتوگۆ بۆ گوزارشت کردن لە ئاراستەی ڕێنمایی خوازان، و کەشێکی خێزانی زاڵ دەبێت بەسەریاندا، وخاوەنی ئەم ڕێگیەش زانا (لیفین Liwin 1941) ە ، لەم ڕێگایەدا پێویستە ئەندامانی کۆمەڵی ڕێنمایی خواز لەرووی ئەقڵییەوە لەیەك بچن و لە هەمان ئاستی ئەقڵیدا بن وە کێشە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە یەك بچێت ، دەبێت گفتوگۆ لە بارەی هەندێك بیرۆکەو ئاراستەو بیرو باوەڕی خوڕافی (ئەفسانەی) و نالۆژیکی لەلای هەندێك لە ڕێنمایی خوازان بکرێت ، وە لێژنەی گفتوگۆ لە ڕێنمایی کاران و پزیشکان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و مامۆستایانی ئاینی پێك دێت .

چۆنیەتی هەڵبژاردن و پێکهێنانی کۆمەڵەی ڕێنمایی بەکۆمەڵ:

ڕێنماییکاری دەروونی هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی کۆمەڵێك چالاکی بۆ ڕێنمایی بەکۆمەڵ لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:-

1. پێویستە تەمەنی تاکەکانی کۆمەڵەکە لەیەکتر نزیك بێت .
2. باشتر وایە ئەندامانی کۆمەڵەکە لەیەك ڕەگەز بن.
3. نەبوونی نێوەندێکی نزیك لە نێوان ئەندامەکاندا، ئەمەش بۆ نەبوونی ئەگەری نهێنی لەنێوانیان.
4. باشترە ئەم حاڵەتانە دوور بخرێنەوە(شەرانگێزەکان، ئەوانەی کە توشی حاڵەتی هێدمە دەبن، ئەوانەی کە پەککەوتون) .

حاڵەتەکانی بەکارهێنانی ڕێنمایی بەکۆمەڵ:

1. لەگەڵ ئەو ڕێنمایی کارانەی کە حاڵەتی ڕێنمایی تاکی پەسەند ناکەن.
2. لە لەکاتی بوونی کێشەی گشتی.
3. بۆ ڕێککردنەوەی ڕەفتار و ئاراستەی نەرێنی لەلای ڕێنمایی خواز .

4. بۆ چارەسەرکردنی کێشەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و، خۆنەگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەدا.
5. لەکاتێکدا کە ڕێنمایی خواز هۆشی لەسەر خودی خۆی هەبێت.
6. کەمی ڕێنماییکاران و بەفیڕۆنەدانی کات و توانا و لایەنی ئابووری.
7. لە کاتێکدا کێشەکان زۆر لە یەکچووبن.

سێیەم :ڕێنمایی کردن بە یاری (گەمە کردن) counseling Play

یاری بریتیە لە کۆمەڵێك چالاکی وجووڵەی جەستەیی و دەروونی، پاڵ ئەنێ بە منداڵەوە بۆ یاری کردن، هەستی ئەویش خواستێکی بۆماوەییە، و ماوەی مانەوەی لای منداڵەکە و جیاوازەبە جیاوازی ماوەی منداڵیەوە .

یاری پەیڕەو ئەکرێت بە زمانی ڕەمزی منداڵ، بۆ دەربڕین لە خودی خۆی یان خوودلەکاتی مامەڵە کردن لە گەڵ یاری دەکرێ، منداڵ هەستی خۆی بەدیار ئەخات سەبارەت بە دەروونی خۆی وکەسانی گرنگ لە ژیانیدا.

زانایانی گەشەی دەروونی جەخت دەکەنەوە کە یاری (پیشەی منداڵە) و، کاریگەری ئەکات لە گەشەی کەسایەتی منداڵ، هەروەها بوارێکە بۆ دەرخستنی ودەربڕین لە بۆچوون وهەستی، بەڵام کۆمەڵەی زانستی دەروونی وای ئەبینن کە یاری چارەسەرێکە بۆ هەڵوێستی ژیانی ڕۆژانەی منداڵ.

(زهران 1980) وای ئەبینێ کە یاری بریتیە لە چالاکی قەرەبووکردنەوەی بەرگری، ئەو منداڵەی کە کەیف و شادی وخۆشەویستی لە ناو ماڵدا دەست ئەدات ئەوا لە ڕێگەی تێکەلاو بوون لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی خۆشی ئەوێن وگرنگی پێ ئەدەن لە دەرەوەی ماڵەوە بە دەستی ئەهێنێت وقەرەبووی ئەکاتەوە .

هەروەها ڕێی نیشان دان بە یاری کە ئامرازێکە لە بواری ڕێپیشاندانی منداڵ کە پشتی پێوە ئەبەستێ بەو بنەما دەروونیانە کە ڕێك ئەکەون لەگەڵ قۆناغەکانی

گەشەکردن کە منالّ پێدا تێ دەپەڕێ و لەگەڵیدا ئەگونجێت و بەکاریان ئەهێنێت، دەبێتە دەسنیشان کردن و چارەسەر کردنی دلّە ڕاوکێ و کێشەکانی .

سوودەکانی ڕێنمایی کردن بە یاری بۆ منداڵان :

یاری پەیڕەو ئەکرێت کە زمانی ڕەمزی منداڵە هەست و هەڵچوونەکانی دەرئەبڕی لەکاتی یاریدکردندا زیاتر لەوەی بە ووشە دەری ئەبرێ، لێردا ڕێنمایکار یارمەتی منداڵ ئەدات کەچەند سوودێکی لە یاری وەربگرێ وەکو :

1. بەستنی پەیوەندیەکی ڕێنمایی لەگەڵ منداڵدا
2. یارمەتی منداڵ ئەدات بۆ نەهێشتنی هەڵچونەکانی .
3. یارمەتی منداڵ ئەدات بۆ دوربین وپەیوەندی بەهێز .
4. لە ڕێگەی یارییەوە منداڵ پێویستیە دەروونیەکانی تێر دەکات.

شێوازەکانی یاری کردن لە ڕێنماییدا

ڕێنماییکار بۆ چارەسەری کێشە دەروونیەکانی منداڵ دوو شێوازی یاری بەکار ئەهێنێت :

یەکەم : یاری ئازاد یان ئاراستە نەکراو یاخود بێ سنور نەکراو :

ڕێنمایی کار لەم شێوازی یاریکردنەدا ئازادی تەواو ئەدات بە منداڵ بۆ ئەوەی کە ڕێگەی بداتێ بە ئازادی یاری بکات، هەموو جۆرەکانی یاری کردن بەئارەزوی خۆی هەڵبژێریت، وئەم شێوازی یاریە یارمەتی منداڵ ئەدات لە کاتی یاری کردندا هەرچی لە ناخیا بێت دەری ببڕێت وەکو هەست و ئارەزووەکانی، و ڕێنمایی کاریش جار بە جار بەشداری ئەکات بەپێ حەزی منداڵەکە، و چاودێری منداڵەکە ئەکات کاتی یاری کردنی خۆی بەتەنیا، بۆ ئەوەی لە باری دەروونی تێ بگات، پاشان لەگەڵیدا بەرە بەرە بەشداری ئەکات تاوەکو یارمەتی وروون کردنەوەی پێ بدات لە چۆنیەتی یاری کردن .

دووەم : یاری ئاراستەکرا و یان سنور دیاریکراو :

ئەم یاریە ئاراستە کراو دارێژراوە بۆ منداڵان، بەشێوەیەك کە ڕێنماییکار شوێن وجۆری ئەو بابەتەیاریانە هەلبژێرێت کە لەگەڵ تەمەن وشارازایی منداڵ بگونجێت بەشێوەیەك کە لەگەڵ ڕاستی نزیك بێت، هەروەها ئازادی بە منداڵ نادات .

لەم شێوازی یاریەدا منداڵ هەلدەستێ بە بەدەستهێنانی کرداری چارەسەری گرنك کە ئەویش دەرخستنی حەزو ئارەزوو شتە شەڕانگێزی و ترس ودڵە ڕاوکێ لە ناخی خۆیدا.

هەروەها یاری کردن بە ئاو لە یاریە گرنگەکانە لای منداڵ چونکە لێرەدا پەیوەندی کۆمەلایەتی لەگەل منداڵانی تر ئەبەستێ، وکێبرکێ باش و ڕەوا وبەشداری کردنی کاریگەرلە لای گەشەئەکات و ئەبیتە هۆی توانای وزەی دەروونی نوێ هەر وەکو هەست کردن بە ئارامی و ئازادی لای زیاد دەبێت لە کاتی یاری کردن بەو یاریانەی کە بۆی دانراوە . (منسی:2004)

چوارەم : ڕێنمایی هەرزەکاران:-

هەرزەکاری قۆناغێکە کە تاك بەرەو پێگەیشتن دەڕوات، ئەو قۆناغێکە لە نێوان کۆتایی منداڵی و سەرەتای پێگەیشتنە، کە ئەمەش کردارێکی بایۆلۆجیە ئەندامییە لەسەرەتا و کۆتاییەکەشی کۆمەلایەتییە لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری جەستەیی و ئەقلی و هەلچونی و کۆمەلایەتی ڕوو دەدات، واتە کەسایەتییەکی نوێی بۆ دروست دەبێت، هەندێك زانای دەروونزانی وەسفی دەکەن بەوەی کە هەرزەکاری ماوەیەکی هەستیار و ململانێ پەستانی کۆمەلایەتی و دڵەڕاوکێیە و هەرزەکاری وشەیەکی لاتینیە (Adolessence) .

کێشەی هەرزەکاران :-

قۆناغی هەرزەکاری قورسترین قۆناغی ژیانە و قۆناغی نێوان منداڵی و پێگەیشتن کە کۆمەلێك گۆڕانکاری بەسەردادێت کە پێشتر باسمان کردوە گرینگترین

کێشەی هەرزەکاران ئەوەیە کە باوك کۆمەڵێك شتی بەسەردا دەسەپێنێت کە لەگەڵ ئارەزووی دا ناگونجێت، وهەندێ لە هەرزەکاران لەم قۆناغەدا دەست دەکەن بە جگەرەکێشان و بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان و توندوتیژی و لادانی کۆمەڵایەتی و توشی کێشەی سێکسیش دەبن و، توانایان لە خوێندن کەم دەبێتەوە و، لەشێوازی ژیان و خوێندنیشیان سەرکەوتوو نابن .

هۆکارەکانی کێشەی هەرزەکاران:-

1. خێرایی گۆڕانکاری جەستەیی :- گواستنەوە لە قۆناغی منداڵی بۆ هەرزەکاری وە خێرایی گەشەیی جەستەیی شوێنەواری سلبی لێ دەکەوێتەوە: وەکو تەمبەڵی و ناهاوسەنگی هەڵچوونەکان، هەروەها لەم قۆناغەدا ئەندامەکانی زاوزێ پێدەگات، هەرزەکار هەوڵ ئەدات ئامانجەکانی جێبەجێ بکات و ئارەزوەکانی تێر بکات، لە ئەنجامدانی ئەم حەزو ئارەزوانەی پێ تێر ناکرێت بۆیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە.
2. پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی:- هەرزەکار توشی کۆمەڵێك ئاستەنگی و بەربەستی دەبێتەوە کە لەلایان باوانەوە لەسەر هەرزەکار فەرز دەکرێت کە بێگومان هەرزەکار ئەمەی پێ خۆش نیە.
3. پێویستی هەرزەکار بۆ ڕزگارکردنی خۆی:- کە بە پشت بەستن بە دایك و باوك لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە هەرزەکار هەوڵدەدات بیرو بۆچونی تایبەتی خۆی هەبێت و خۆهەڵقوتاردنانەی خێزان لە کاروباری برادەرەکانی ڕەت دەکاتەوە.
4. هەرزەکار وا خۆی دەبینێ کە نەمنداڵە و نەگەورەشە ئەمەش ململانێی دەروونی بۆ دروست دەکات لەنێوان ئەو کەسانەی کە لەخۆی بچوکترن و ئەو کەسانەی کە لە خۆی گەورە ترن، بەم جۆرە هەرزەکار نازانێت کێیە ولە چ کۆمەڵێکە .

5. هەرزەکار پاڵنەری هەڵچوون و حەماسەتی زۆرە و، ئارەزوو و دەمارگیری و زیادەڕۆیی زۆر دەکات و، زوو تووڕە دەبێت و دەوروژێت و کاردانەوەی دەبێت.

خزمەتگوزاریەکانی ڕێنمایی هەرزەکاران:-

خزمەتگوزاری پەروەردەیی جنسی یان سێکسی:- پێویستە هەرزەکار پێش (بلوغ- پێگەیشتن) هەموو جۆرە گۆڕانکارییەك بزانێت کە لە جەستەیدا ڕوودەدات ، خێزان و قوتابخانە بەرپرسن لەوەی زانیاری یان سێکسی بدەنە هەرزەکار لە زۆر حاڵەتدا خێزان بەم ئەرکەی خۆی هەڵنەستاوە، بۆیە پێویستە لایەنی پەروەردەیی بەم ئەرکەی خۆی هەڵبستێ.

1-خزمەتگوزاری خێزانی :-

ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش بە هەرزەکاران دەکرێت بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش و ئارام بەسەربەرن لەگەڵ تاکەکانی خێزانەکەیاندا، وەپێویستە دایك وباوك ڕێنمایی بکرێن بۆ ئەوەی لە پێداویستەکانی هەرزەکاران تێبگەن.

2- خزمەتگوزاری پەروەردەیی :-

یارمەتی هەرزەکار دەدرێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لە ترس و دڵەراوکێ و، هەروەها جۆرێکی خوێندنی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ خۆی کە لەگەڵ ئاست و توانایدا بگونجێت وە بۆ ئەوەی کەش و هەوای پۆلی خوێندن گونجاو بێت .

3-.خزمەتگوزاری پیشەیی:-

ئەم خزمەتگوزاریە پێشکەش بە هەرزەکاران دەکرێت چونکە پەیوەندی بە داهاتووی هەرزەکارەوە هەیە بۆ ئەوەی هەرزەکار بتوانێت ژیانی خۆی مسۆگەر بکات بۆ ئەمەش پێویستە پلان و ڕێنمایی بۆ هەرزەکار دابنرێت.

4-خزمەتگوزاری ڕێنمایی چارەسەر کردن :-

یارمەتی هەرزەکار ئەدرێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو کێشە وشڵەژانە دەروونیانەی کە بەرۆکی گرتوون وەك: (دڵەراوکێ، دەمارگیری، کەلەڕەقی، توندوتیژی)، دەبێت ئەم ڕێنماییانە پێشکەش بە هەرزەکار بکرێت کە لە کەش و هەوایەکی گونجاو و ئارام بن.

5-خزمەتگوزاری و ڕێنمایی کاتە بەتاڵەکان :-

لەم کاتە بەتاڵانەدا پێویستە گرینگی بدرێت بە ئارەزووەکانی هەرزەکار لەلایەنی کۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزشی وە لایەنی هونەری وەکو خوێندنەوەی هەڵبەست و هەروەها سیمینارو ورك شۆوپ کە سود بەخش بن بۆ هەرزەکارو ڕۆشنبیرکردنیان.

بەشی دووەم

بوارەکانی ڕێنمایی دەروونی

یەکەم : بواری ڕێنمایی پەروەردەی

ئامانجەکانی ڕێنمایی پەروەردەیی دەروونی

دووەم : بواری ڕێنمایی پیشەیی

کێشەکانی ڕێنمایی پیشەیی

سێەم : ڕێنمایی خێزانی

خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی خێزانی

1- خزمەتگوزاری پەروەردەیی خێزانی

2- خزمەتگوزاری دەروونی

3- خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان

بەشی دووەم:

بوارەکانی ڕێنمایی دەروونی

ئەم بوارانە جۆراوجۆرن بەگوێرەی بیردۆزەکان بە جۆرێك کە هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، لێدا باسی هەندیکیان ئەکەین :

یەکەم : بواری ڕێنمایی پەروەردەیی :

- ئەم ڕێنماییە هاوتایە لەگەڵ کرداری فێرکردنی ڕێنمایی پاڵنەری قوتابیان دەوروژێنێت بۆ خوێندن وەئامادەیان ئەکات لە لایەنی زانیاری و پیشەیی و کۆمەڵایەتیەوە و، یارمەتییان ئەدات بۆ ڕزگاربوون لە دڵەراوکێ و ترس ، خزمەتگوزاری، ڕێنمایی ئێستا زۆر پێویستە بۆ پاراستنی قوتابیان تاوەکو توشی کێشە نەبن هەروەها بەرچاویان ڕۆشن ئەکاتەوە بۆ ئەوەی بریاری دروست بدەن سەبارەت بە خوێندن و ژیانیان.

بواری ڕێنمایی پەروەردەیی بریتیە لە قوتابخانە کە گرینگی دەدات بە لایەنی زانستی و زانیاری، بێگومان قوتابخانەش مەڵبەندێکی ڕووناکیە لە کۆمەڵگا و ڕۆڵی خۆی بەتەواوی بگرێت پێویستە ڕێنمایی دەروونی جێ بە جێ بکات.

ئامانجەکانی ڕێنمایی پەروەردەیی دەروونی :-

(زهران1980) وای بۆ ئەچێت کە ئامانجی سەرەکی ڕێنمایی پەروەردەیی بریتیە لە بەدەست هێنانی سەرکەوتنی پەروەردەیی ئەمەش لە ڕێگای زانینی ڕەفتاری قوتابیان و یارمەتی دانیان بۆ هەڵبژاردنی جۆرێکی گونجاوی خوێندن و سەرکەوتن لە خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1. یارمەتیدانی قوتابیان بۆ هەڵبژاردنی جۆری خوێندن و پسپۆری کە لە گەڵ توانا و ئارەزووەکانیان بگونجێت .
2. یارمەتی قوتابیانی بەهرەمەندان ئەدات بۆ ئەوەی تواناکانیان زیاتر گەشە بکات وە سود لە تواناکانیان وەربگیرێت .
3. گرینگیدان بە حاڵەتەکانی دواکەوتن لە خوێندن واتا ئەوانەی کە لە خوێندن دابراون یان ئەوانەی کە لەکاتی خوێندندا گرفتیان هەیە یان کۆسپیان دێتە پێش .
4. پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ قوتابیان کە توشی شڵەژانی دەروونی و کۆمەڵایەتی هاتوون.
5. یارمەتیدانی ئەو قوتابیانەی کە کێشەی ڕەفتارییان هەیە، وەکو قۆپیەکردن و دزی و درۆ و هەڵاتن لە قوتابخانە.
6. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ڕێنمایی خۆپاراستن و گەشەپێدانی قوتابیان بۆ ئەوەی ئاراستەکانیان بۆ لایەنێکی باش بگۆڕن و، کاتەکانیان ڕێك بخەن و پشت بە خۆیان ببەستن.
7. یارمەتیدانی قوتابیان بۆ گەیشتن بە بەجێ هێنانی تەندروستی دەروونی و بەجێ هێنانی خود.

دووەم : بواری ڕێنمایی پیشەیی

کردارێکی یارمەتیدانی ڕێنمایی بۆ ئەوەی پیشەیەکی گونجاو بدۆزنەوە و لەسەری بەردەوام بن، ئەم جۆرە ڕێنماییە بە پلەی یەکەم یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ هەڵبژاردنی پیشە وکار بۆ داهاتوویان، گرینگترین ئامانجی ڕێنمایی دەروونی پیشەیی بریتیە لە (دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو) .

کێشەکانی ڕێنمایی پیشەیی:

1. هەڵبژاردنی پیشەیەکی گونجاو بۆ تاك کە لەگەڵ توانایی و ئارەزووەکانیدا بگونجێت .
2. کێشەی پەیوەندی کردن بە کارەکە، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی قوتابیان لە بواری دەروونی و پیشەیی هەیە، هەوڵ بدەن کە شارەزایان زیاد بکەن لە پیشەکە .
3. کێشەی دامەزراندن بە شێوەیەکی هەرەمەکی بەبێ گوێدانە توانستی پسپۆری تاکەکان.
4. خراپی گونجانی پیشەیی، واتا نارازیبوونی تاك لە کارەکەی یان هەندێ جار کەسەکە کە کار ئەکات کێشەی لەگەڵ هاوپیشەکانی دەبێت ئەمەش وا ئەکات کە تاکەکان کارەکەیان بەجێ بهێڵن .

سێیەم : ڕێنمایی خێزانی:

خێزان بەهێزترین کۆمەڵە کە کاردەکاتە سەر کەسایەتی تاك و ڕەفتارەکانی و، خێزان ڕۆڵێکی کارای هەیە لە بنیات نانی کەسایەتی منداڵ و گواستنەوەی دابو نەریت و کارامەییەکان و ئاراستەکانی کۆمەڵگا بۆی، کەواتە خێزان مەرجی یەکەمە لە گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی بە جۆرێك کە پێداویستەکانی دابین دەکات، ڕەوشتی منداڵەکەش دەوەستێتە سەر خێزانەکەی ، دایك و باوك لەتوانایان دا هەیە کە ئەم خزمەت گوزارییانەی سەرەوە پێشکەش بە منداڵەکانیان بکەن بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێنمایی کار ، بەم شێوەیە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ڕێنمایی خێزانی کە شێوازێکی پیشەیی ڕێکخراوە کە جۆرەکانی پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەجێ دەهێنێت لە نێوان ئەندامەکانی خێزان و کۆمەڵگا.

خزمەتگوزاریەکانی ڕێنمایی خێزانی :-

1- خزمەتگوزاری پەروەردەیی خێزانی:-

خێزان ئەرکەکانی بریتیە لە ئامادەکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە ڕووی دەروونی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە ڕۆڵی خۆیان ببینن بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر، هەر خێزانە کە خۆشەویستی و نەرم و نیانی و دڵنەوایی دەبەخشێت بە منداڵەکانیان و پێداویستەکانیان پر دەکاتەوە.

2- خزمەتگوزاری دەروونی:-

ئەم خزمەتگوزارییانە ئاراستەکردنە بەرەو ئەو کێشە دەروونییانە کە تاکەکانی خێزان پێوە دەناڵێنن، ڕێنماییکار هەڵدەستێ بە پتەو کردنی پەیوەندیە خێزانیەکان و لابردنی کۆسپ و تەگەرەکان و هەڵدەستێ بە نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکان.

3- خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان :-

ئەمەش مەبەستی یارمەتیدانی و هاوکاری کردنە لە نێوان تاکەکانی خێزان بۆ ئەوەی پەیوەندی خێزانی بمێنێتەوە ، وە هەروەها کەسایەتی تاکەکانی خێزان کامل بێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی وهەست و سۆز و جەستەیی و ئەقلی وە ڕێنمایی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ دایك و باوك هەڵدەستن بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ناو خێزان لەڕێگای دانانی پلانێکی لەسەرخۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

بەشی سێیەم

منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت

ئەومنداڵانە کێن کە پێیان ئەڵێن خاوەن پێداویستی تایبەت.

پێ ناسەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت .

جۆرەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت

پوختەیەکی مێژوی دەربارەی بایەخ دان بەپەرەپێدانی و چاودێری کردنی خاوەن پێداویستی تایبەت

قۆناغەکانی مێژوی پەرەپێدانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

1- لەچەرخی کونەوە هەتاکو ساڵی(500) پێش ز.

2-لەچەرخی(500) سالی بێش ز. هەتاکو سەدەی پێنجەمی ز.

3-لەچەرخی ڕاپەرینەوە(سەدەی پێنجەمی تاکوسەرەتای نۆزدەهەمینی ز.

4-لەسەردەی نۆزدەهەمین دا هەتاکو ئێستا.

ئامانجەکانی پەروەدەی خاوەن پێداویستی تایبەتیەکان .

پرۆسەی ڕێنمایی خاوەن پێداویستی تایبەتیەکان .

تیپی ڕێنمایی دەروونی

بەشی سێیەم

ئەومنداڵانە کێن کە پێیان ئەڵێن خاوەن پێداویستی تایبەت :

منـــدالی خـــاوەن پێداویســـتی تایبـــەت Children with Special Needs وشـــەی پێداویســـتی تایبـــەت " الاحتیاجـــات الخاصـــە " Special Needs مانای ئەوەئەگرێتەوە کـە جیاوازێـك و لادانێکـی دیـاری کراوەیـان هەیـە لەگـەڵ منـداڵانی ئاسـاییدا ، Normal Child، لـەباری ئـەقلی وزانسـتی وجەسـتەیی و کۆمەڵایەتی وهەستی وزمانەوانیەوە کە وای لیَ ئەکات پێویستی زۆری هەبێت بـە خزمەت گوزاری کەسانی ترەوە.

ئەومنداڵانە چەند جۆریك ئەگرێتە خۆی وەکـو ....بـەهرەدار و سـەرکەوتوەکان ... یـان ئەوانـەی کـەم وکوریـان هەیـە لـە ئەندامـەکانی لەشـدا (پەککـەوتوی جەستەیی) ....یان لە هەستەکانیاندا وەکو (نـەبینان ..و نەبیسـتان) وئـەم جـورە پەککەوتوانە نەخۆش نین بەڵکو دواکەوتون لە گەشەکردنی یەکێك لە ئەندامـەکانی جەستەیاندا .وبەشێوەیەکی گشتی کار لە گەشەکردنی لایەناکانی پەروەردەو فێربون وراهینانیان ئەکات.

هەروەها منـداڵانی ئـۆتیزم ... ومنداڵـە دواکـەوتوەکان لـە تواناکـانی ژیـری (بیرکـۆلان) ...و شـڵەژانی لایـەنی دەروونـی ورەوشـتیدا،. .هـەموو ئەومنداڵانـە پێویستیان بە ڕێنمایی و مامەڵەو پەروەردەی تایبەت هەیە بەپیَ جۆرەکانیانەوە.

پێناسەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت :

بـریتین لـەو منداڵانـەی کـەوا پێداویسـتی تایبـەتی خۆیانیـان هەیـە جیـاوازە لەپێداویستەکانی کەسانی ئاسایی بە تایبەت لە بواری فێربون وپەروەردەو پرۆگـرام و خزمەت گوزاری وئامێرەوە، و هەریەکێك لەو منداڵانە پێداویستی تایبەتی خۆی

هەیە چونکە جۆرا و جۆرن وەکو:

بلیمەت و بەهرەداران ...پەککەوتوەکان ..بیرکۆڵەکان ..ئۆتیزمەکان کە لەمەو پێش باسمان کرد. بەهرەدارو بلیمەتەکان : بریتین لەو کەسانەی کە رێژەی زیرەکیان لە کەوانەی زەنگۆلێدا لەسەر (120) نمرەیە،وە پێویستیان بە .. رێنمایی.. و مامەڵەو.... پەروەردە و... پرۆگرامی تایبەت هەیە کە جیاوازن لە گەڵ کەسانی ئاساییدا .

بیرکۆڵەکان : بریتین لەو کەسانەی کە رێژەی زیرەکیان لە کەوانەی زەنگۆلێدا لەژێر ناوەندی (70) نمرە کەمترە لادانێکی هەست پێکراوە لەئاستی: (عەقلی...جەستەیی ... هەڵچوونی ...وکۆمەلآیەتی) بەجۆریك کەوا پێوستیان بە پرۆگرامی پەروەردەی تایبەت وەزانیاری وفێربوون وراهینان هەیە .

جۆرەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان

یەکەم-بەهرەداران و سەرکەوتوان ـ الموهوبون والمتفوقون Gifted& Talented

دووەم - پەککەوتوەکان : ئەم جۆرانەی خوارەوە ئەگریتەوە :

1. نەبینان	الاعاقة البصرية	Impairment Visual
2. نابیستان	الاعاقة السمعية	Hearing Impairment
3. جوڵە و جەستەیی	الاعاقة الحركية والجسدية	
4. بیرکۆڵان(پەککەوتوی-عەقلی)	(المتخلفون)	Mental Impairment
5. پەککەوتنی کۆمەلآیەتی	الاعاقة الاجتماعية	Impairment of Social

بریتین لەو تاکانە کەتوانای مامەڵکردنی ئاساییان لەگەڵ ژینگەکەیان نیە، ولایان داوە لە پێوانەو رۆشەنبیری کومەلگاکەیان،وەکو:

أ- سواڵکەرەکان	المتسول	Cadgser
ب- لاسارەکان	الجانحون	Delinquents
ج- تاوانبارەکان	المجرمون	Criminals
سێیەم: - ئۆتیزم	**التوحد**	**Autism**

چوارەم: - شلەژانی پرجووڵەیی

مـنداڵ النشا ط المفرط Hyperkinetis

پێنجەم –ئاستەنگی فێربوون پەروەردەیی

صعوبات التعلم slow learners

شەشەم: شلەژانی هەستی

الاضطرابات الانفعالیة Emotional disturbances

پێ ناسەی ڕێنمایی خاوەن پێداویستی تایبەت

بریتیە لە پەیوەندیەکی هونەری وبزووتنەوەیی بۆ یارمەتی دانی منداڵی خـاوەن (بلیمەت و بەهرەدار .. یان پەککەوتو ...یان بیرکۆل ئـەوجۆرەکانی تریـۆ زاڵبـوون بەسەرتوانا یان ئەو کەموو کوڕیانەی کە تووشی بووە، وهەوڵدان بۆچارەسـەرکردنی هەمو ئەو کێشانەی کە دێتەبەر ڕێی هەتاکو توانای گونجانێ لەگەڵ خـوودی خـۆی وخێزانکەیدا ببێت، وئەمەش بە یارمەتی ڕێنماییکار دەبێـت کەهـەوڵ ئـەدات بـۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی توانا ولێهاتوەکانی.

پوختەیەکی مێژوویی دەربارەی بایەخدان بەپەرەپێدانی وچاودێریکردنی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان

بـە دریـژایی مێـژووی جیـاوازی هـەبووە لەسـەر مامەڵـەکردن لەگـەڵ خـاوەن پێداویستی تایبەتەکان جگە لـە بەهرەمەنـدەکان، هەمیشـە واسـەیر ئـەکران کـە بارێکی زۆر گران وقورسن لەسـەر بـواری ئـابوری وکومەڵایەتیـەوە، هەرلەکۆنـەوە بڕوایان وابو کە ئەمانە دەرئەنجامی کاری پیسو چەپەڵی شەیتانن یان جنۆکە چوەتە ناوگیانیەوە

قۆناغەکانی مێژووی پەرەپێدان بە خاوەن پێداویستە تایبەتمەندیەکان:

1- لەچەرخی کۆنەوە هەتاکو ساڵی(500) پێش ز .

لەسەردەمەمێژوە کۆنەکاندا :

لەو زەمانەدا زۆر بەچاوێکی ڕەشبینیەوە سەیری ئەو مندالآنە ئەکرا وایان ئەزانی کە ئەمانەدەرئەنجامی ڕوحی شەیتانن (خێویکە) وکاری خراپ و سحر و جادوون، یان تورەبوونی خواکەیانەوەیە ڕاستەوخۆ هەلّدەستان بە کوشتنی ئەو مندالآنەی کەوا پەککەوتوی جەستەییان هەیە لە دوای لە دایك بوونیان، ئەو مندالآنەش کەلە دواتر پەکیان ئەکەوت لە کۆمەلّگا دور ئەخرانەوە و لە ناو شوێنی چۆلّدا بەجێیان ئەهێشتن هەتاکو مردن . (ملحم:2009)

2- لە چەرخی (500) سالی بێش ز. هەتاکو سەر دەمی پێنجەمینی ز.

لەو سەردەمانەدا کۆمەلّگا هەندێ بایەخی بە مندالآنی پەککەوتو دا بەلآم بە شێوەیەکی زۆر سنوردار، وئەمەش بەهۆی هەلّکەوتنی چەند فەیلەسوفیکەوە بو وەکو (هیپۆقراتHippocrate) هەر لەو باریەوە ئەلّیت :

سوێندی هیپۆکرات : لە بیری ئەکەم کە پزیشکی زانست و هونەرە : لەوانەیە ـ گەرم و گوڕی ـ ونەرمی ـ وتێگەیشتن ـ سوودیان زۆر تر بێت لە چەقۆی نەشتەگەری یان داو دەرمانی دەرمان ساز .

قسم هیبو قراط : سوف أتذكر أن الطب علم وفن - وأن الدفء واللين والتفهم يمكن أن يكونوا أكثر فائدة من مشرط الجراح اودواء الصيدلي .

Hippocratic Oath : I will remember that there is art to medicine as well as science, and that warmth, sympathy, and understanding may outweigh the .surgeon's knife or the chemist's drug

بەلّام لە هەمان کاتدا کوشتنی مندالّی پەککەوتو هەر بەردەوام بو وفڕیان ئەدایە ناو ڕوبارو چەمەکاندا هەتاکو ئەخنکان یان لەسەر شاخ وکۆە دایان ئەنان تا ئەمردن)، هەر لەو سەردەمەدا یاسایش ڕێ ئەدا بە هەر باوکێ کەوامندالّی پەککەوتوی هەبێ بیکوژێت، چونکە لایان وابوو کە ئەو مندالآنە هیچ کەلّکیان نیە وە بارێکی زۆرقورس و گرانن بەسەرشانیانەوە، و لە هەمان کاتیشا

کۆمــەڵگایش بــە جــاوێکی دور لــە مرۆڤایــەتی ســەیری تاکــە بەسالاچــوەکان و پەککەوتوەکانیان ئەکرد،بۆ نمونە حکومــداری ڕۆمــا(کومــودوس Commodus) کەوا ئەو کەسانەی کە پەگگەوتو وکەم ئەندامن بەکاری ئەهێنان بۆ نیشانە گــرتن لەکاتی ڕاهێنان و مەشق کردن بە تیر، هەروەها هەنــدێ لــە پێــاوە دەولەمەنــدە ڕۆمانیەکان لە کاتی کۆبونەوەیان بۆ گالتە وگــەپ هەلدەســتان بــە هێنــانی چــەند کەسێك لە بیرکۆلەکان بۆ گالتە وپێ کەنین ورابــواردن ســوکایەتی پــێ کردنیــان . (نصرالله :2002)

بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ لە پزیشکە یونانیەکان هەنگاوی باشــیان دانــا بــۆ چارە سەرکردنی پەککەوتوەکان وایان بەباش ئەزانی کەپێویستیان بــە ژینگەیــەکی هێمن و ئارامی هەیە دور لە قەڵبالغی ونائاساییەوە، و لە هەمان کاتدا هەنــدێکتر لەو پزیشکانە وایان بەباش ئەزانی کە جارەسەریان ئەوەیە کەوا...بەبرســیەتی .... وسەرتاشین ....ولێدان ....کوشتن....بێت .

3- لەچەرخی ڕاپەڕینەوە(سەردەمی پێنجەمین تاکوسەرەتای نۆزدەهەمینی ز.

لەم چەرخەدا پزیشك و فەیلەسوفەکان هەڵسان بە جیاکردنەوەی کاری پزیشــکی لە ئاینەوە کە بەلای چەند فەیلەسوفێکەوە بــو وەك(جــان لــوك-J. Lock) و (ژان ژاك ڕۆسۆ-J.J. Rousseau)،) وایکرد کە پزیشکەکان بگــەڕێن بــە شــێوەیەکی زانستی بۆ هۆکاری توش بوون بە پەککەوتن، و بۆیان دەرکەوت کە شلە ژانێــك لــە شلەکانی لە ناو جەستەی ئەو تاکانەوە دروست بــووە وبــوە بــەهۆی پەککــەوتنیان، لێردا دەستیان کرد بە هەوڵ وتێکۆشان بۆ چارەسەرکردنیان . (الوزانە:2005)

لە دەرئەنجامی ئەو بانگەوازیەدا سالی(1837) زانا سجوین هەڵسا بە دروســت کردنی یەکەم قوتابخانە بۆ فێرکردنی منداڵە بیرکۆلــەکان لــە فەرەنســا، و لەســالی (1912) لە ئیتالیا زانا (ماریا منتسوری (Maria Montessori) بــڕوای وابــو کــە ژینگە کاریگەرێکی زۆری هەیە بۆگەشەکردنی منداڵ، ودەستی کرد بە دابین کردنی پرۆگرامێکی تایبەت بۆ ڕێگە وانەوتنەوەو فێرکردنــی منداڵــە بیرکۆلــەکان، و ئــەم پرۆگرامە بریتیە لە فێرکردنی ئەو منداڵانە بە شێوەیەکی زۆر گونجــاو وهاوڕێــژەیی

بەپێی توانا ئەقلیکانیانەوە، بەمەرجێك فێرکردن ..هەنگاو بە.. هەنگاو بێت لە شتی ئاسانەکانەوە بۆ شتە قورس و گرانەکان، ئەو رێگای وانەوتنەوە هەتاکو ئێستاش بەکار دێت .

4- لەسەردەمی نۆزدەهەمین دا هەتاکو ئێستا :

لەو سەردەمەدا گرنگیەکی زۆر درا بە راهێنان وپەروەردە کردنی تایبەت بۆ هەموو ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، وئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ دەرچوونی چەند یاسایەکی میری کەمافی ئەو گروپانەی تیادا ئەپارێزێت و کاریگەرێکی گەورەی هەبو بۆدروست بوونی چەند رێکخراو سەندیکایەك .

هەروەها لە سەرەتای ساڵی(1960) ز . لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەست کرا بە گرنگ پێدان بە پرۆگرامی پەروەردەی خاوەن پێداویستەکان،کەهەوڵ درا بۆ دروستکردنی چەند پەیمانگا وسەنتەر وناوەندێك کە زیاتر لە چوار ملیون منداڵی لە خۆی گرتبو، هەر لەو کاتەوە هەتاکو ئێستا لە هەموو ولاتانی جیهان گرنگ پێدان بەو منداڵە پەککەوتوانە بەر دەوامە بەلام زۆربەی ئەو ناوەند و سەنتەرانە گرنگی ئەدەن بە دابین کردنی پێداویستە گرنگەکانیان و توانا و بەهرەکانیان لە پشتگوێ خستوە .

ئامانجەکانی پەروەدەی تایبەت :

1- ناسینی ئەو منداڵە پەککەوتوانە بە ئامرازەکانی پێوان و جیاکردنەوەی هەموو جۆرەکانیان

2- دانانی رێگەکانی وانە وتنەوە بۆ هەموو جۆرەکانی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان وجێبەجێ کردنی ئامانجی پرۆگرامی پەروەردە .

3-دانانی پرۆگرامی فێرکردن و تەکنەلۆژیایی تایبەت بۆ هەموو جۆرەکانی پەروەدەی تایبەت وەکو نەبینان وبیرکۆلان ونابیستان ...هتد

4- دانانی پرۆگرامی خۆ پاراستنی منداڵان لە توشبوون بە پەککەوتن، و کار کردن بۆ کەم کردنەوەی رووداوی پەککەوتن لە رێگەی پرۆگرامی تایبەتەوە

پرۆسەی ڕێنمایی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان

پرۆسەی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان پێك دێت لەم خاڵانەی خوارەوە :-

1. گەڕاندن بەشوێنیاندا بەزووترین کات تاوەکو بتوانێت بە زووی چارەسەر بکرێن .
2. چاودێری پزیشکی ودیاری کردن و چارەسەرکردنیان بە پێی جۆرەکانیان
3. دۆزینەوەی ئەو منداڵانە کە بەهرەدار وبەتوانان
4. ڕێنمایی بەروەردە وفێرکردنیان بەپێی جۆرەکانیان
5. ڕێنمایی کردنیان بۆئەوەی بتوانن بەئاسای لەژیانیاندا بگونجێن .
6. یارمەتیدانیان بۆ ڕاهاتنیان لەگەڵ ئەو جۆرە پەککەوتنەی پێوەدەناڵێن و بەرنگاربونەوەی ئەو کێشانەی کە توشی بوون .

تیپی ڕێنمایی دەروونی

تیپی ڕێنمایی دەروونی پێکدێت لە چەند کەسانی پسپۆر هەموویان پێکەوە ئیش دەکەن ویارمەتیداری یەکترن بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی ڕێنمایی دەروونی هەتاکو بتوانن جاو دێری ئەومنداڵانە وخیزانەکانیان بکەن، و ئەو تیپە لەم تاکانەی خوارەوە پێك دێت :

1 - ڕێنمایکاری دەروونی — المرشد النفسي — Counseler

2- پزیشکی پسپۆری منداڵ — اختصاصي طب الاطفال — Pediatrician

4- توێژەری کۆمەڵایەتی — الاختصاصی الاجتماعی — Social worker

5- پەرەستار — الممرضة — Nurses

6- پسپۆری چارەسەری سروشتی — اختصاصي العلاج الطبيعي — Therapy Physical

7ـ پسپۆری چارەسەری ئیش — اختصاصی العلاج الم — Occupational Therapist

8- مامۆستای خاوەن پێداویستە تایبەتمەندەکان — Special Educator

بەشی چوارەم

بەهرە داران وسەرکەوتوەکان

Gifted and Talented

- بــەباخ دانــی میــژوی پەرەپێــدانی وچــاودێریکردنی بــەهرەداران سەرکەوەتوەکان
- ئەو کەسانە کێن کە پێیان دەڵێن بەهرەدار وسەرکەوەتوەکان؟
- خەسڵەتەکانی بەهرەداران وسەرکەوتوان
- پۆلینکردنی بەهرەدار وسەرکەوتوەکان
- کاریگەری بۆ ماوەیی و ژینگەیی لەسەر بەهرەمەندی
- جۆرەکانی بەهرەداران
- دابەشکردنی ڕێژەی زیرەکی بەپێی پێوانەی بینیە-ووکسلر
- تایبەتمەندی بەهرەداران و بەهرەدارە سەرکەوتوەکان

1. تایبەتمەندیی جەستەییەکان
2. تایبەتمەندییە ئەقلیەیەکان
3. تایبەتمەندی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی
4. تایبەتمەندی زانیاری وفێربون

جۆرەکانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ قوتابیانی بەهرەداران

کێشە وگیروگرفتی بەهرەدار وسەرکەوتوەکان

ئامانجەکانی ڕینمایی بەهرەدار و سەرکەوتووەکان

ڕۆڵی ڕێنماییکار بۆ منداڵانی بەهرەدار

بەشی چوارەم:

بەهرە دارو وسەرکەوتووەکان Gifted and Talented

بایەخ پێدانی مێژوی پەرەپێدانی وچاودێریکردنی بەهرەدارو سەرکەوتووەکان:

توێــژەرە و ڕۆشــەنبیرەکان جیــاوازی دەبیــنن لەهەوڵــدانێکی بــەردەوام و بیرکردنەوەیەکی پێشکەوتو وتوانای بەرز لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی وچاودێریکردنی بەهرەدارە سەرکەوتوەکان، بۆنموونە هەرلەســەرەتاوە کــە مــرۆڤ لەئەشــکەوتەکاندا ژیاوە ئەگەر هاتووئەو مرۆڤە توانایەکی ئەقڵی بەرزی هەبوایە وکەسێکی بــەهرەدار بوایە ئەوائەیتوانی لەڕێگای ڕاوکردنەوە ببێتە ڕاوچییەکی باش، لــەووڵاتی چــین لــە پێنج هــەزار ســاڵ لەمــەو پــێش بەرنامــەیکی تایبــەتیان هــەبوو بــۆ هەڵبــژاردنی فەرمانبەری زیــرەك و بــەتوانا ولێهاتوەکــان، ئیمپراتــۆر خــۆی گرینگــی بــەوجۆرە کەسانە داوە وخوێندنی بی بەرامبەری بۆدابین کردوون ، وپێیان وابوو ئەوانــە گــران بەهان پێویســتە چــاودێری بکــرێن، ولــەپاش دوو هــەزار ســاڵ (ئیفلاتــون (Plato)گرنگی دا بە جیــاوازی تاکــەکان لــە توانــای ئــەقڵی و کەســایەتییەوە،و پــۆلینی تیۆرێەکەی لەسەر تاکەکان لە جۆری کارکردنیان دابەش کرد بە سەر سێ جۆردا بەم شێوەی خوارەوە بو :-

1. هەندێ تاك هەیە کە کانزاکەیان ئاڵتونە (زێرە) gold
2. هەندێ تاك هەیە کە کانزاکەیان زیوە silver
3. هەندێ تاك هەیە کە کانزاکەیان لە مسە یان لە پۆڵایەCopper or steel

هەر وەها ئیفلاتون (Plato)جەختی لە سەرئەوە کرد کــە ئــەو کەســانەی کــە کانزاکانیان ئاڵتونە نمرەی زیرەکیــان زۆر تــرە وە ئەمــەش دادوەرەکــان ئەگرێتــەوە، وەیاریدەدەرەکانیان نمرەکەیان زیوە، و وەستا و پیشە سازەکان لە مس یان لــە پــۆلان،

ئەو منداڵانە کە لە دایك ئەبون ڕاستەوخۆ دەستنیشانیان بۆ ئەکردن بۆ زانینی کانزاکانیان، ئەوانی کە کانزاکەیان ئالتون بوایە بێ گوێ پێدان لە کانزای باوکەکانیان هەژمارەی ئەکردن بۆ ئەوەی ببن بە دادوەر بۆ پاراستنی کۆمارەکەی . (Adamson&Verman1997)

وهەر وەها تیورەکەی ئیفلاتون بۆ ئەومنداڵانەی لەڕووی زمانەوانیەوە کەسایەتیەکی باشیان هەبووە لەوکاتەدا زوو هەڵ ئەبیژران ویابەتی تایبەتیان پێ ئەوتن لەڕووی زانست و فەلسەفە وفیزیاوە .

لە ساڵی1892) زانا جالتۆن (Galton) پەرتوکێکی بڵاو کردەوە بەناونیشان بلیمەت وبۆماوەیی (Hereditary Genius) و ناسنامەی دانا بۆ بلیمەتەکان،بەڵام ناسنامەکەی زۆر خسڵەتی بلیمەتەکانی لە خۆی نەگرتبو، ووای دەرخست کە بلیمەتی تایبەتمەندێکی بۆماوەییە و ژینگە هیچ کاریگەرێیە کی نیە لە سەری .

بەڵام بایاخ و گرنگ و پەرە پێدان بە فێرکردنی بەهرەداران لەو کاتەدا دەستی پێکرد کە زانا تیرمان(1877-1956) Tearman)،، بیرۆکەی تەمەنی ئەقلی ڕونکردوە کە بە مانای گەشەی زیرەکی ئەقلی دێت، وپێوەری (ستانفورـ بینیە) بەکارهێناوە بۆی دەرکەوت کە سەرکەوتو وبەهرەدارەکان ئەو کەسانەن کە نمرەی زیرەکیان لە 135٪ نمرە کەمتر نەبێت بەپێی ئەو پێوەرە، وئەوانەش 20٪کۆمەڵگا ئەگرێتەوە، و وای بۆ دەرکەوت کە منداڵە بەهرەدارەکان ڕاهاتنی بەسۆزیان زۆرترە لەو منداڵانە کە توانایان ناوندییە، وجەختی لە ڕێنمایی دایکان وباوکانی منداڵە بەهرەدارەکان کرد بۆ ئەوەی زیاتر لە توانا و پێداویستی منالەکانیان تێبگەن (Lefe&Darman;1999).

لە ساڵی(1904) وەزیری خوێندنی گشتی فەرنسە داوای لە زانا (الفرید بینیە) (Alfred Binet))کرد کە ناسراوە بە باوکی ڕوحی تاقیکردنەوەی زیرەکی(I.Q) بۆ ئەوەی پێوەریك دابنێت بۆ ئەومنداڵانەی کەوا ڕێژەی فێربونیان کەمە Slow learning وجیایان بکاتەوە لەگەل منداڵە ئاساییەکان .

لە سالی (1905 بینێەBinet لەگەڵ سیمون (SIMON) یەکەم تاقیکردنەوەی زیرەکیان دانا و ناسراوە بە تاقیکردنەوەی بینیە و لە سالی 1911 بینیە بە دواداچونێکی بۆ ئەو تاقیکردنەوە کرد، و وەرگێڕا بۆ زمانی ئینگلیزی و دابەش کرا بەسەر زۆربەی ولاتاندا .

بەڵام لەو سەردەمەدا لە زۆربەی ولاّتاندا هەولێکی زۆر باش درا بۆ ئەو بەهرەدارو سەرکەوتوانە کە چەند سەنتەرو پەیمانگا و خۆێندنگە ومامۆستای تایبەت هەبی و هەموو جۆرە خزمەت گوزارێك و ئاسانکارییان بۆ ئەکرێت لە هەموو بوارەکانی ژیانەوە، وە چەند پێوەرێکی تر دانرا بۆ زانینی بیرکردنەوەی داهێنەر کە چەند زانایەك هەڵسان بەوکارە وەکو : (جیلفۆرد-ومیرفیك 1960) و(تورانس-مینوایل1962) و(میتزلبی جاکسون1962) ، چونکە کەسانی بەهرەدار ولیهاتو مایە و سەروەتی مرۆڤایەتین ئەتوانن بەرەنگاری هەموو جۆرە کێشمە کێشیمو وململانەێیەك بن، وهەر ئەوانیشن ڕەورەوەی مێژوو پاڵ پێوە ئەنێن بۆ بەرەو پێشەوە، وهەر لەوانیشەوەیە کە زاناو بیرمەدان وسیاسەتمدارەکان وسەرۆکەکان وداهینەرەکان دەرکەوتن کە بوون بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی .

بەڵام بەداخەوە لە وولاتی ئیمە هیچ ئەو هەوڵ و ئامادە باشیەکیان بۆنەکراوە تەنها چەند قوتابخانەێەك نەبێت زۆربەیان قوتابخانەی تایبەتن کە هەموو منداڵیك تواناى خۆێندنی لەو قوتابخانانە نیە.

توێژەر و ڕۆشنبیرەکان وای دەرئەخەن کە خزمتگوزاری و گرنگی پێدان بە منداڵی بەهرەدار زۆر کەمە، ئەمەش بوە بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو منداڵانە لە قوتابخانە دابراون، یان هەندێکیان نمرەکانیان لاوازە ..وهەندیکی تریان هەست دەکەن بەگۆشەگیری..هەست کردن بە... بەبێزاری لەقوتابخانە... و تووشی خەمۆکی یان چەند نەخۆشیەکی تر ئەبن کە دەبیتە هۆی توشبوون بەفشاری دەروونی (strees) و هەستی و کۆمەلاّیەتی وئەکادیمی تووش ئەبن.

هەروەها ژینگەی قوتابخانەکانیش کاریگەرێەکی زۆریان هەیە بۆ وازلێ هێنـانی هەندێ لەو قوتابیانە، چونکە ڕێژەیێکی زۆریان لە قوتابخانــە ئاسـایەکانا دەخـوێنن بەرەنگاری مامۆستای بێتوانا و کەموو کوڕی قوتابخانە و پەسەندنەکردنی وڕەخنەی قوتابیەکانی تر ئەبنەوە .

بە هۆی نەبونی پرۆگرامی تایبەت ومامۆستای لێهاتوو و جۆری ڕێگەکانی وانە وتنەوەی تایبەت کە بگونجێت لەگەڵ گەشە کردنی ئەقڵی منداڵی بـەهرەدار، و زۆر لە تویژینەوەکان دەریان خستوە کە (50٪) کاتی قوتابخانەکان بە فـیڕۆ و بێکـەڵك ئەچێتە سەر لەگەڵ ئەوقوتابیانەی کە ڕێژەی زیرەکیان لە 2٪ زیاترە.

ئەو منداڵانە کێن کە پێیان دەڵێن بەهرەدار وسەرکەوتو؟

منداڵی بەهرەدار ئەو منداڵەیە کە خاوەنی زیرەکیەکی زۆرەوە ڕێژەی زیرەکیـان لە کەوانەی زەنگۆڵێدا لەسەر (120)نمرەیە، وئەکەونە سەر بـەرزترین پایـەی هـەرە زیرەکەکان کە ڕێژەیان (2٪) لەناو کۆمەڵگادا، یان ئەومنداڵەیـە کـە بەهرەیـەکی زۆر دیاری کراوی هەیە لەهەر بوارێکدا بێت .

ناساندنی ویپی 1972 لەگەڵ پەروەردەیی ئەمریکی :.

شەش پۆلینکردنیان دیاری کرد بۆ سـەرکەوتووان و بـەهرەداران ، کـە لەوانەیـە سـودی هـەبێ بـۆ ئامادەباشـی پـەروەردەیی هـەروەها سـودی بـۆ مامۆسـتایانی سەرکەوتوان، و ئەو پەروەردەیە هەموو جۆرەکانی لای خوارەوە دەگرێتەوە وەکو:

- سەرکەوتوو لە بواری توانای ئەقلی بەگشتی (زیرەکی گشتی) .
- سەرکەوتوو لە بواری بیرکردنەوە و داهێنان و بەرهەم هێنان .
- سەرکەوتوو لە بواری بەرێوبردن و سەرکردایەتی کردن .
- سەرکەوتوو لە بواری هونەری بینین و پیکهێنان .
- سەرکەوتوو لە بواری توانای جوڵە کردن .

ناساندنی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ فێرکردنی بەهرەداران 2013:

بەهرەداران توانای زۆریان هەیە لەم بوارانــەوە : (توانــای ئــەقڵی - کــارایی - ئەکادیمی – داهێنا– سەرکردەیی – هونەری – کارایی لە بوارەکانی جیاجیاوە) .

کەواتە منداڵی بەهرەدار :

ئەو منداڵانەن کە تواناکانیان دەرئەبڕن بەشێوەیەکی توند لەهەر بوارێك لە بوارەکانی (زانیاری وجوڵەییدا، وەکو زوو فێربون وداهێنان و بیرکردنەوە لە زۆر بواری ترەوە) وەکو : -

هونەرو.... میوزیك... و وێنە کیشان و... وەرزش و... هتد .

خەسلەتەکانی بەهرەداران وسەرکەوتوان

1. حەزێکی زۆریان هەیە بۆ بەدوا گەران .
2. ئامانجی بۆ خۆی داناوە وە هەوڵ ئەدات بۆئەوەی بهێنیتەدی.
3. لە هەندێك بابەت زۆر بە توانان .
4. زۆر بایەخ ئەدەن بە کات.
5. کەسایەتی خۆیان باش ئەناسن.
6. لە تەمەنی خۆیاندا گەورەتر دیارن .
7. توانای زۆر تێبینی کردنیــان هەیــە و هەســت بــە نــاوەڕۆکی شــتەکان دەکەن.
8. کارەکانیان بە تەنها و خێرا و زۆر بەباشی تەواو دەکەن.
9. کەسانێکن بە ئارامگری ولەسەرخۆو ئەناسرێن.
10. ئارەزویان زۆرە بۆ سەرکەوتن وپلەی نایاب لە خوێندندا
11. توانای زۆریان هەیە لە ڕەخنە گرتن وگفتو گۆی بابەتەکان .

پۆلینکردنی بەهرەدارو وسەرکەوتوان

أ- پۆلینکردنی ستانفورد بینێە Stanford Benet

1-ئاستی نایابەکان :

ئەوجۆرە کەسانە ئەگرێتەوە کە ڕێژەی زیرەکیان لە نیـوان (120-125) بۆ (135- 140) نمریە .

2-ئاستی سەرکەوتوەکان:

ئەوجورە کەسانە ئەگرێتەوە کە ڕێژەی زیرەکیان لـە(135 یـان140)بـۆ-(170) نمریە .

3- ئاستی زۆر سەرکەوتوەکان(بلیمەتەکان GENIUS)

ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە ئاستی زیرەکیان (170) نمرە وبەرەو ژوورترە.

پۆلێنکردنی کرونشانك Kronshank:

1- زیرەکە سەرکەوتوەکان : ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کـە ڕێـژەی زیرەکیـان لـەناو کۆمەڵگادا (5%- 10%)

2- بلیمەتەکان : ئەوکەسانە ئەگرێتــەوە کـە ڕیــژەی زیرەکیـان (135 – 140) هەتاکو(0 17) وە ئەمانەش پێکدێن (1%-3%) لەناو کۆمەڵگادا .

3-بلیمەتــە زۆر بــەهرەدارەکان: ئەوکەســانە ئەگرێتــەوە کــە ڕێــژەی زیرەکیــان (170%) و ئەمانــەش پێکــدێن 0.00001% لــەناو کۆمــەڵگادا . بــەمانای یەکێك لەناو سەد هەزار کەسدا ڕێژەکەیان زۆر کەمە .(جروان:2001)

دابەشکردنی ڕێژەی زیرەکی بەپێ پێوانەی بینیە-ووکسلر(نەخشەی 1)

جــۆرەکان	نمرەی زیرەکی
دواکەوتنی ئەقلی زۆربەهێز	24 - بەرەو وخوار
دواکەوتنی ئەقلی بەهێز	25 -39
دواکەوتنی ئەقلی ناوەندی	40 -54
دواکەوتنی ئەقلی ئاسایی	55 -69
گێل	80 -70
ئاستەنگی فێربوون	90 -8
ئاسایی-زیرەکی ناوەندی	110-90
سەرکەوتو	120 -110
زۆر سەرکەوتو	130-120
130 وزیاتر	بلیمەت

(سعيد:1995)



هێلکاری ژمارە (ا) دابەش کردنی ئاستی پلەکانی زیرەکی دەرئەخات

کاریگەری بۆ ماوەیی و ژینگە لەسەر بەهرەمەندان :

هەندێ لە زاناکان جەخت دەکەن کەوا بەهرەمەندی ماوەییە و دیاری کراوە (هۆکاری جیناتەکانە لە باوانەوە بۆنەوەکانیان دەگوازرێتەوە).

بەلام زاناکانی قوتابخانەی ڕەفتاریەکان وە کو (جۆن واتسون John Watson) جەخەت لەسەرئەوە ئەکات کەژینگە بەرگری و کاریگەرێیکی زۆری هەیە لەسەر نەهێشتنی توانستی زیرەکی، وهەر ژینگەیشە توانای گۆڕینی زیرەکی وبەهرەداری ئەکات .

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە لە کاتێکدا منداڵ لە دایك دەبێت ئامادەی زکماکی هەیە بۆ بەهرەمەندی، بەلاّم دەبێت پەرەی پێدرێت و ژینگەکی چاك وخۆشگوزاری بۆدابین بکرێت هەتاکو ئەو بەهرەمەندیەی بەباشی پەرەی پێدرێت.

جۆرەکانی بەهرەداران :

بەهرەداران دوو بەشن :

یەکەم : بەهرەداری گشتی :

ئەم جۆرە بەهرەداریە خۆی ئەگرێتە باری زیرەکی گشتی، وەزیرەکیش دەبێتە پێوانەی گرنگی بەهرەداری :هەر وەکو :بەهرەداری ئەکادیمی وخوێندن....

دووەم : بەهرەداری تایبەتمەندی :

ئەم جۆرە بەهرە دارانە لەکارێکی دیاری کراوا دەرئەکەوێت کە توانای ئیش وکارو بەرهەمنیانیان بە پلەیکی زۆر بەرز هەیە وەکو :

1_ زیرەکی زمانەوانی : (Verbal\ Linguistic Intelligence

ئەم زیرەکیە پەیوەندی هەیە بە زمان و خوێندنەوە هەیە و ئەو پرۆگرامە وردەیە کە لە سیستەمی پەروەردەدایە، و ئەم زیرەکیە لە زۆربەی ئەکتەرەکان و ڕۆژنامەنوسەکاندا هەیە .

2_ زیرەکی ژمێریاری : (Logic \ Mathematical Intelligence

یەکێك لە سیفاتەکانیان ئەوەیە کە بە بیرکردنەوەی زانستییەوە مامەڵەدەکات لەگەڵ بیرکردنەوەی بەرهەم ....و ئامادەکردن.... و ناسینی چەمکە سروشتیەکان ...و ئەم زیرەکیە لە لایان ...ژمێریاران... و پارێزەران.... و ئەوانەی کە لەکۆمپیوتەر زیرەکن .

3-زیرەکی بۆشایی بینین :. (Visual \ Spatial Intelligence

ئەم زیرەکیە لە هەستەوەری بینین دایە و توانای لەسەر خەیاڵ دروست کردن هەیە کە توانای دروستکردنی وێنەی خەیاڵی لە ناو ئەقڵیدا هەیە، و ئەم زیرەکیە زۆربەی جار لە کاتی وێنە کێشان بە دیار دەکەویت، وەکو ... ئەندازیاران ...و میکانیکی.... هونەر ...شێوەکاری....ئەگرێتەوە .

تەمەنی ئەو منداڵە سێ ساڵ کەمترە

4-زیرەکی هەست بەجوڵەیی:(Body/ Kinesthetic Intelligence)

ئەمەش لایەنی جوڵەیی دەگرێتەوە کە تاك چەند توانای نایاب و باشی هەبێ لە ڕووی جوڵــە کــردن ئــەم زیرەکییــە لــەلای (وەرزش وانــان ـ داهێنــەران ـ میکانیکیەکانە) .

5-زیرەکی میوزیك ژەن : (Musical/ Rhythmic intelligence)

ئەم زیرەکیە بەوە ناسراوە کە کەسەکان توانای جیاوازیان هەیە لە جیاکردنەوەی دەنگی میوزیکی هەروەها ئەو دەنگەکانی کە لە ژینگەوە دێــن ، و ئــەم زیرەکیــە لەلای میوزك ژەنەکان... و دروست کەری ڕیکلامەکاندا هەیە .

6-زیرەکی تاکی و کۆمەڵایەتی :.Interpersonal intelligence)

ئەم زیرەکیە بــە دی دەکرێــت لــە ئــەنجامی دروســت کردنــی پەیوەندییــەکان و یارمەتی دانی کۆمەڵایەتی لە نیوان خەڵکەکان ئەم زیرەکیە بەدی دەکرێت لەلایــەن ....مامۆستاوکەسانی سیاسەت بازی ...و زانایان ...و پیاوە ئاینیەکان

7- زیرەکی تاکی خودی

ئەم زیرەکیە دەبەسترێتەوە بە دروست کردنی نمونەیەکی ڕاست و هۆشیار لەسەر خودی خۆی وەك زانینی بیرکردنەوەی ڕاست لەسەر خودی خــۆی و ئــەم توانایــە بــە کاریێنی لەسەر ژیانی خۆی دەبێت و ئەم زیرەکییە لەلایــەن پزیشــکانی دەروونــی و ڕێنماییکاران و توێژەرانی کۆمەڵایــەتی و ڕاهێنــەرەکان و ئــەو کەســانەی کــە نــە خشەکان دائەنێن.

تایبەتمەندی بەهرەداران و بەهرەدارە سەرکەوتووەکان

1-تایبەتمەندی جەستەیی

زانیارە زاناکان و جیاوازەکان وا دەرئەخەن کەمنداڵە سەرکەوتوەکان خاوەنی ... گەشــەی جەســتەیان زۆرتــرە لــە منداڵــە ئاســاییەکان .... وباڵایــان بــەرزترە ... وکێشیان زۆرترە ....وزوو گەشە دەکــەن لــەپێش منالــە ئاســایەکانەوە، هــەروەها لایەنی ... تەندروستی ....وجوڵەیی .... وبینیان زۆر باشــترە، و کــەمتر نــەخۆش

ئەکەون، و بەشێوەیەکی گشتی خەسڵەتەکانی خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە بەم جـۆرەی خوارەوەیە:

1. تەندروستییان زۆرباشە وەگێشیان لە سەرمامناوندیە
2. ئەو منداڵانە کاتی لەدایك بوونیان کێشان زیاترە .
3. زوو فێری پاکو خاوێنی ئەبن
4. ئەو منداڵانە زۆر وریا و وشیارن
5. هەروەها لە منداڵی ئاسایی بەهێز ترن
6. توانا جوڵەیەکانیان زۆرە
7. بەکەمی توشی گوێ ئێشە وتەنگە نەفەسی ئەبن .

2- تایبەتمەندیە ئەقڵییەکان

زاناکـــان وای بۆئەچـــن کـــەوا منداڵـــە ســـەرکەوتوەکان گەشـــەیان باشـــترە لـــە منداڵەکانی تر لەهەموو بوارێکدا، بەتایبەت لەم خاڵانەی خوارەوە :

1. زوو پێ ئەگرن وە سەرپێ ئەکەون .
2. زۆر زوو زمانیان ئەکرێتەوە وە زوو فێری قسە کردن و نوسین ئەبن .
3. رێژە و پلەی نمرەکانیات بەرزترە لە منداڵە ئاسایەکان .
4. ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێت زوو وەڵامی پرسیارەکان ئەدەنەوە .
5. چالاکیەکانی فراوانە وهەمەجۆرە،وئاست وخوازیان زۆرە .
6. پێشکەوتنی ئەقڵیان زیاترە .
7. دەیانەوێ زیاتر شت بزانن دەربارەی دەوروبەریان .
8. زۆر پرسیار دەکەن دەربارەی قۆناغەکانی ژیانیان .
9. زیاتر توانای خۆیندنەوەیان هەیە.
10. توانای زۆریان هەیە لە رەخنە گرتن وگفتوگۆکردن .
11. حەزێکی زۆریان هەیە بۆ بەدواداگەڕان بە دوای زانیارییەکان
12. سەرکەوتوون لە بواری بەرێوەبردن و سەرکردایەتی کردن

13. زیاتر بەشداری دەکەن لە چالاکیەکانی خوێندنی ڕۆژانە لە ناو پۆلدا

ئەم خالانە پێویست نیە لەسەر هەموو بەهرەدارێك پەیرەو بکرێ، پێویستە ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی بکرێن .

3- تایبەتمەندی هەڵچوونی و کۆمەلایەتی :

هەندێ توێژەرەکان وایان دەرخستوە کە منداڵانی بەهرەدار زیاتر داخراون وکەمتر بەشداری دەکەن لەچالاکی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەندێ توێژینەوە دەڵێن کە بەهرەداران هەندێ تایبەتمەندی گۆراوییان هەیە وەکوە:

1. بەهرەداران زیاتر کراوەن.
2. زیاتر ڕەخنە لە دەوروبەریان دەگرن.
3. زیاتر جێگیرن لەلایەنی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی.
4. زیاتر پەیرەوی یاسا دەکەن و کارەکانیان جێبەجی دەکەن.
5. زیاتر هەستیارن و هەست بە کەسانی تر دەکەن هەروەها هەست بە خۆشی ژیان دەکەن.
6. لای خەڵك خۆشەویستن.
7. زۆر هەستیارن هەندێکیان هەڵ ئەستن بەسەر پەریشتیاری جالاکیەکانی کۆمەڵەکەی .
8. هەمیشە پەیوەندی بەهێز لەگەڵ منداڵانی گەورەتر لەخۆیان دەبەستن.
9. ڕێز لە ڕای برادەرەکانی ومامۆستاکانی ئەگرێت.
10. -حەز ناکەن کە کەس دەستکاری ئیشەکەیان بکات .

4- تایبەتمەندی زانیاری وفێربون

منداڵی بەهرەمەدەکان تایبەتیان هەیە بە ڕەفتاری زانیاری کە لە قۆناغێکی گەشە کردنیانەوە زوو پێانەوە دەرئەکەویت، وچۆنیەتی پەرەوەردە کردنیان وبارودۆخی دەورو پشتیان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ ئەبینن بۆ بەردەوام بوونی

بەهرەکەیان، وگرنگترین تایبەتمەندی زانیاری وفێربون لای بەهرەداران ئـەم خاڵانـەی خوارەوەن :-

یەکەم : ڕێکخستنی هێمایی بیرۆکە موجەرەدەکان :

ئەو بەهرەمەندانە توانایەکی توندرەو دەرئەخەن لەفێر بوونی زمـان وبیرکـاری و لە قۆناغیکی زۆر زوو لـە تەمەنیانـدا، و دایـك و بـاوك و مامۆسـتایەکانیان زوو هەستیان پێدەکەن .

دووەم : زانیاریخوازی :

ئەو منداڵانە هەر لە تەمـەنێکی زووەوە ئارەزویـان هەیـە کـەوا لـە جیهـان تێبگەن لە ڕێگەی تێبینەکانیانەوە وپرسیار کردنیانەوە کەپرسـیارەکانیان زۆر وردە ناگونجێت لەگەڵ ئاستی تەمەنیانەوە .

سێیەم : سەربەخۆیی :

تاکی بەهرەدار وسەرکەوتو ئارەزوی نیەکە کەس بەشداری بکات لە ئیشوکاری، چونکە هەوڵ ئەدا خۆی بە تەنیا تێبگات بـەبێ هاوکـاری و ڕێنمـایی مامۆسـتا و باوك و دایکیەوە، ئەمەش ئامـاژە بـەوە ئـەدات بەهـەبونی پاڵنـەری ناوەکیـەکان لەباتی پاڵنەرە دەرەکیەکان کە لەسەر پاداشت و سزادان ئـەڕۆن هـەر وەکـو بـەکار دێت لە گەڵ قوتابیە ئاساییەکان .

چوارەم : وەرگرتنی بڕیار :.

توانای وەرگرتنی بڕیار یان هەیە و دەتوانن پلان بۆ داهاتووی خۆیـان دابنـێن و وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی و لەسەر بڕیارەکانیان سورن .

پینجەم : پلان دانان :

دانانی شیوازی گونجاو بۆ جێ بەجێ کردنی بیرکردنەوەیەکی گونجاو .... ودیاری کردنی پێویستیەکان .....و دابین کردنی سەرچاوەکان .....ودانانی پلان ...بۆ جێبەجێ کردنی کردارەکان .

لێرەدا بۆمان دەر ئەکەوێت کە بەهرە داران وسەر کەوتوان تەنها پێویستیان بە چاودیری و یان دیاری کردنی پرۆگرامی پەروەردەی یان زانستی نیە، بەڵکو دەبێت ئەو چاودێری کردنە بەشێوەیەکی تەواو بێت واتە تێرو تەسەل بێت لە لایەنی... ئەقلی ...و زانستی... و جەستەیی ....وبیروهۆش.... وهەڵچونی....کۆمەڵایەتی ....و پێویستیەکانی گەشەکردن ...بۆ دروست بوونی بەهرەکەیان .

جۆرەکانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ قوتابیانی بەهرەداران :

یەکەم : بەرنامەی خێراکردن ACCELERATION

بەرنامەی خێراکردن ئەمەش مانای ئەوەیە قوتابی بەهرەدار بابەتەکانی پۆلێکی کەمتر لە سالیك ببڕێ وا تا ماوەی خوێندنیان کە متر بێت لە خوێندنی کەسانی ئاسایی، وسیستەمی بەرنامەو مامۆستا وانە وتنەوەکەیان جیاوازی دەبێت لەگەڵ قوتابخانە ئاسایەکان، ولە ماوەیەکی زوو خۆیندن تەواو بکەن لە ڕێگەی چەند ڕێگایەکەوە، وەکو:

1-وەرگرتنی ئەو منداڵانە لە باخچەی ساوایان وقوتابخانە بنەرەتییەکان پێش تەمەنی یاسایی .

2-هەنگاودان بەسەر پۆلدا، قوتابی ئەتوانێ هەنگاو بنێ بەسەر دوو پۆلدا بەیەك جاردا بۆ نمونە لە پۆلی دوو بۆ پۆلی چوار،

دووەم : بەرنامەی دەوڵەمەند کردن (ENRICHMENT PROGRAM

واتا دەوڵەمەند کردنی قوتابیانی بەهرەدار بە بابەتی زیادکردنەوەی سیستەمی خوێندن لە پاڵ بابەتی ئاساییەوە، و دانانی هەندێك چالاکی بە شێوەیەك کە یارمەتی گەشە کردنی بەهرەی ئەو منداڵانە بدات . و لە دانانی ئەو بەرنامەیە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

أ- جۆری ڕێگاکانی وانەوتنەوە Learning style.

ب- ئاست خوازو توانای خوێندنی ئەو قوتابیانە.

ج- دانانی پرۆگرامیکی چڕوپڕ کە گونجاو بێت بۆ ئەو بەهرەمەندانە.

د- ڕاهێنانی ئەو مامۆستایەی کە هەڵدەستی بەو ئیشەوە.

سێیەم: پۆلی تایبەت بۆ بەهرەدارو سەرکەوتووەکان:

(الزهراني:1999)

پۆلێکی تایبەتی بۆ بەهرەمەندەکان بکریتەوە لە ناو قوتابخانە ئاساییەکان، یان کۆکردنەوەی بەهرەداران لە پۆلێکدا بە تەواوی دەوامی ڕۆژانە و بەدریژایی ساڵ، وئەمەش دەرفەتێکی باش ئەدات بەو قوتابیانە کەوا تێکەلاو بن لەگەڵ قوتابیە ئاساییەکان کەلە زۆر کاتدا لە ناوگۆڕەپانی قوتابخانەکەدا ئەبیتە هۆی کارێکی کۆمەلآیەتی لە ناویاندا .

3-فێرکردنی بە تاك :

مەبەست لەوەیە کە قوتابی بەهرەدار فێربکرێت بەشێوەیەکی تاکی، و لەبەر ئەوەی توانای منداڵەکان جێاوازە لە یەکتروەکو توانای ئەقلی یان توانای جەستەی یاخود حەزو ئارەزووەکان و سۆزداری، واتە هەر کەسێك بەهرەی خۆی هەیە و جیاوازی تاکایەتی بەدی دەکرێت .

پێویستە ڕەچاوی ئەم جیاوازی تاکایەتی بکرێت لە قوتابخانەکان چونکە هەر قوتابیەك توانای تایبەتی خۆی هەیە و هەریەك لەو قوتابیانە پێداویستی خۆی

هەیە بۆیە لێرەدا مامۆستا هەندێ ئامرازی تایبەتی بە کاردەهێنێت بۆ جێ بەجێ کردنی پێداویستەکانی تاکەکانی .

کێشە وگیرو گرفتی بەهرە دار وسەرکەوتووەکان :

منداڵانی بەهرەمەندان وسەر کەوتوەکان ئەناڵێنن بەدەست هەندێ کێشە وگیرو گرفت بەم یشێوەی خوارەوە :

1-منداڵانی بەهرەدار و سەرکەوتوەکان هەست بە جیاوازی دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی ناگونجاوی ورێك نەکەوتنیان لەگەڵ مدناڵە ئاسایەکاندا کە خۆیان بە زیاتر ئەزانن لە توانا ئەقلیەکانەوە، هەروەها منداڵە ئاسایەکانیش ناگونجێن لەگەڵ منداڵە بەهرەمەندەکاندا لە بوارەکانی ...کۆمەلایەتی و کەسایەتیدا، ولەبەر ئەوە پێداویستەکانیان وەکو.... زانیاریخوازی.... و دۆزینەوەی زانیاری .....تێر نەکردنی بواری ئەقلی وسۆزیاریەوە .... دەبێتە هۆی بزرکردنی سۆز وجۆشیان. هەندی لەمنداڵە بەهرەمەندو وسەرکەوتوەکان توشی شڵە ژان و ناهاوسەنگی ئەبن کە دەرئەنجامی هەندێ نازناوە کە پێیانەوە دەلکێنرێت، هەندێ لە زاناکان (جالاجەر 1980) لای وایە کە ئەم ناوانە هەستی ....جۆراو جۆر ....وناتەواوی ..وەکو خۆشەویستی ...ورق دروست ئەکات لای ئەو منداڵانە، وجەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو منداڵانە بگەنە قۆناغی ناوەندی وهەرزەکاری لە بیری دەکەن، هەر وەها لەو قۆناغەدا سەرپێچی لەو نازناوانە دەکەن، و هەست وئارەزویان ئەگۆرێت وگرنگی ئەدەن بە داهاتو و گیرو گرفتە قوڵەکان، کە پەیوەندی هەبێت بە بەها ...و ڕەوشت ...وداد....وکێشە کۆمەلایەتیەکان ...وهەژاری لە جیهاندا ....وگیرو گرفتی شڵەژانی خێزان ....ونەهێشتنی زوڵم و زۆرداری .

2-هەندێ لە منداڵە بەهرەمەندو وسەرکەوتوەکان هەست بە بێزاربوون وبێ ئارەزوویی لە وانەکانیان دەکەن، بەلایانەوە وایە کە ئەو بابەتە زۆر ئاسانە ناگاتە ئاستی توانا ئەقڵیەکانیانەوە، لەبەرئەوە بێزاری دەرئەبرن لە قوتابخانە.

3-منداڵی بەهرەدار لە ناو پۆلا هەندێ ڕەوشت ورەفتار نائاسایان لێ ئەوەشێتەوە بەرانبەر بە برادەرەکانیانەوە وەکو شەرانگێزی وئاشوب وفەرتەنە نانەوە، ئەمەش بەهۆی فەراموش کردنی توانا ئەقڵیەکانیانەوەیە،.

4-فەراموش کردنی توانا ئەقڵیەکانی منداڵە بەهرەمەندو وسەرکەوتوەکان هەندێ جار دەبێتە هۆی دابزەینی ئاستی خوێندنیان وە کەمی پاڵنەر و ڕووخان خودی هەرچەندە ئەوان بەتواناو وسەرکەوتون .

5 -منداڵی بەهرەمەند زۆر تورە و وەرست ئەبن لەئەوەی خەلکان ڕای خویان ئەسەپێنن بەسەریاندا، وەهەست بە قورسی وپەسەند نەکردنی ڕەخنەی کەسانی تردەکەن .

6-منداڵانی بەهرەمەند و سەرکەوتوو توشی شلەژان و گۆشە گیری وئاستیکی بەرز لە دلەراوکێ ئەبن کەناتوانن پسپۆری بۆ خۆیان هەلبژێرن یان کارێکی خوازراو بۆ خۆیان هەلبژێرن، زانایان (بیرلی وجنشاف Birely 1991 &Genshaft جەخت لەوە دەکەنەوە کە منداڵی بەهرەمەند زۆر پێویستیان هەیە بە ڕێنمایی دەروونی وئەکادیمی،چونکە بە بێ یاریدەداری ڕێنمایی کار لەوانەیە کارێك هەڵ ئەبژێرێت پاش ماوەیەك بیگۆڕن چونکە ئەو ئیشە بەرزی خوازی تێرناکات . (القذافي :1996)

ئامانجەکانی ڕێنمایی بەهرەدار و سەرکەوتووەکان

بەرنامەی ڕێنمایی بۆ قوتابیە بەهرەمەندەکان بریتیە لە هەوڵدان بۆ بە دیهێنانی گەشەکردنێکی ئاسایی وگونجانێکی ڕێك وپێك لە بوارەکانی... هەڵچوون... وزانستی... وکارکردن، هەروەها یارمەتی... دایك... و باوك... ومامۆستاکانێان ..بۆ تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی قوتابیە بەهرەمەند وسەرکەوتوەکان، بۆ پەرەسەندنی ڕێگاکانی و مامەڵەکردنیان و بەدیهێنانی پێداویستەکانیان .

ئامانجی ڕێنمایی بەهرەدارو سەرکەوتوەکان بەم شێوەیە:

یەکەم : ئامانجی ڕێنمایی گشتی

1. وردبونەوە لە کێشەکان و گریمانە هەڵچوونێەگان کە بەهرەدارو سەرکەوتوەکان پێوەی گیرۆدە ئەبن و هەوڵدان بۆ زانینی کێشەکانیان .
2. دابین کردنی تەندروستی دەروونی بۆمنداڵە بەهرەدارو سەرکەو تووەکان و یارمەتیدانیان بۆ گونجاویان لە قوتابخانە و کۆمەڵگادا.
3. یارمەتیدانی منداڵە بەهرەدار وسەرکەوتوەکان بۆ پاراستنی لایەنی بەهرەکەیان .
4. رەخساندنی هەوڵی گونجاو بۆ منداڵە بەهرەدارو سەرکەوتووەکان و یارمەتی دانیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی کە لەگەڵ بەهرەکەیان ئەگونجێ .

دووەم : ئامانجی دەروونی

تێگەیشتن لە خوود وهەوڵدان بۆپەرپێدانی وئەمەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە بۆ گونجاندنی بەهرەمەند لەگەڵ خوودی خۆی .

1. هەوڵ دان بۆ پەرەسەندنی وگەشەکردنی بەهرەکەیان .
2. یارمەتی دانیان بۆسەربەستی لە بیرو بۆچوون وگوزارشت کردنیان
3. دابین کردنی ئەمن وئاسایشی دەروونیان.

سێیەم : ئامانجی هۆشیاری ژینگەی قوتابخانە :

1. پێش چاو خستنی قوتابیە بەهرەدار و سەرکەو توەکان لە ناو قوتابخانەکاندا کە ئەو قوتابیانە بەهرەیان هەیە .
2. هەوڵدان بۆ جیا کردنەوەی قوتابیە بەهرەدار و سەرکەو توەکان لە پۆلی قوتابیە ئاسایەکانەوە و، کۆکردنەوەیان لە پۆلێکی تایبەتدا .

3. ڕێکخستنی کاتی گونجاو بۆ ڕێنمایی بە کۆمەڵ لەگەڵ قوتابیە بەهرەدار و سەرکەو توەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان .
4. هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئەو مامۆستایانەی کەوا ئەزمونی باشیان هەیە و، خولی تایبەتیان بەدەست هێناوە بۆ ئەوەی لەو قوتابیانە تێبگەن وانەکانیشیان وا بێت پێداویستەکانیان تێر بکەن .
5. دانانی بەرنامە و پرۆگرامی چالاکی قوتابخانە لە ڕوی... هونەری .... وەرزشی ....وکۆمەڵایەتی ..تاوەکو بەو هۆیەوە لە تواناکانیان شارەزا بن بۆ ئەوەی ئامادە باشی بکەن لەبوارەکەیاندا و بەشداری کردنیان لە چالاکیەکاندا .
6. هەوڵدان بۆ چاککردنی ئاستی خۆیندن ...وتەواوکردنی ئەکادیمی .... و نائەکادیمیەکان، بەهرەدار پێویستی بە دابین کردنی کەش وهەوایەکە بۆ هاندانی بەهرەکەی .
7. گەشەپێدانی و لێوەشاوی چارەسەرکردنی ململانەکان ...و گیروگرفت ... و چۆنیەتی بڕیاردان لە فکرکردنەوەی و ڕخنەی دروستکەر و شیوەکانی دابەزینی دڵەڕاوکێ و شڵەژان .

ڕۆڵی ڕێنماییکار بۆ منداڵانی بەهرەدار :

منداڵی بەهرەدار و سەرکەوتوو زۆر پێویستیان هەیە بە ڕێنمایی لە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنیان، چونکە توشی کێشە وگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی پەروەردەیی وخێزانی زۆر ئەبن، ودەرئەنجامی ئەمەش شڵەژان ونائارامی لێ ئەکەوێتەوە و کاری گەری زۆری ئەکەوێتە سەر بلیمەت وبەهرەکانیان، لە بەر ئەوە زۆر پێویستیان هەیە بە کەسێك کەوا دەستی یارمەتیان بۆ ڕاکێشیت و دەریان بهێنێت لەم شڵەژانیە کە بتوانن بگونجێن لەگەڵ خودی خۆیان وکۆمەڵگاکەیاندا، وئەم خاڵانەی خوارەوە ڕۆڵی ڕێنماییکارە لە قوتابخانەدا :

1. ڕێنماییکار ڕێنمایی بەکۆمەڵ بۆدایك و باوکان و مامۆستایان بکات وبۆیان ڕوونبکرێتەوە و گرینگی و دەست نیشانکردنی ئەو خاڵانەی کەزۆرگرنگن و پێویستە جێەجێ بکرێت.
2. زانینی لایەنە نەرێیەکان و ئەوکێشانەی زیرەکەکان پێوەی دەناڵێنن لەدیدەنی مامۆستایاندا.
3. کۆبوونەوە لەگەڵ قوتابیە بەهرەدار و سەرکەوتووەکان وزانینی کێشەی قوتابخانەکان و ئەکادیمی لەدیدەنی قوتابیاندا .
4. کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستاکان بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی ئەو کێشانەی کە قوتابیە بەهرەدارەکان پێوەی دەناڵێنن، وهەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی .
5. ڕێنمایی کار دەبێت هەوڵ بدات کە هەمو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی قوتابیە بەهرەمەندەکان بزانێت .
6. هەوڵ دان بۆ زانینی هەست ... و پێداویستی ....ئاراستەکانیان بزانێت،وە هەول بدات بۆ چارەرەسەری کیشەکانیان ...وزانینی تواناکانیان .
7. ڕێنمایی کردنی قوتابیە بەهرەدار و سەرکەوتوەکان بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵ قوتابیە ئاسایەکان .
8. هەوڵ بدات کەوا ئەو قوتابیە بەهرەدار وسەرکەوتوانە تێبگەن کەوا تواناکانیان زیاترە وجیاوازیان هەیە لەگەڵ قوتابیەکانی تر، لەبەر ئەوە دەبێت ڕێز لە ڕا و تواناکانی ئەوانیش بگرن .
9. خزمەتگوزارییە ڕێنیشاندەرەکان بۆئەو قوتابیانەی پێویستیان بەمامۆستای هۆشمەند هەیە وچەندسودێکی زۆری هەیە بۆقوتابی لەم ڕوەدا .

رۆڵی مامۆستای بەهرەداران

1. مامۆستای بەهرەداران دەتوانێت هاندان لەسەر بنەمای بەردەوام بە قوتابیەکانی ببەخشێت .
2. -ئەو مامۆستایە دەبێت زۆر سەبری هەبێت و کاتێکی زۆر تەرخان بکات بۆ قوتابیە بەهرەمەندەکان .
3. ئەبێت ئەو مامۆستایە پرسیارو بیرۆکە نامۆکانی ئەو منادڵانە پەسەند بکات .
4. ئەبێت ئەو مامۆستایە بە دڵگەرمی هاوکاری بکات .
5. هەوڵ بدات کەوا نەیەڵێت شڵەژان لە ناو پۆلەکەیدا دروست ببێت .
6. مامۆستا دەبێت چالاکی زۆری هەبێت لە ناو پۆلدا وکاتێك کە پرسیاری لێ ئەکرێت هەوڵ بدات کەوا ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەو منالە دروست بکات بۆ زۆر کردنی ئەزمون و چالاکیەکانیان .
7. مامۆستای قوتابیە بەهرەدارەکان دەبێت کاتی زۆریان لەگەڵ بباتەسەر، بۆ ئەوەی بە وردی بیانناسێت، لە پێویستیەکانیان تێبگات.

بەشی پێنجەم

پەککەوتووەکان (المعوقون)

- کەسانی پەککەوتو کێن ؟
- هۆکاری پەککەوتوو :

یەکەم : هۆکاری پێش لە دایك بوون

دووەم : هۆکاری لە کاتی لە دایك بوون

سێەم :هۆکاری ژینگەیی :Environment

جۆرەکانی پەککەوتوو

شێوەکانی پەککەوتوو

ڕێنمایی بۆ خێزانی خاوەن منداڵانی پەککەوتووەکان

کێشەو فشارەکانی خێزانی خاوەن منداڵی پەککەوتووەکان

گرنگی ڕێنمایی خێزانی خاوەن منداڵانی پەککەوتووەکان

بەشی پێنجەم:

پەككەوتووەكان (المعوقون) Ubnormals

كەسانی پەككەوتوو كێن ؟

بریتین لەو كەسانەی كەنائاسایین توشی كەمو كوڕی یان توانای جێبە جێ كردنی ئەركەكانیان نیە لەڕووی ....جەستەیی ...یان هەستی ...یان ئەقڵیەوە.

و مەبەست لە پەككەوتوو ئەوەیە كە... سیستەمی دەماری ناوندی ...یان ئێسكی كەلەی.سەریان....یان ماسولكەكانیان ...یان ئێسكەكانی تریان توشی زاماریەكی كەم یان زۆر بوون، و بەشێوەیەكی تایبەت ئەمانەش ئەبنە هۆی كەمووكوڕی ..رەفتاری...وخۆگونجاندن . وكاریگەری ئەكاتە سەر تەندروستی وباری كۆمەڵایەتی ودەروونی كە دەبێتە هۆی ناتەواوی لە بەشەكانی جەستە و جوڵانیان بەشێوەیەك كە نەتوانێت فێری هەندێ شتی دەست كەوتوبێت وەكوچالاكیە ئەقلیەكان یان جستەیەكان كە كەسانی ئاسایی پێ هەڵدەستن بەجۆرێكی شیاو وسەركەوتویی، وپەككەوتن نەخۆشی نیە بەڵكو دواكەوتنە لە گەشەكردنی یەكێك لە ئەندامەكانی جەستەیی .....

و ئەم جۆرە كەسانە بە خاوەن پێداویستە تایبەتمەندیەكان ئەناسرێن چونكە پێویستیان بەیارمەتیدانی كەسانی تر هەیە لەرووی پەروەردەیی.. و دەروونی.... و كۆمەڵایەتی.... و ....تەندروستی بۆئەوەی ئامادە بكرێن كە بتوانن بە ئاسودەیی ژیان ببەنەسەر... .

هۆکاری پەککەوتوویی :

یەکەم : هۆکاری پێش لە دایك بوون :

أ- بۆماوەی جینی : Genetics

هۆکاری جییناتەکانە لە باوانەوە بۆنەوەکانیان دەگوازرێتەوە، واتـە سـیفەتەکان لە باوك و دایکەوە بۆ منداڵەکانیان، یان لە ڕێگەی هەندێ کـەموکورتی کـەوا لـە باوانیانەوەبۆیان ئەگەڕێتەوە.

ب-تێکچوونی کرۆمۆسۆمەکان، Chromosomes

کرۆسوم بریتیە لەدەستەیەکی ڕێکخراو کە زۆرینەی پێکدێت لە((DNA) وئەکەوێتە ناوەرۆکی خانەکانەوە، ولەناو جەستەی هەمو مرۆڤێکدا(23) جووت هەیە (22) جوتیان کە (44) کرۆمۆسۆمە جەستەییە و تەنها یەك جووتیان بۆ دیاری کردنی جۆری ڕەگەزی منداڵە ئایا (نێرینە بێت یان مێ)، سەرەڕای ئەوەش ڕەگەمای تایبەتمەندیەکانی لە باوانەوە ئەگێرێتەوە بۆ نەوەکان وەکو....درێژی باڵا ....ڕەنگی قژ وپێست ....ڕەنگی چاو.. ..

ئەو تایبەتمەندیانە کە کایگەری هەیە بە تەندروستیەوە وەکو .....نەخۆشیەکانی دڵ ....ئەندامەکانی جەستە ....و نەخوشی (شەکرە – فشاری خوێن و جۆرەکانی – وزۆر نەخۆشیتر....هەروەها بەرگریکردن لە دژی نەخۆشیەکان ...هتد.(سعید:1998)

دووەم : هۆکاری کاتی لە دایك بوون :

کۆرپە لە کاتی لەدایکبووندا تووشی چەند کێشەیەك دەبێت کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سەلامەتی وەکو : کەمی یان زۆری ئۆکسجین، یان خولانەوەی دەماری درکاوی بە ملیا، یان زۆر جار پێویستە کە هەندێ ئامراز بەکار دێت کەئەبێتە هۆی شکاندنی ئێسکی کۆرپەکە، وبەکار هێنانی شتی خاوێن نەکراو، هەروەها توشی چەند نەخۆشیەك دەبێت کە کاریگەری ئەکاتە سەرئەو کۆرپەیە لە

درێژی ژیانیا لە کاتی تێپەڕبونیدا بە کۆئەندامی زاوزێدا تووشی چـەند نەخۆشـیەك دەبێت لە دایکیەوە، وئەو نەخۆشیانەش وەکو :

1 - سوریژەی ئەڵمانی: RUBELLA

بریتیە لە نەخۆشـیەکی ڤایرۆسـی تەنینەوەیـە زۆر زوو بڵـاو دەبێتـەوە و بـە پرژینی کۆکەو پژمین ئەگوێزرێتەوە، وئەگەر هاتوو تووشی دایکی سکپڕ بو لە سـێ مانگی یەکەمدا ئـەو کۆرپەیـە (ئاوڵەمـە) تووشـی شـێوان وکـەموکۆری دەبێـت وەتووشی چەند نەخۆشێك وەکو : کەم بینین و بیسـتن ....وشـیوانی دڵ ...وئـۆتیزم ....ونەخۆشـی شـەکرە .... ولاوازی دڵ ....لیکـە ڕژێـنی دەرەقـی ... بیرکـۆڵی ....وەئاوی سپی وشینی چاو .

2- نەخۆشی سۆوزەنەك (السيلان (GONORRHEA)

ئەم نەخۆشیە لە هەموو نەخوشیە سێکسیەکانی جیهان داپڕژاندنە، وە تووشـی کۆرپە دەبێت لە کاتی لە دایکبونیا و دەبێتە هۆکاری کوێر بوونی ئەو منداڵە .

3- نەخۆشی زوهری:

ئەم نەخۆشیە تووشی کۆرپە ئەبێ لە ناو منداڵدانی دایکی سکپڕدا لە ڕێگـەی سوڕانەوەی خوێندا، و ئەو کۆرپەیە تووشی زۆر نەخۆشی سامناك دەبێت .

4- نەخۆشی ئەیدز : AIDS

ئەیدز نەخۆشیەکە کە بەرگری لەش لاواز ئەکات وبەرەبەرە ئەیفەوتێنێت، وئـەم نەخۆشیە بەردەوامە وزۆر سامناکە، تووشی کۆرپەکان دەبێت لە کـاتی سـکپڕبوون ولەدایك بووندا .

سێیەم :هۆکاری ژینگەیی : ENVIRONMENT

لەهەندێ کرداری ژینگە دەست پێدەکات لـەکاتی پیتانـدنی هێلکـە و هـەتاکو دوای لەدایك بون، کاریگەری ئەکاتە قۆناغی منداڵی هەتاکو گەورە بونی ...وئـەو

خەسڵەتانە کە پابەندن بە ژینگەوە و ڕۆڵی بۆماوەی تاڕادەیەك کاریگەری ناکاتەسەری وەکو : پێوەرو ڕەفتاری کۆمەڵایەتیەکان.... دابونەریت ... وبەهاکان، هەروەها ڕوداوە سروشتیەکان ...جەنگ وململانەکان ... بەر تیشك کەوتن...

نەخۆشی وەك ...سوریژەی ئەڵمانی ....نەخۆشی سێکسی (زوهری) کە تووشی دایك ئەبیت ...شیرپەنجە ...و نەخوشیە درێژ خایانەکان ....وکەمی ئۆکسجین لە کاتی لە دایك بوندا ....خواردنەوەی مادە هۆشبەرە وکحولیات جگەرەرە لەلایەن دایکەوە ....منداڵ بوون لەپیش کاتی ئاسایی خۆیدا... وهەمووجۆرە ڕوداوەکان ونەخۆشیە ترسناکەکان کە تووشی منداڵان دەبێت ...هەروەها پیسی ژینگەی سروشتی وەکو هەوا.... ودوکەل.... وتۆزو خۆڵ.... وپیسی ئاو وئاوەرۆك ....

وەئەمانەش دەبێتە هۆی ناتەواوی ڕاهێنانی چالاکیەکانی و توانای تاك کە نەتوانێت پێداویستێکانی خۆی دابین بکات وهاتووچۆ کردن وجوڵە کردن بە شێوەیەکی تەواو، و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی تر بکات و ژیانی کۆمەڵایەتی بە ئاسانی بباتە سەر .

جۆرەکانی پەککەوتوو:

1. پەککەوتووی جوڵەیی - وجەستەیی
2. پەککەوتووی ئەقڵی (بیرکۆڵی)
3. پەککەوتووی هەستیاری

(نەبینان .. نەبیستان ..زمانەوانی) (الرقب:2012)

شێوەکانی پەککەوتوو :-

1. پەککەوتووی بەشێوەیەکی بەشی . Partial
2. پەککەوتووی تەواو. Complete
3. پەککەوتووی کاتی Temperoray
4. پەککەوتووی هەمیشەیی Permanent
5. پەککەوتووی کەمی (متناقص) Reducible
6. پەککەوتووی لە ڕادەبەدەر 0 (متزاید) Excessive

کێشەی پەککەوتووەکان

یەکەم : کێشەی دارایی :

1. پەککەوتووەکان پێویستی زۆریان هەیە بە خزمەتگوزاری تەندروستی وەکو جاودێری کردنی پزیشك ودەرمان وهەندێ ئامراز بۆ چارەسەر کردن،وئەمەش زۆری تێ ئەچێت .
2. لەدەست چونی ئیش وکاری بەهۆی پشووی زۆر بۆپشکنینی پزیشکی.
3. زۆربەی جار نەبونی دارایی دەبێتە هۆی چارەسەر نەگردنی .

دووەم : کێشەی کۆمەڵایەتی :

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کەگەورەترین کێشەی ئەم چینە کێشەی گونجاندنی کۆمەڵایەتییە،چونکە ئەم چینە کێشەیان هەیە لە هەستەوەرەکانیان و

زۆربەیان یـەکێك یـان چـەند هەسـتەوەرێکیان لـە دەسـت داوە ئەمـەش کێشـەیە کەنەتوانن لەگەڵ کەسـوکاریان وهاورێکانیـان لـە قوتابخانـە وکەسـانیتر بگـونجێن، چونکە هەست بە کەموکوڕی دەکەن .

سێیەم : کێشەی خێزانی:

یـەکێك لەکێشـە هەرەگرنگـەکانی ئـەم جۆرەکەسـانە کێشـەی خێزانیـە چونکەخێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بەتایبەتی ئەگـەر دایـك و بـاوك ڕۆشـنبیریەکی باشیان نەبیت لەسەر چۆنیتی مامەڵەکردن لەگەڵیان. لێرەدا منداڵ بەدرێژی ژیـانی توشی یەکەم ڕەتکردنەوە، دەبێت لەلایەن کەسوکاریەوە بەهۆی ئەو بارەی کەپێـەوە ئەناڵێنی، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکاری ئـەو کێشـانەی کـە لـە داهـاتودا تووشـی دەبێت وەکو...هەست کردن بەکەمی...شەرانگێزی ...دڵەراوکێ خەمۆکی ...هتد.

چوارەم : کێشەی هاوسەرگیری :

کێشەی سەرەکی کەم ئەندامەکان کێشەی هاوسەر گیریە،ئەویش تاکێکە وەکـو هەموو تاکەکانی ئاسایی مافی خۆشەویستی و وهاوسەرگیری هەیە هەست وسـۆزی لە دەست نەداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی کەم ئەندامی بووە کۆمەڵگاکەمان زۆر بەچاوێکی بێ بەزەیی سەیری ئەم چینە ئەکات، دەسـتی یارمـەتی بۆدرێـژ ناکـات وکەسی یارمەتی نادات .

پێنجەم :کێشەپەروەدەییەکان:

کێشەپەروەدەییەکانی منـداڵی پەککـەوتوو ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە لـە خـۆی ئەگرێت :

1. کەمی یان نەبونی قوتابخانەی تایبەت بۆ ئەو مندالانە .
2. منداڵی پەککەوتوو لە قوتابخانـە ئاسـاییدا تووشـی نیگـەرانی ودڵ تـەنگی ئەبێیت .

3. توانــای دروســتکردنی پەیوەنــدی کۆمەڵایــەتی نیــە لەگــەڵ هــاوپۆل و مامۆستاکانیدا

4. هەمیشە پشت بە کەسانیترەوە ئەبەستیَ بۆ دابینکردنی پێداویسـتەکانی، و زۆربەی جار لەلایەن هاوپۆلەکانییـەوە سەرزەنشـت دەکرێـت و گاڵتــەی پــیَ دەکەن.

5. هەندی لەجۆرەکانی پەککەوتوو پێویسـتیان بـەئامرازی تایبـەت هەیـە بـۆ سەلامەتیان کە لە قوتابخانە ئاسایەکاندا نیە .

شەشەم : کێشەی یاری کردن ورابواردن :

بــەهۆی پەککــەوتووی جەســتەیی وکــەم کۆریەکانیانــەوە نــاتوانن بەشــداری هاوپۆلەکانیان لە یاری کردنا بکــەن، بــە پێچــەوانەوە دەبێتــە هــۆی تەنگــەرانی و خەفەت خواردن وهەست بەکەمی بێمتمانە دەکەن.

حەوتەم : کێشەی پیشە وکار:

زۆربەی پەککەوتووەکان بیَ پیشە وئیش و کــارن، ئەگــەو هــاتو ئــیش وکاریــان دەست کەوت دەبێت بگونجێت لە گەڵ بارودۆخەکەیانـدا، وناتوانێـت بەباشـی دەوام بکەن بەهۆی هاتوو چۆی پزیشك و نەخۆشخانەدا،لەبەر ئەوە هەمیشە چاوە ڕووانــی ویارمەتی کەسانی ترن .

هەشتەم : کێشە تەندروستیەکان :

1. زۆربەی جار هۆکاری ئــەو پەککەوتنــە بــە ئاســایی ڕون ئاشــکرا نیــە وئەبێتە هۆی بێزاری ئەو کەسەو خێزانەکەی .

2. چارەســەرکردنی ماوەیــەکی زۆری ئــەوێت وچارەســەکردنی زۆری تــیَ ئەچێت .

3. نەبوونی بنکەی تەندوستی تایبەت بۆپەککەوتووان بەپێی جۆرەکانیان.

4. کەمی ویا نەبوونی چارەسەری سروشتی پرۆفیشناڵ.

کێشەی خێزانی خاوەنی منداڵانی پەککەوتووەکان :

کێشەو فشارەکانی خێزانی خاوەن منداڵی پەککەوتوو:

زۆربەی ئەو خێزانانەی خاوەنی منداڵێ پەککەوتوون کۆمەڵێك کێشەو گرفتی تایبەتیان هەیە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن کە ژیانێکی ئاسایی ببەنەسەر لەگەڵ ئەو منداڵە پەککەوتوانە،ولەهەمان کاتدا ئەو خێزانانە وەکو خێزانە ئاسایەکان لە کۆمەڵگادا تووشی هەمان کێشەو گرفتی ژیانی خۆیان ئەبن کە کێشە وفشاری وپێداویستەکانیان دوو جار زۆرترە بەتایبەتی کە پێیان ڕائەگەیەنن لە دایك بوونی ئەومنداڵە تووشی ڕاچڵەکێن shock ئەبن لەو جەبەرەبارودۆخە نوێیە کە چاوەڕوان نەکراوە، وئەوخێزانە پێویستی بەپشت گرتن وڕێنماییکردنە بە درێژایی ژیانیان .

گرنگی ڕێنمایی خێزانی بۆخێزانی خاوەن منداڵانی پەککەوتوو:

ڕێنمایی خێزانی خاوەن منداڵانی پەککەوتوو زۆر گرنگە بۆ دایك وباوك لەم خاڵانەی خوارەوە باس دەکەن:

1. بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکانە وئاستەنگەکانی دەروونی وکۆمەلایەتی باوك ودایك کەتوشی دەبێت بە هۆی ئەو فشارەوە کە لەسەر چاودێری کردنی منداڵی تازەپەککەوتوو .
2. یارمەتی دانی ئەو خێزانانەی کەمنداڵی پەککەوتوویان هەیە بۆ پێکهاتن لەگەڵ ڕۆڵی دەرەکی کە لە ناو خێزان دا ڕچاو بکرێت بۆ گونجاندنی لەگەڵ ڕفتارەکانی ئەو منداڵە پەککەوتووانە.
3. ئاڕاستەکردنی دایك وباوك بەو دەزگا پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و تەندروستی کەوا یارمەتی تاکەکانی ئەم جۆرە پەککەوتوانە ئەدات .
4. ئارستەکردنی یان پابەند بوونی دایك وباوك بەو پیشەو کارەی کە هەیە لەناو ژینگەدا وڕاهێنانی گونجاو بۆ ئەو پەککەوتووانە کە جیگربن لە باری ئابووریەوە

5. یارمەتی دانی کەسی پەکەوتوو لەسەر تێگەیشتنی و ڕێزگرتن لەخودی خۆی وهەوڵ دان بۆ کەمکردنەوەی باری دەروونیەکەی .
6. زانینی توانا جەستەیی و ئـەقڵی و کۆمەڵایـەتی و پیشـەییەکانی و پـێش خستنی ئاراستە نەرێنیەکانی بۆ لای خۆی .
7. کەم کردنەوەی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و دوو دڵـی کەمنداڵـە پەککەوتووەکـە بەدەستیەوە ئەناڵێن و ڕێکخستنی هەست و سۆز و هەڵچونەکانی.
8. گۆرینی هەندێك لەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری نا دروست .
9. یارمـەتی دانـی لەگەشـە کردنـی بـەهاو ڕێزگرتنـی خـود وهـەوڵ دان بەدەستهێنانی بەرزترین توانا لە پلەکانی ئامانجەکانی .

بەشی : شەشەم

بیرکۆڵان (پەککەوتوی ئەقڵی)

ــ بیرکۆڵان کێن ؟

ـــ پیَ ناسەی بیرکۆڵان

1 -پێناسەی پزیشکی

2-پێناسەی پێوانی دەروونی سیکۆمەتری(I,Q)

3- پێناسەی کۆمەڵایەتی

4-پێناسەی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆبیرکۆڵان

5 -پێناسەی پەروەردەیی بۆبیرکۆڵان

هۆکارەکانی بیرکۆڵی

پۆلینکردنی بیرکۆڵی

پۆلینکردنی بیرکۆڵی بەپێی شێوەی دەرەکی

تایبەتمەندیەکانی بیرکۆڵان

دەست نیشانکردنی بیرکۆڵی

ڕێنمایی بۆخۆپاراستنی منداڵان بە تووش بوون لەبیرکۆڵی

ڕێنمایی پەروەدەیی بۆ خێزانی منداڵانی بیرکۆڵان

ڕێنمایی گشتی بۆ خێزانی منداڵانی بیرکۆلان

بەشی:شەشەم:

بیرکۆلی (پەکەوتووی ئەقلی) Mental Impairment

بیرکۆلان کێن ؟

بریتین لەوکەسانەی کە کەمیان هەیە لە نمرەکانی زیرەکیدا، زۆرجار هۆکاری بۆ ماوەییە یان کاریگەری نەخۆشی و ژینگەییە، کە دەبێتە هۆی وەستاندنی خانەکانی مێشك .

خشتەی (2) پێ ناسەی بیرکۆلان

پێناسەی پزیشکی	روو ئەدات بەهۆی کەمی ئەقلی دەرئەنجامی خراب خۆری یان نەخۆشیەکانی مێشك .
پێناسەی پێوانەی دەروونی سیکۆمتری	ئەو منداڵانەی کە نمرەی زیرەکیان لە 75 کەمترە
پێناسەی کۆمەڵایەتی	کارکردنی تاك لەبوارە کۆمەڵایەتیەکانەوە
پێناسەی پەروەردەی	بریتە لە گونجاندنی ژینگەی فێرکردن و توانین بۆجێبەجێکردنی پێداویستە فێرکاریەکانی
پێناسەی کۆمەڵەی ئەمەریکی	پەکەوتووی ئەقلی بریتیە لە کەمایەتیەك تارادەیەکی زۆر لەفەرمانەکانی ئەقل و،رەفتاری خۆگونجاندن

I-پێناسەی پزیشکی : MEDICAL -DEFINITION

پەککەوتووی ئەقلی ڕوو ئەدات بەهۆی کەمایەتی تەمەنی مێشک دەرئەنجامی تێکشکاندنی ناوەندی دەمارگیری پێش یان دوای لەدایك بوون ڕوو ئەدات

2-پێناسەی پێوانی دەروونی(سیکۆمەتری(I,Q)) PSYCHOMETRIC (DEFINITION

پێناسەی پێوانی دەروونی پشت ئەبەستێت بە ڕێژەی زیرەکی (I,Q) بەپێ پێوانەی ستانفورد و وکسلر، وارەچاو ئەکرێت کە ئەو کەسانەی ڕێژەی زیرەکیان لە (75) کەمتربێت پەککەوتوی ئەقلین یان بیرکۆلن، بەپێ کەوانی زەنگۆلی (کریفر،ليندا:2004).



هێلکاری ژمارە (2) دابەش کردنی ئاستی پلەکانی زیرەکی دەر ئەخات بەپێی پێوانەی ستانفورد و وکسلر

نەخشەی (3) ڕێژەزیرەکی بە پێ ‌ پێوانەی وکسلر

	جـــــــــۆرەکانــــــــی بیرکۆڵـــــــــــــــــــی	ڕیـــژەزیرەکی بـــە پێـــی پێوانەی وکسلر
1-	بیرکۆلی سادە(مورۆن) Mild	55-69
2-	بیرکۆلی ناوەندی (ابلە) Moderate	40-54
3-	بیرکۆلی بەهێز (معتوە) Severe	25-39
4-	بیرکۆلی زۆر بەهێز Profund	24 بەرەوخوارتر

3- پێناسەی کۆمەلایەتی (SOCIAL DEFINITION)

پێناسەی کۆمەلآیەتی جەخت ئەکاتە سەر سەرکەوتن یان ناســەرکەوتنی تــاك لە وەلام دانەوەی پێویســتیە چــاولێکراوکانی کۆمەلآیەتیــەکان، گــەرهاتو بــەراورد بکرێت لەگەڵ هەمان هاوتەمەندا،و هەر تاکێك نــەیتوانی ئەرکــە کۆمەلآیەتیــەکان جێبەجێ بکات وا ڕەچاودەکرێت کەبیرکۆڵە .

4-پێناسەی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆبیرکۆلان:_ THE AMERICAN ASSOCIATION ON MENTAL RETARDAION،) (AAMR) DEFINITION))

پەکەوتووی ئەقلی بریتیە لە کەمایەتیەك تارادەیەکی زۆر لەفەرمانەکانی ئەقل و، ڕەفتاری خۆگونجاندن ولە تەمەنی پیش (18)ساڵیدا دەر ئەکــەویت،و نهامەنــدی وخۆکشانەوەیەکی دیاریکراو لە توانا ئەقلیەکانەوە لە مامناوەنــدی زیرەکیــەو (75 5+) هەروەك لەم کارامانەی بەدی دەکرێت :_

1-کــارامی تێگەیشــتن (چــەمکەکان) ... زمــان.... نوســین.... خوێنــدن.... تێگەیشتنی ئەقلی ... (ئاراستە مادیەکان)

2- کارامەی کۆمەڵایـەتی (کەسـایەتی ....بەرپرسـیارەتی ...بەدەسـتهێنانی خود....

5-پێناسەی پەروەردەی بۆپەککەوتوی ئەقڵی :

بریتە لە گونجاندنی ژینگـەی فێرکـردن و تـوانین بۆجێبـەجێکردنی پێداویسـتە فێرکاریەکانی، بە شێوەیەك کەبگونجێت لەگەڵ تواناکانی پەکـەوتووی ئـەقلی، کـە پێویستی بەشێوازێکی کارای زیـاتری هەیـە لەفێرکردنـدا، وە پـۆلین کردنیـان بـەم شێوەیە :

1-ئەو بیرکۆلانەی توانای فێرکردنیان هەیە (موورون)(70 —0 0 5) پلە، ئەتوانن فێربونی کارامەیکی سەرەکی بن.

2-ئەوانـەی توانـای ڕاهێنانیـان هەیە(أبلـە)(50-30) پلـە توانـای فێـری پاکوخاوێنی خودی خۆی بکات . (نصرالله:2005)

3- پەککەوتوەکان (معتوە) (30 کەمتر)پلە پێویستان بـە چـاودێری تایبـەت بەردەوام هەیە .

منداڵی بیرکۆل

هۆكارەكانى پەكەوتووى ئەقلى:_ (Mental Retardaion Causes

پەكەوتووى ئەقڵى بەشيوەيەكى سەرەكى دەگەرێتەوە بۆ سێ هۆكـارى سـەرەكى لە خۆدەگرێت هەريەك لەم هۆكارانە كاريگەريەكى گـەورەيان هەيـە لەسـەر ژيـانى مرۆڤ.:-

هۆكارەكانى پەكەوتووى ئەقلى

ئەم هۆكارانە دابەش ئەكرێ بەسەر سێ جۆردا :

هۆكارى پێش لە دايك بوون	هۆكارى كاتى لە دايك بوون	هۆكارى دواى لە دايك بوون

هێلكارى(3) هۆكارەكانى پەكەوتووى ئەقڵى

يەكەم : هۆكارى پێش لە دايك بوون:

ئەم هۆكارانەش دابەش ئەكرێ بە سەر چەند هۆيەكدا :

هۆكارى پيش لە دايك بوون

هۆكارى جيناتە بۆماوەييەكان		هۆكارەكانى ناو ڕەحم		
ئاستى توانا ئەقڵيەكان	بارودۆخى نەخۆشيەكان	كەمى خۆراك	زوهرى	مەوادى كيمياوى
هۆكارى جيناتە سستەكان	لادانى كرۆمۆسۆمەكان	تيشكىX	پيسبوونى ئاو هەوا ژينگە	هۆكارى خوين رايزس Rh

هێلكار(4) هۆكارى پێش لە دايك بوون

هۆکاری جیناتە بۆماوەییەکان HEREDITARY

هۆکــاری بۆمــاوە ڕۆڵێکــی گرنگــی هەیەلــە دروســت بــون و گواســتنەوەی نەخۆشیەکان لەباوانەوە بۆنەوەکانیان .وپەککەوتوی ئەقلی ئەگوازرێتــەوە بەهــەمان شــێوە لــە ڕێگــەی جیناتەکانــەوە وەکــو گواســتنەوەی خەســڵەتە جەســتەی و دەروونیەکانیتر وەکو ڕەنگی قژ وچاو وپێست دریژی بالاّ قەلّەوی و....... .

مەبەستمان لەهۆکاری بۆماوەی هۆکاری جیيناتەکانە لە باوانــەوە بونــەوەکانیان دەگوازريتەوە لەريگای کرۆمۆسۆنەکان کە 23 جوتن دەکاتــە 46 کــە نیــوەی هــی باوکن نیوە شیان هی دایك پیك دین بە سێ شێوە:

1_جیناتە زاڵەکان

2_جیناتە گواستنەوەکان

3_جیناتە سستەکان 0(متنحیە)

کەواتە دەرکەوتنی ئەونیشانانە دەست پیدەکات بە بچوکی کێشی مێشك کە لە لەمنداڵدا دەرئەکەوێ بەهۆی جیاوازی کاریگەری (RH FACTOR) کــە یەکێکــە لە هۆکارە گرنگەکانی پێکهاتەی خوێندا دەرئەکەوێ لە هــەر تاکێکــدا کەســیفەتی بۆماوەی جیناتی زاڵ و جێاوازی لە جۆری خوێنی دایك و باوك بە تایبــەتی ئەگــەر خوێنی باوك پۆسیتڤ بێت و خوێنی دایکی نیگەتیڤ بێت یان بەپێچەوانەوە .

رۆڵی هۆکاری ژینگەیش کەم نیە لەسەر ژیانی مرۆڤ ئەم هۆکارلە کاتی پێتاندنی هێلکە دەست پێ ئکات، واتە لیرەدا بۆمان دەرئەکەوێت کە کاریگەری ژینگەی جیاوازە لەژینگە یەکەوە بۆژینگەیەکیتر.

لەوکاتەی منداڵ لەناوسکی دایکی دایە پێش لەدایك بوون ودوای لەدایك بونی ژینگە کاریگەری لەسەر هەیە، هەر وەها لەکاتی قۆناغی منداڵییدا بەم شێوەیە:.

قۆناغی پێش لەدایك بون:

ئەوهۆکارە ژینگەیانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر منداڵ پێش لەدایك بوون ئەم خالانەی خوارەوەن:

1. کەمی هەندێ لە خواردنە سەرەکیەکان کە زۆر پێویستە بۆ ئافرەتی دوو گیان وەکو: فیتامینەکان ....کالیسیۆم ....کاربۆهیدرات ... فیتامینەکان.. .جۆرەکانی خوێ .کانزاکان..شیرینیەکان ....
2. هەندێ نەخۆشی کەتوشی ئافرەتی دووگیان ئەبێ وەکو... ئاوڵە ... سورێژەی ئەڵمانی ....شەکرە ...فشاری خۆین....تەلەسیمیا وزۆربەی نەخۆشیەکانی خوێن Rh- ....زوهری.....
3. بەکارهێنانی ئافرەتی دووگیان مادە هۆشبەرەکان وکحولیەکان وجگەرەکێشان.
4. خراپی ژینگە پیس بوونی ئاو کە کرداری هەیە لەسەر ئافرەتی دووگیان .
5. بەکار هێنانی ئافرەتی دووگیان هەندێ دەرمان بەبێ پرسی پزیشك .
6. بەرکەوتنی ئافرەتی دووگیان لە جۆرەکانی تیشك وەکو تێشکی X.
7. زانا (بنروز) جەخت ئەکات کە ئەو منداڵانەی دایك وباوکیان بیرکۆڵن ئەوانیش بیرکۆڵ ئەبن وەبیرکۆڵی بۆماوەییە ئەگوازرێتەوە لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان لە رێگای جینە سستەکانەوە لە هاوسەرگیری خزماندا دەرئەکەویت.

دووەم : قۆناغی کاتی لە دایکبوون

قۆناغی کاتی لە دایك بوون

منداڵ بوونی ناڕەحەت	منداڵ بوون لە پێش کاتی خۆیدا	کەمی ئۆکسجین	برینداری جەستەیی	هەوکردنی مێشك

خشتەی (5) قۆناغی کاتی لە دایکبوون

کاریگەری مەترسی منداڵ کاتی لە دایکبووندا:

1. منداڵ بوون لە پێش کاتی خۆیدا.
2. کەمی کێش کۆرپەکە.
3. لەکاتی لەدایکبوونی منداڵا کە ڕێژەی ئۆکسجینی کەمە، لەبەرئەوەی ئەومنداڵە هێشتا ئەندامەکانی جەستەیی پێنگەیشتوە وپێویستی بەئۆکسجین هەیە (اطفال الخدج)، لە کاتی پێ دانی ئۆکسجین گەرهاتوو ڕێژەکەی زۆر بو کاریگەریەکی زۆر ئەکاتە سەر مێشکی کۆرپەکە و تووشی بیرکۆڵی ئەکات .
4. لەکاتی بەکارهێنانی ئەمرازەکانی لەدایکبووندا کەللەی سەری منداڵەکە ئازاری پێ ئەگات یان تووشی برینداری جەستەیی دەبێت .
5. زۆر جار کۆرپەکە لەکاتی لە دایکبوندا تووشی خنکاندن وکۆستی دەروونی دەبێت بەهۆی کەمی ئۆکسجینەوە ..
6. گواستنەوەی هەندێ نەخۆشییە سەخت وسامناکەکانەوە لەدایکەوە بۆ کۆرپەکە لەکاتی لە دایك بووندا .

سێیەم : کاریگەری هۆکارەکان دوای لەدایکبوون:

خشتەی(6) هۆکارەکانی دوای لە دایك بوون

زاماری سەر	هەوکردنی مێشك	کاریگەری فایرۆس ومیکرۆبەکان
ژەهراوی بوون	خراپی خواردن	ڕووداوەکان

1. زۆر جار منداڵ لە شۆینی بەرز ئەکەوێت بەسەرسەریا کە توشی ئیفلیجی دەبێت، لەوانەیە ببێت بە بیرکۆڵی .
2. تووشبوونی منداڵ بەنەخۆشی هەوکردنی مێشك(السحایا) زیان ئەگەیەنێت بە کۆئەندامی دەماری ناوەندی مێشك کەمنداڵەکە تووشی بیرکۆڵی دەبێت.
3. -هەر جۆرە فشارێك بکەوێتە سەر منداڵ لە کاتی لە دایك بووندا کاریگەری هەیە بۆ مێشکی ئەو منداڵە .
4. کاریگەری هەندێ ڤایرۆس کە دەبێتە هۆی تووش بوونی منداڵ بەچەند نەخۆشیەك وەکو.... سورێژە... و ملەخرە... وکۆکە ڕەشە.... کەوا زۆر کاریگەری ئەکاتە مێشکی کەدەبێت بە هۆی پەککەوتووی ئەقڵی ئەو منداڵە .
5. هەندێ ڕووداو کە تووشی منداڵ دەبێت وەکو :

أ- ژەهراوی بوون(تسمم)لە کاتی لە دایکبوون.

ب- خنکاندن لە کاتی نوستندا .

ج- سوتاندن و نوقمبوون لە ناو ئاودا وڕووداوی سەر شەقام.

پۆلینکردنی بیرکۆڵی بەپێ شێوەی دەرەکی

1. دیداری داون DOWN'S SYNDROME (مەنگۆل) (MONGOLSIM)

نـاوی مـەنگۆلی بـەو منداڵـە بیرکۆڵانـە ئـەوترێ تـەنها شـێوەی دەرەکیـان (جەستەیی) لەرەگەزی مەنگۆلی ئەچێت، ئەم خەسڵەتانەیان هەیە، وەکو: قلیشانی زمانیان ...وسەری بچووك ...چاوی بادەمی وپێڵە چاوی ئەستور ...بـرۆی پـڕ... لوتی بچووك وپان ... زمانی پان...دەستی کورت وپـان ..پەنجـەی بچـووك.. ملـی کورت.. . بە هـۆی زیـاد بـوونی یـەکێك لـە کرۆموسـۆمەکانی (46 کرۆسـوم + 1کروسوم = 47)،.

هەروەها منداڵی مەنگۆلی ئەناسرێت لە پێش لە دایك بووندا ولەکاتی لە دایك بووندا،و تووش بوون بە مەنگۆلی هۆی سەرەکی تەمەنی دایکەبە تایبەت لـە دوای 38ساڵیدا .

2- کەیسی کورتە بالاکان (کەمی لیکەرژێنی دەرەقیە)

درێژی باڵای ئەو منداڵە بیرکۆلانە لە هیچ کاتێکدا تێپەر ناکات (60ـــ70) سم لە قۆناغی هەرزەکاریدا،ئەمەش هۆکاری نەبونی لیکەرژێنی دەرەقیە، یان کەمی مادەی (تیرۆکسین)ە، خەسڵەتەکانیان :

أ- زۆر تەمبەڵن .

ب- دانیشتن وهەڵسوکەوتیان زۆر قورسە .

ج- .زۆر زوو چرچولۆچی پێستیان پێوە دەر ئەکەوێت. .رەنگی پێستیان مەیلەو زەردە.

د- دواکەوتوون لە قسەکردنا . (الوزانە:2005)

3- گەورەیی قەبارەی کەلەی سەر

ئەم جۆرە منداڵانە ئەناسرێن بە گەورویی کەللەی سەریانەوە، لە هەفتەکانی یەکەمەوە لە پاش لە دایك بوون بەرچاو ئەکەوێت، وئەمەش هۆی زۆری شلی بڕبڕەی مۆخە کە خانەکانی مێشك تێئەشکێنێ و شلە ژانێکی زۆریان هەیە لە ئاستی بینیندا .

4- قەبارەی سەری بچووك

ئەو منداڵانەی قەبارەی سەریان بچووکترە لە منداڵانی ئاسایی وتوانای فێربوونی زمانیان نیە وچالاکی جووڵەیان زۆرە و، تەمەنیشیان کورتە.

تایبەتمەندیەکانی پەککەوتوانی ئەقڵی بیرکۆلان

1-تایبەتمەندیە جەستەییەکان:

أ- بە شێوەیەکی گشتی پەککەوتووە ئەقڵیەکان گەشەی جەستەیان کەمە لە قەبارە .

ب- درێژی جەستەیاندا لە کەسانی ئاسایی کورت ترە.

ج- کێشەی قەبارەی مێشکیان کەمترە لە مامناوەندی.

د- زۆربەی جار تێکچون بە چەوری دەست پێدەکات لە سەر شێوەی جەستەیاندا.

هـ- لە زۆربەی کاتەکاندا پلەی پەککەوتوییە توندەکان لەسەر.ودەم وچاو...وسەرپەنجەکانیان و دەردەکەوێت .

2- تایبەتمەندیە ئەقڵیەکان :

پەککەوتووانی ئەقڵی بە دەست کەمی ڕێژەی زیرەکی و پەرتبوونی بیرەوە دەناڵێنن.ئەمەش ڕاڤەی کەمی پەیوەندیان دەکات لە هەڵوێستی فێربووندا، کاتێکی زۆری پێویستە بەڵام هەڵوێستی فێربوون ماوەیەکی مامناوەندی یان گونجاو دەخایەنێت بۆ کەسانی ئاسایی.بەهەمان شێوە لە پڕۆسە ئەقڵیەکان وەکو... بیرهاتنەوە ...وئاگاداری ...وهەستیاری ...وخەیاڵکردن ....وفکرکردنەوە ... تێگەیشتن ...وهتد، دەتوانین بڵێین کە ئەمانە پڕۆسەیەکی گرنگن بۆ پڕۆسەی بیرهاتنەوە بۆیە لە ئەنجامدا لاوازیی لە خوێندن وفیربونیان هەیە .

3- تایبەتمەندیە زمانەوانیەکان:

واتە پەککەوتووانی ئەقڵی بە شێوەیەکی گشتی لە گەشەی زمانەوانیدا زۆر خاون ئەم خاوییەش لە قۆناغەکانی منداڵی زوودا تێبینی دەکرێت، و لەوانەیە کە بە ئاستەنگ زمان فێر دەبن وەکو (تاتا) . و لەکاتی قسە کردندا گونجاوی دەنگیاندا هەڵە هەیە، و لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی پەککەوتووانی ئەقڵی دەبێتەوە پەیوەندی دارن بە تەواوی زمان و بوونی زاراوە لە ئەقڵیاندا، و تێبینی دەکرێت کە ئەوە زاراوانەی بەکاریان دەهێنن کە زاراوەی زۆر سادەن لەگەڵ تەمەنی کاتیاندا ناگونجێت.

5- تایبەتمەندیە هەڵچوونی و کۆمەڵایەتیەکان:

جیاوازیەکی زۆر لە پەککەوتوانی ئەقڵیدا دەبینرێت لە تایبەتمەندیە هەڵچوونی و کومەڵایەتیەکانیاندا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرێدانی سیفەتە هەڵچوونیەکان بە هۆکارەکانیانەوە.،تایبەتمەندیە هەڵچوونی و کۆمەڵایەتیەکان ئەگەڕێتەوەبۆ سەر جۆری ئەو کار لێ کردنەی کە لە نێوان کەسی پەککەوتووی ئەقڵی و ژینگەکەیدا ڕوئەدات.

بیرکۆلاّن بەم سیفەتانە وەسف دەکرێن:

1- کشانەوە، وڕەفتاری دووبارەیی.

2- جم و جوڵ،چالاکی لە ڕادده بەدەر، ناتوانیت کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانی بکرێت .

3- لەگەڵ بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کارا لەگەڵ ئەوانی تردا.

4- ئارەزوو لەسەر بەشداریکردنی تەمەن بچووکترهەیە لە چالاکیەکاندا .

5- ڕێز نەگرتن لە خود.

6- هەست نەکردن بە ئەمن و (ئاسایش) .

7- توانای پاکوخاوێنی خودی نیە .

دەست نیشانکردنی بیرکۆڵی:

تیمی دەست نیشانەکردنی بیرکۆڵی لەم کەسە پسپۆریانەی خوارەوە پیك دێت:

1-پزیشك :

بۆدەست نیشانکردنی تەندروستی وحاڵەتی جەستەیی وکۆئەندامی دەماری مێشك وهەستەکان وهەموو ئەندامەندەکانی ئەومنداڵە وە.

2-پسپۆری دەروونی :

بۆدەست نیشانەکردنی زانینی ئاستی توانای ئەقڵی ولێهاتوی وهەڵچونەکانی ئەومنداڵە.

3-توێژەری کۆمەڵایەتی :

هەل دەستی بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێك لەسەرئەو ژینگەیەی کەمنداڵەکەی تیادا ئەژی وئاستی ڕۆشەنبیری خێزانی وئەو نەخۆشیانە کە تووشی دایکی سك پڕبوە .

4- پسپۆری منداڵی خاوەن پێداویستەکان:

بۆ دانانی پلانی خزمەت گوزاری پەروەدەیی کە ئەو منداڵە پێویستی پی هەیە بەپێی ئەو زانیاریانە کە لە پسپۆرەکانی تر دەستی کەوتوە .

5-پسپۆری ڕاهێنانی کارکردن :

جاودێری ئەو منداڵانە ئەکات کە تەمەنیان ئەگاتە چواردە ساڵ چونکە ئەو تەمەنە تەمەنی داهێنانە .

ڕێنمایی بۆخۆپاراستنی منداڵان لە تووش بوون بەبیرکۆڵی:

خۆپاراستن لە تووش بونی منداڵان بە بیرکۆلی زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ڕێژەی بیرکۆڵی ئەگاتە 2-3٪ لە دانیشتوانی جیهاندا،

هۆکاری بیرکۆڵی زۆرە وئاڵوزە وخۆپاراستنی گرانە لەبەر زۆری هۆکارەکانی، چەند لە جۆرەکانی بیرکۆڵان، باوکان ئەتوانن منداڵەکانیان بپارێزن ونەیەڵن

ڕوویدات، لە ئەنجامی تویژەر ولێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کـە ئـەتوانیٚ قەدەغـەی زۆر لە جۆرەکانی پەککەوتوی ئەقڵی بکرێت ویەکێك لەو تۆێژینەوەیە ڕایگەیانـدوە کەبە کارهێنانی کوتاندن هەمووسالێك (9000) حاڵەتی وەکو...هەوکردنی جگەر جۆری (B) ...و کوتاندنی سورێژە،وهەزارەها نەخۆشی هەیە کە نـەیێن ڕووبـدات بە خۆپاراستن، هەرچەندە هەندیٚ جـۆر لـە بیرکـۆڵی ناتوانرێـت بەتـەواوی قەدەغـە بکرێت بەتایبەتی بۆماوەییەکان بەڵام ئەتوانرێت هێۆر بکرێتەوە .

جۆرەکانی ئاستی خۆپاراستنی منداڵان لە بیرکۆڵی

ئاستی خۆپاراستن دابین ئەکرێت بە سەر سیٚ بەشدا :

یەکەم : خۆپاراستنی دایکی دووگیان :

تەندروستی وخۆپاراستنی دایکی دووگیان زۆر پێویسـتە وبەتـەواوی کاریگـەری ئەکاتە سەر کۆرپەکەی، وپێویستە ئەو دایکە ئـەم ڕێنمایانـەی خـوارەوە جێبـەجیٚ بکات:

1. لە ژێر جاودێری پزیشکیدا بێت .
2. پارێزگاری تەندروستی خۆی بکات، وخۆراکی باش بخوات .
3. وازهێنان لە جگەرە و مەی و کحول وبەکارهێنانی دەرمان بـیٚ پرسـی پزیشك.
4. خوپاراستن لە منداڵبوونی پێش کاتی خۆی.
5. خۆپاراستن لە نەخۆشیە سێکسیەکان .
6. خۆپاراستن لە تیشکی سینی.
7. دورکەوتنەوەی دایکی دووگیان لە پشیلە ونابیٚ دەستی لێبدات .
8. کوتانی دایك دژی سورێژەی ئەڵمانی.
9. ئەبێت منداڵبوون لە نەخۆشخانەدا بێت .

دووەم : پاراستنی منداڵ

1. پشکنینی پزیشکی تەواوی بۆ بکرێت .
2. دابین کردنی خۆراکی باش و گونجاو .
3. کوتاندی منداڵان لە کاتی خۆیدا .
4. پارێزگـــاری منـــداڵ لە...کەوتنـــەخوارەو...ڕووداوی ئوتوموبیـــل ..سوتاندن..خنکاندن ...هتد .
5. دور خستنەوەی منداڵ لە یاریکردن بە ئامرازە کارەباییەکانەوە .
6. دابـین کردنـی کـەش وهەوایـەکی دەروونـی ..وپـەروەردەی.. دارایـی ..وکۆمەڵایەتی. . و ڕۆشەنبیری بۆ ئەو منداڵە .

سیەم : پاراستنی منداڵ لە کۆمەڵگا

1. دور خستنەوەی منداڵان لە مامەڵەی خراب وخستنەپشت گۆیی.
2. بەرنگاری کردنی هەژاری لە سەر منداڵ .
3. پشتگرتن خێزان و ڕوشەنبیرکردنەوەی .
4. پـاك کردنـەوی ژینگـە لـە پیسـی وژەهـر وەکو...دوکـەڵی ڕەشـی ئۆتۆمۆبێلەکان ...و فرێدانی شتی پیس لە کۆلان وشەقامەکاندا ...
5. پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ڕێکخراوەکان .

ڕێنمایی پەروەدەیی بۆ خێزانی منداڵە بیرکۆڵەکان

زانا جۆردون(Jordon) هەندێ پێشنیازی ئـەکات کەچـۆن یارمـەتی خێزانـی منداڵی بیرکۆل بدەین وەکو :

1. لـەکاتی دایـك بـوونی ئەومنداڵـە دایـك وبـاوك زۆر پێوسـتیان هەیـە کەخزمەتگوزاریان پێشکەش بکـەن بـەبێ ئـەوەی خۆیـان داوای بکـەن بـۆ ڕێکخستنی ژیانیان .

2. دایــك وبــاوكی ئەومندالآنــە پێویســتیان هەیــە بــۆ گفتوگــۆ كــردن لەگــەڵ ئەوخێزانانە كە منداڵی وەكو ئەوانیان هەیە بۆئــەوەی هەســت بكــەن كــەوا خێزانی تر هەمان كێشەیان هەیە وە ئەوبارە قورسە كەوتوەتە سەر شانیان .
3. خێزانی ئەو مندالآنە پێویستیان بە كەسانی شــارەزای تایبــەت هەیــە كــەوا ئامادەبن بۆ یارمەتیان و ڕەفتارو ڕەوشتی ئەومندالــەیان بــۆ ڕوون بكەنــەوە وئەو چاوەڕوانیانەو پێشڕەویانە كە بۆیان دەكەن .
4. گەورەترین یارمەتی دایك وباوكی ئەو مندالآنە ئەوەیە كەوا ڕێز لە هەســتی ڕاتەكاندن وترس ودڵەڕاوكیان بگیرێت .

ڕێنمایی گشتی بۆ خێزانی مندالآنی بیرکۆڵان

ڕێنمایی پەروەردەیی هەوڵدانێكە بۆ پــەروەدەكردنی ئەومنــدالآنــە پــەروەدەیێكی كۆمەلآیەتی ..و پەروەدەیی ...و خێزانی گونجاو بكرێن تاوەكو هەست بكــەن كــە ئەوانیش قبــوڵكراون لەكۆمــەڵگادا،دایك وبــاوك دەبێــت ئاگــاداری ئــەم خاڵانــەی خوارەوەبن :

یەکەم : نازپێدان

دایك وباوك هەست دەكەن كە منــداڵێكی بیركۆڵیــان هەیــە ونــاتوانن ڕاهێنــان وپەروەدەی وەكــو منداڵــە ئاســاییەكان بكــەن، كەواتــە ئــەو منداڵــە دەبێتــەجێی بەزەییان، و هەموو شــتێكی بــۆ دابــین دەكــەن بــەبێ ئــەوەی هەوڵــدانی فێركــردن ڕاهێنانی بكــەن، لــێرەدا كێشــەیەكی زۆر گــەورەیان بــۆ خۆیــان و بۆمنداڵەكــەیان پەیدائەبێت.

دووەم : سەرپێچی وپەسەندنەکردن

ئەو خێزانە خاوەنی منــداڵی بیركــۆڵن ئاراســتەی نــەرێتیان هەیــە بەرامبەربــەو مندالآنە، سەرپێچی وپەسەندیان ناكەن وبێبەشــیان دەكــەن لەهــەموو مافــەكانی

ژیـان وفەراموشـی وپشـت گوێـان ئەخـەن، وچـاودێری وسەرپەرشـتیاریان ناکـەن ومامەڵەی خراپیان لەگەلدا دەکەن وبەچاوی سووك سەیریان دەکەن.

سێەم : پشتگوێ خستن

زۆربـەی خێزانـی منـداڵی بیرکۆڵـان منداڵـەکانیان پشـت گـوێ ئەخـەن وپێویسـتیەکانیان جێبەجێناکـەن وەکـو جـۆری خـواردن وپۆشـاك وفێرکـردن، وکاریگەریەکی زۆر خراب بو ئەو منداڵە دروست ئەکات .

چوارەم : جیاوازێ کردن

هەندێ خێزانی بیرکۆڵان هەڵدەستن بە جیـاوازی لەگـەڵ منداڵـە بیرکۆڵەکـەیان ومنداڵەکانی تریان لە هەموو شتێکدا وەکو باسمان لەمەوپێش کرد .

پێنجەم : سزاێ جەستەیی ودەروونی

هەندێ خێزان هەڵ دەستن بە سزای ئەومنداڵە هەر کاتێك بێتە بەر جا ویان کـە وا ئەزانن کە ئەمە جۆریکە لە نە هامەت ونەگبەتی تووشیان بوە .

.ئەمەش کاریگەریەکی زۆر ئەکاتە سەر دەروونی ئەو منداڵانە

بەشی :حەوتەم

پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی

ـــ پێناسەی پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی

- هۆکاری پەککەوتووی جوڵانەوەو جەستەیی

-پاراستنی منداڵان لە پەککەوتنی جوڵانەوە و جەستەیی

-کاریگەری دەروونی لەسەر پەککەوتوویجولانەوە و جەستەیی.

-هۆکاری شڵەژانی دەروونی لای پەککەوتووی جوڵانەوە و جەستەییەکان.

-کێشە دەروونیەکانی پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی

-ڕێنمایی خێزانی بۆ خێزانی پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی

-ڕۆڵی ڕێنماییکاری دەروونی بۆ قوتابی پەککەوتووی جوڵانەوە و جەستەیی

بەشی حەوتەم

پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی : Physically disabled



پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی کێن؟

ئەو کەسانەئەگرێتەوە کە لاوازن وکەمو کۆرییان هەیە لە هەندێ ئەندامەکانی جەستەیاندا وەك شکاندن و بڕین یان تووشی نەخۆشیە بەردەوام بووەکان وەکو.. شێرپەنجە.... ونەخۆشیەکانی دڵ ....وئیفلیجی ..

ئەم جۆرە پەککەوتووە ناتوانێ ئەرکی جەستەیی وجوڵانی بە شێوەیەکی ئاسایی بباتە سەر، لەبەر ئەوە هەمیشە پێویستی هەیە بە چەند خزمەت گوزاری

ویارمەتیدانی لەلایەن کەسانیتر کە نەتوانێ بەبێ ئەو یارمەتیە پێویستیەکانی خۆی جێبەجێ بهێنێت، هەر وەها بەکار هێنانی چەند ئامێرێکی یەدەکە.

هۆکاری پەککەوتووی جوڵانەوەو جەستەیی :

1- هۆکاری زگماکی :

وەکو : (تووش بوونی دایك بە ئاولەی ئەڵمانی ــ بەکارهێنانی دەرمان ـ نەخۆشیەکانی بۆماوەیی ...(لە بەشی چوارەمدا باسمان کردوە).

2- هۆکار ی وەرگێراو ژینگەیی :

أ- زاماری مێشك ـ (هەوکردنی مێشك (السحایا) Meningitis

ب- روداوی ئۆتۆمۆبیل ـ کەوتنەخوارەوە .

ج- زاماری بڕبڕەی پشت کار دەکاتە سەر توانای تاك لە جوڵەو گواستنەوە، وزۆربەی ئەم کێشەیە کاریگەری ئەخاتە سەر دەست وقاچ.

د- زاماری ماسولکەکان .

ه- ئیفلیجی.



و- ئێسك نەرمی Ricket

ز- نەخۆشیەكانی ڕۆماتیزمی منداڵان Rheumatism

ح- زۆربەی نەخۆشیە سەخت و گرانەكان كەوا تووشی منداڵان ئەبن وەئەونەخۆشیانە كە پێویستیان بە چاودێری تەندروستی بەردەوام هەیە

وەكو:

نەخۆشی..دڵ..تەنگەنەفەسی..هیمۆفیلیا...تالەسیمیا..شەكرە..لەرزوتا..

(ئەوبەشانەی لە پێشودا باسمان كردوە).

پاراستنی منداڵان لە پەككەوتووی جوڵانەوە و جەستەیی :

خێزانەكان پێویستە هەوڵ بدەن كە منداڵەكانیان بپارێزن لە پەككەوتنی جولانەوە و جەستەیی بەم شێوەیە :

1- ئیفلیجی منداڵان

نەخۆشیەكە كە تووشی منداڵانی ساوا دەبێت،وە زۆر بەئاسایی دایك و باوك ئەتوانن زاڵ بن بە سەر ئەو كارەساتەیەدا كە بەسەر منداڵاكانیاندا دێت زۆر بەئاساییە، ئەویش بە هۆی كوتاندن دژی ئەو نەخۆشیە،كەبریتیە لە دڵۆپی دەرمان ئەیدەن بە منداڵ لە دوای تەمەنی سێ مانگدا .

ئەوەی جێ دڵخۆشكەرە كە لەم ساڵانەی دواییدا هیچ حاڵەتێك لە كوردستاندا تۆمار نەكراوە.

2-لە ڕێگەی بڵاوكردنەوەی زانیارێە بنەرەتێەكان دەربارەی پاكو خاوێنی خۆراك،چاودێری كردنی منداڵ.

3-ڕێكخستنی وجێبەجێكردنی بەرنامەی چاودێری تەندروستی لەرێگەی كەناڵە تەلەفزیۆنەكانەوە وگۆڤارو ڕۆژنامەكاندا .

4-ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل :

یەکێکە لە هۆ سەرەکیەکانی پەککەوتن، وئەتوانرێت ئەم ڕوداوانەش کەم بکرێتەوە بە هوشیاری کردنەوەی هاتووچۆ،بەکارهێنانی پشتۆنیی سەلامەتی، و بەکارهێنانی کورسی منداڵ لە ناو ئۆتۆمۆبیلدا .... .

5-ئیفلیجی مێشك :Cerebral Palsy

کەم کردنەوەی ئەم نەخۆشیە لەرێی جاودێری کردنی ژنی سك پڕ لە لایەن پسپۆری تایبەت .

کاریگەرک دەروونی لەسەر پەککەوتووانی جوڵانەوە وجەستەیی :

ئاشکرایە لای هەمووان کە باری دەروونی لای هەموو خاوەن پێداویستەکان کە بارێکی دەروونی زۆر گرانیان هەیە کاریگەرێکی زۆر قورس ئەخاتە سەریان کە کەمتر نیە لە بارودۆخەکەی خۆیان، و دەرئەنجامی ئەمەش توشی: دڵەراوکی... و نائارامی... وهەڵچوون... خەمۆکی ئەبن، چونکە لە زۆرشت بێ بەشن وەکو... ڕۆیشتن... یاری کردن... جولانەوە (لە ترسی کەوتن) ... ڕۆیشتن بۆحەمام بەتەنیا... جلگۆڕین...

هەموو لەو هۆیانە شڵەژانێکی دەروونی لە دوایە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو شڵەژانە قووڵ ئەبنەوە وبەرەو زیادبونەوە ئەچن وبە پەرەسەندی تەمەن و بەرەو ڕووی نەخۆشێە دەروونیەکان ئەبنەوە وتەندروستیان بەرەو دارمان ئەچێت، وهەرچە ندە

ئەو کێشەی ناجوڵاندنیش هەیە لێرداتووشی گەورە ترین کێشەی کۆمەڵایەتی دەبێت ئەویش پشت بەستن بە خەلکانی ترەوە، وئەمەش دەبێتە هۆی تەنگەرانی و نارەحەتی و هەست کردن بە کەمی و، بە وێنەیەکی نێگەتیف سەیری خۆی ئەکات، وەهەمیشە هەست بە دڵەراکی وخەمۆکی ئەکات، وە ئەو شلە ژانیانە وردەوردە کۆ ئەبنەوە، وە ئەو کۆبونانە لەناو کردارەکانی لاشعوردا پەرچ دەبێتەوە دەبێتە هوی رەفتاری شەرخوازی وگۆشە گیری وەلێرەدا گەورە ترین مەترسی پەیدا دەبێت بۆ ئەو کەسە ئەویش ناگونجاندنە لەگەڵ گرفتی جستەیدا، وەچرِی ئەو کاریگەریە ئەکەوێتە سەر... جۆری پەککەوتنەکە ... وە تەمەنی ئەو کەسە ... جگە لە بارودۆخی خێزانی وکۆمەلایەتی کە ئەو پەککەوتووەی تیادا ئەژی، لیرەدا خێزان رۆلیکی زۆر گرنگ ئەبینێ بۆ کەمکردنەوەی ئازاری کەسی پەککەوتوو ئەگەر هاتو پشتگیری و پەسەند کردنی ئەو پەککەوتووەی کرد، یان ئەبیتە سەرجاوەیەکی ئازارکێشانی وتەنگەرانی ونائارامی بۆی .

هەروەها کۆمەلگا زۆر بێ بەزەییە بێ رەحمی سەیری ئەم چینە کەوا ناوی برینداری بە سەریاندا سەپانۆە ووشەی(پەککەوتو)، وە بە هۆی دانانی سنور بۆ کەسانی پەککەوتوو، یان بە هۆی جیاوازی مامەڵە کردنی لەگەڵیاندا، لەبەر ئەوەی ئەو کێشانەی کەوا پەککەوتوەکان پێیەوە دەناڵینن تەنها بەهۆی پەککەوتنیانەوە نیە زۆربەی ئەگەرێتەوە بۆ ئەو کۆسپ و سەرنجانەی کەوا کۆمەڵگا پێ بەخشیون.

هۆکاری شڵەژانی دەروونی لای پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستیەکان

یەکەم :ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە وەڵام دانەوەی دەروونی لای پەککەوتو:

1- تەمەنی رِوداوی پەککەوتن :

هەندێ پەککەوتوو هەیە هەر بە زکماکی تووش بوون، هەندێکی تریان بەمندالّی تووش بوون، یان بە گەورەیی پەکیان کەوتوە وجیاوازی هەیە لە کەسیك بۆ کەسێکی ترەوە.

2-رەگەز :

رەگەزی پەککەوتوو کاریگەری هەیە بۆ شڵە ژانی دەروونی، نەبونی دەست یان قاچ یان هەرجۆرێکیتر لای مێینەکان کاریگەری زیاترە تاکو لای نێرینەکانەوە.

3-زیرەکی :

ئەو پەککەوتوانەی کە رێژەی زیرەکیان کەمترە زیاتر پشت ئەبەستێن بەکەسانی ترەوە، وزۆر خەفەت و بارو وهەستی هەڵ چوونیان زۆرە .

4-تایبەتمەندی کەسایەتی :

کەسایەتی پەککەوتوو لە پێش ڕووداوی کەم ئەندامیەکەیدا کاریگەری هەیە لە سەر بەرواری حاڵەتەکەی .

5-خێزان :

خێزان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ ئەبینێ ئەگەر هاتوخیزانێ پەککەوتوو پەیوەندیان لەناو یەکتریدا بەیەکەوە هەبێت ئەوا خۆشەویستی وپشت کیری لێ دەکەن کەوا توشی ئەوحاڵەتەبوە، وئەمەش دەبێتە مایەی پەسەند کردنی ورێزلێنان .

6-جۆری پەککەوتن :

کاری گەری دەروونی لە سەر پککەوتو جیاوازی هە یە لەسەر جۆری پەککەوتنەکە.

7-قەبارەی کۆئەندامی دەماری

ئەگەر هاتوو پەککەوتنەکەی بگەڕێتەوە بۆ کۆئەندامی دەماری بێگومان کاریگەری دەروونی نابێت تەنیا لەسەر کەسایەتی ئەوکەسە بەڵکو لە سەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ پەککەوتنەکەیدا، وئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریە دەروونیانەی کە کۆئەندامی دەماری دایناوە .

گۆڕانکاریە دەروونیەکان

1. شڵەژانی یاردەوەری
2. تێکچونی زیرەکی

3. گۆڕانکاریەکانی هەڵچوون نوەکو (دڵەراوکی – خەمۆکی)
4. گۆڕانکاریەکانی ڕەوشت

دووەم :کێشە دەروونیەکانی پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی

1-هەست کردن بەماندوبوون:

پەککەوتوی جوڵانەوە دەبێت هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆر بدات هەتاکو قەرەبوونی ئەو ناتەواوییە بکات، لەبەر ئەوە هەمیشە هەست بە ماندوبون دەکات.

2-گۆڕانی شێوەی جەستەیی :

ئەو کەمی وکورپە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە جەستەی پەککەوتوو کە ناتوانێت بیشارێتەوە، یان بەکار هێنانی چەند ئامێرێکی یەدەکە کەزۆر لەم ئامێرانە شێوەی جەستەیی ئەو کەسە ئەگۆڕێت و تێك ئەدات، و ئەمەش یەکێکە لەهۆی ئازاری دەروونی تیژ.

3-کاریگەری دەروونی بەهۆی ئەو ڕوداوەی کە پەکی خستوە، وئەمەش کاریگەری دەروونی کردوەتە سەر چەند هۆیەك وەکو :

ا-ئەزمونی ئەوکەسە.

ب- قەبارەی ترس کە تووشی ئەبیێت لە سەرەتای ئەو ڕوداوە.

ت-مامەڵکردنی خێزانەکەی.

پ -ئاواتەخوازی بۆ ئەوەی پشت ببەستی بەخۆی بۆ پەیداکردنی پێویستیەکانی ژیانی.

ت-هەست نەکردن بە ئاسایش.

ج-هەست کردن بە ترس وغەم وخەمۆکی بە هەستکردنی کە ئەو کەسانەی کە یارمەتی ئەدەن بەجی بهێڵن یان وازی لێ بهێنن .

4-کاریگەریەکانی خەڵك لەسەر پەککەوتوو

5-کاریگەری ئامێرە هاوکێشەکان وەکو:

أ- کێشەی بەکارهێنانی ئامێر

ب- کەم بوونەوەی توانای جولاندنی ماسولکەکان

ت- شڵە ژانی شێوەی گشتی پەککەوتوو شڵوشوقی ئامێرەکان

6-کاریگەری دەروونی بەهۆی گۆڕانکاری لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی وکارو ئابوری وەکو:

1. بزربونی ئاست ودۆخی کۆمەڵایەتی
2. درێژ خایەنی چارەسەرکردنی کاریگەری ئەخاتە سەر خێزانەکەی کەدەبێتە هۆی بێزاربونیان.
3. بزربوونی پیشەو کاری ئەوکەسە بەهۆی ئەو حاڵەتەی کەوا توشی بوە وهەست کردن بە کاتی بەتاڵ، و نازانێ چۆن قۆستنەوەی بکات .
4. دروست بوونی ناکوکی لەگەڵ خێزانەکەیدا ئەگەر هاتو ئەوکەسە خێزان داربێت بەهۆی دورکەوتنەوە لەماڵەوە وەدەرچوونی بۆ چارەسەر کردن .

ڕێنمایی خێزانی بۆ خێزانی خاوەن پەککەوتووی جەستەیی جوڵانەوەکان

ڕێنمایی خێزانی بریتیە لە خزمەتگوزاری وپشتگیرکردن لەو خێزانانەی کەخاوەن منداڵی پەککەوتون، و فشارێکی زۆریان ئەکەوێتە سەر. لێرەدا پێویستی زیاتریان دەبێت بە یارمەتی ڕێنمایی خێزانی، و ئەو ڕێنمایی کارە یەکەم جار هەوڵ ئەدات کە چۆن چارەسەری ئاسودەییەی بۆ ئەو هەواڵە ناکاوە کە لەکاتی لەدایکبونی ئەو منداڵە پێیان دەڵێن بدۆزێتەوە، و ئەو ڕێنمایانەش پێك دێت لەم خاڵانەی خوارەوە :

1- یارمەتی خێزان بۆ قبول کردنی ئەو منداڵە پەککەوتووە.

2- کارمایی هەموو ئەندامی ئەوخێزانە بۆ مامەڵە کردن بەشێوەیەك پەروەدەیی گونجاو .

3- ڕێنمایی ئەو خێزانە بۆ ئەوەی منداڵەکەیان بپارێزن لە شتی مەترسیدار .

4- دابین کردنی هەموو ئەو ئامێرەیارمەتی دەرانەی کە پێوستە بۆ جوڵانەوەیان

5- دەوڵەمەند کردنی ژینگەی ئەو منداڵە بۆ پەرەپێدانی هەمو تواناکانی .

6- دابین کردنی یەدەکی ڕابواردن وبردنی جاروبار بۆ باخچە وشوینە گشتیەکان.

7- فێر کردنی خێزانکەی کەچۆن چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە بکات کەوا تووشی ئەبێ وەکو کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتی و ئابوری.

فێرکردنی منداڵانی پەککەوتووی جوڵانەوەوجەستەیی

Teaching students with physical disabilities

یەکەم : بەشی ناوخۆیەکانی پەککەوتووان:

ئەو بەشە ناوخۆیانە تایبەتە بۆ ئەو پەککەوتوانە کە هەمو پێویستێیەکانیات وخزمەت گوزاریێ... پزیشکی... و پەروەردەیی... ودەروونی ...کاراییان بۆ دابین کراوە، کە هەمو کاتێکیان تیا ئەبەنە سەر، و ئەو بەشە ناوخۆیانە ئەبنە هۆی دورخستنەوەی ئەو پەککەتوانە لە خێزانەکانیان ولە کۆمەلگاکەیان .

دووەم : ناوەندەکانی پەککەوتوان:

لیرەدا ئەو پەککەوتوانە لەبەیانی هەتاکو کۆتایی بەردەوام لە نـاو ئـەو ناوەنـدە ئەمێننە وە، ودوای دەوام ئەگەرێنەوە بۆ ناو خێزان و کەسوکاریان، وجیـاوازی ئـەم جۆرە قوتابخانەیە لەگەڵ قوتابخانەکەی تر ئەوەیە ماوەیەکیان بۆ ئەمێنێتـەوە کـەوا لەگەڵ خێزانەکانیان ئاوێتەبن .

سێەم : تێکەڵکردنی (الدمج) پەروەردەی :

وارەچاو ئەکرێت کە تێکەڵاو بـوونی قوتابیـە پەککـەوتوەکان لەگـەڵ قوتابیـە ئاسایەکان لە یەك قوتابخانەدا باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی لەباری دەروونیەوە هەست بە کەم وکۆڕی نەکەن .

ئاسانکردنی پرۆسەی تێکـەڵکردن (الـدمج) یـان دووبـارە تێکـەڵکردنی لـەو کۆمەڵگایەی لیّ دەژیت ، وبەشێوەیەکی زیندوو بـە ئامـادەکردنی کۆمەڵایـەتی دا دەنرێت لە هـەموو کـرداری ئامادەکردنیـدا وەکـو : (تەندروسـتی — فێرکـردن — پیشەیی) ، هـەروها ئامـاژە دەکـات بـە ئـەزموون و توانـای پەککەوتوەکـە بـۆ سەرکەوتن بەسەر هەموو ئەو کێشە دەروونییانەی کەوا توشی ئەبێت .

ئامانجەکانی تێکەڵ کردنی منداڵان

1-کەم کردنەوەی جیاوازی کۆمەڵایەتی ودەروونی لە ناو منداڵەکاندا .

2-ئەو منداڵانە هەست بەپەسەند کردنی خودی خۆیان دەکەن وهاندەرەکانیان زۆرئەبێت بۆ فێربون .

3-رزگارکردنی ئەو منداڵانە وخێزانەکانیان لەو لەك وپەڵەیەی کە سەپێنراوەبە سەریاندا بەهۆی ڕۆیشتنیان بۆ قوتابخانەی تایبەتمەندیەکان.

4- توانای زمانەوانی ئەومنداڵانە بەهۆی تێکەڵ بونیان لەو قوتابخانە ئاسایانە زۆر باش ئەبێ.

ڕێنمایی کردنی منداڵی پەککەوتووی جوڵانەوە وجەستەیی

1- یارمەتی ئەو منداڵە بۆ هەست کردن بەهەبونی لە ژیاندا و ڕێز وبایەخ پێدان لەخودی خۆی .

2- پیشاندانی ئەزموونێکی خۆشی بۆئەو منداڵە لەژیاندا.

3- هێورکردنی شلەژانی وتورەیی لای ئەومنداڵە.

4- یارمەتیدانی بۆ ڕزگار بوونی لە کێشەی پێ نەگەیشتن و بێ ئاسایش.

5- ڕزگار کردنی لە هەست کردن بە ناتەواوی خۆ ی بەکەمی ناتەواوی زانین.

6- ڕاهێنانی لەسەر لێوەشاوی بڕیاردان و چارەسەری کێشەکان .

7- ڕێنمایی کردنی کە چۆن خۆی بپارێزێت لەشتە سامناکەکان وەکو : یاری کردن بە ئامێری کارەبا.. و تەباغ.. و غاز، و فێرکردنی کە چۆن بەشێوەیەکی ڕاست لە شەقام وکۆڵانەکان بپەڕێتەوە .

8- ڕێنمایی کردنی کە چۆن خۆی بپارێزێ لە درم و نەخۆشیە پەتاکان.

9- فێرکردنی دابی نان خواردن ولەبەرکردنی پۆشاك بەشێوەیەکی ڕاست.

10- ڕێنمایی کردنی بۆ هاتووچۆ کردنی ئەو سەنتەر ونەخۆشخانانە کەوا پێویستی پێیان هەیە و خزمەتی دەکەن .

11- فێرکردنی بە هەموو ماف وئەرك وپاپەندبون بە یاسا.

12- فێر کردنی چۆن باوەڕی بە خودی خۆی بێت و واز لە شەرانگێزی بهێنێت هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی و سوود وەرگرتن لە تواناکانی .

ڕۆڵی ڕێنماییکاری دەروونی بۆ قوتابی پەککەوتوی جوڵەوە و جەستەیی:

1)هەوڵ دانی ڕێنماییکار بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ پەککەوتوان لە نێو کۆمەڵەکە یان لە چاودێری کردنیان لە دەزگا جیاجیاکاندا .

2)لابردنی جیاوازی و زەنگی کۆمەڵایەتی دژ بە پەککەوتووان .

3)لابردنی ئەو بەربەستانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم پەککەوتوان بۆ تێکەڵ بوون و بەشدار بوون لە کارەکانی کۆمەڵگا .

4)کارکردن بۆ ڕێگرتن لە پەککەتوویی لە ڕێگای ڕاگرتنی هۆکارەکانی .

5)دان پێنان بە پەککەوتووان وەك ڕێزگرتنیان و دانپێدانانی مافەکانیان.

6)کەم کردنەوەی گرژی وتوڕیی و ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی بەکێشەکانی پککەوتوو وهاندان بۆیارمەتی دان وقبوڵ کردنیان .

7)یامەتی بۆ ڕزگاربونی لە کێشەی پێنە گەیشتن و نائاسایشی.

1

8)یارمەتی بۆ ڕزگارربونی لە هەستی کەم وکۆری.

9)ڕاهێنانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەخۆ ڕاگرتن وبڕیار دان.

10) ڕێنمایی کردنی بۆ خۆپاراستن وئاسوودەیی لە یاری کردن بە ئامرازی کارەبا وگاز و چۆنیەتی پەڕینەوە لە شەقامدا.

11) ئامۆژگاری چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ دایك و باوکی و مامۆستاکانی و برادەرەکانی.

12) فێرکردنی بۆ هاتوچۆی نەخوشخانەو ناوەندە تایبەتمەندییەکان و پشتگرتن بەخوودی خۆی.

13) یارمەتی بۆ کەم کردنەوەی توڕییە ونائارامی .

14) فێرکردنی چۆن گفتوگۆ لەگەل کەسو کاری بکات لە کاتێك کە ئیشیان پیّ دەبێت.

15) هاندانی بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە تواناکانی.

16) فێرکردنی لە بەر کردنی هەمووجۆرە جلو بەرگێك .

17) ڕاهێنانی ئەو یاریە کە هاوتا بێت لەگەڵ توانای جەستەیدا .

بەشی :هەشتەم

پەککەوتووی نەبینین

پوختەیەکی مێژووی دەربارەی بایەخ پێدان بە

قۆناغەکانی پەرەپێدانی پەککەوتووی نەبینین

پێناسەی پەککەوتووی نەبینین

جۆرەکانی: پەککەوتووی نەبینین

پۆلینکردنی پەککەوتووی نەبینین

هۆکاری پەککەوتنی نەبینین

تایبەتمەندیەکانی منداڵانی پەککەوتوی نەبینین

هەستەکانی نەبینان

کێشەکانی پەککەوتووی نەبینین

جۆرەکانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ قوتابیانی نەبینان

ئامانجەکانی ڕێنمایی دەروونی بۆ نەبینان

ڕێنمایی پەککەوتوی نەبینین

بەشی : هەشتەم

نەبینان : پەککەوتوی چاو Blind

نەبینان (کوێر) :Blind

پوختەیەکی مێژووی دەربارەی بایەخ دان بە قۆناغەکانی پەرەپێدانی پەککەوتوی نەبینین :

قۆناغەکانی مێژوی پەرەپێدانی پەککەوتوی نابینین

یەکەم :چەرخی کۆن : OLD - AGES

لەم قۆناغەدا نەبینان هیچ جۆرە بایەخ پێدانێکی پەروەردەیان نەبوە، و ژیانێکی هەژاری وداماویان کێشاوە، زۆر لەو باوکانە کە منداڵی کوێریان هەبوە هەڵ ئەستان بە سواڵ کردن پیانەوە بۆ ئەوەی خەڵك خێریان پێ بکات، و ڕای ئیفلاتۆن

.. وئەرستۆ ...وابو کە پێویستە ئەو نەبینانە بیان فەوتێنن ئایا بەکوشتن یـان دورە وولاّتیان بکەن، وەئەمەش لە یاسای the laws of Le krojus and Solon بوو.

وله ڕۆما هەتاکوماوەیەکی زۆر هەرلەسەر ئەو یاسایە مانەوە کەوا پەککەوتوی نەبینیانیان فڕیان ئەدانە ڕوباری تایپر(Tiper) لەئیتالیا بۆ ئەوەی بخنکێن، بـەڵام بەهاتنی (رۆمۆس) کەداوای دامەرزاندنی سەنتەرێکان بۆ بکەنەوە لەبەر ئەوە بۆیان دەرکەوی کەوا پەککەوتووی نەبینان هاوولاتی چاکن یان نا .

وئەم کوشـتن و لـەناوبردنی نـەبینان ئەگەڕێتـەوە بـۆ بـیرو بـاوەڕی ئەفسـانە و خورافاتی ئەو سەردەمە، و باوڕیان وابو هەر کەسێ دەست بدات بەدەستی کۆێرەوە ئەوا ئەویش کۆێر دەبێت، چونکە لەوباوەرەدا بوون کە وا دەسەکانیان مەترسی دارن لەسەر تەندروستی گشتی و، لەبەر ئەوە هـیچ جـۆرە ئـیش و کارێکیـان پیـا ڕانـە ئەسپاردن.

هەر وەها هەندێ کومـەڵگا باوەڕیـان وابـو کـە نـەبینان نـەفرەتی خواکەیانـە لەبەرئـەوە زۆر ڕسـوا ئـەکران بەچـاوێکی سـووك تەماشـا ئـەکران وزۆر جـاریش ئەکوژران، وهەندێ کەسانی تر وایان ڕەچاو ئەکرد کـە نـەبینان مشـەخۆرن لەسـەر کۆمەڵگا ئەبنە هۆی بێهێزی کەم کردنەوەی ئازوخە، و هەرئەبێت بە زووترین کـات لەناویان بەرن بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەیان بێ هێز نەبێت. (عبدالعزیز:2008)

دووەم :چەرخی- ناوەراست MIDDLE-AGES

لەساڵی 1601 لە ئینگلستان شاژن (ئیلیزابیل) یاسایەکی دەرکرد بۆیارمەتی هەژاران، وەپەککەوتوی نەبینانیشی بەر کەوت چونکە ئەوانیش لە چینی هەژاران بوون، وە شا لویس لە فەرەنسا حەشارگایەکی بۆ دروست کردن کە جیّ(300) نەبینانی تیا ئەبووەوە، وەچەند خزمەت گوزاریکیان پیشکەش ئەکرا بۆ ئەوەی مەعنەویاتیان بەرزببێتەوە .هەر لەو کاتەدا (فالنتین هۆی) لە پاریس چاوی کەوت بە نەبینانێك کەسواڵی ئەکرد لەناو شەقامێکدا، لەپاش گفتوگۆکردن هێنایە ماڵی خۆی وە زۆر گرنگی پێدا وە قوتابخانەیەکی بەناوی ئەوەوە دامەزراند وە زۆر بەزوویی ژمارەی قوتابیەکان گەیشتنە (12)، فالنتین هەستا بە دانانی چەند پیتێکی زۆر گەورەو دەرپەریو هەرکاتێك پەنجەی نەبینانی بەریکەوێت ئەتوانێت بیخوێنیتەوە، دوابەدوای ئەوە چەند قوتابخانەیەك تر کرایەوە بۆ نەبینان لە شارە گەورەکان وەکو:.... لیڤەرپوڵ... ئەدنبەرە... بریستۆل... لەندەن... وەلەزۆر پایتەختەکانی جیهان.

هەروەها گەشەی پەرەپیدانی پەروەردەی نەبینان بەشێوەیەکی زۆر دەستی پیّ کرد لە دوای وتارەکانی (ڤۆلتێر) کە دەری خست پەککەوتوی نەبینان ئەتوانیّ پشت بەخۆیەوە ببەستێت گەر هاتوو دەرفەتی ڕاهێنانی کاری بدرێتیّ .

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا فێرکردنی نەبینان کرا بە فەرمان، وە ڕیگای (لویس برایل: - Braille Method) لەگەل ڕیگای (مون :Mon –Method) کەوتنە بەر چاوەوە وەئەوانەش دوو ڕێگای وانەوتنەوەن بۆ نوسینی دەرپەڕیو بۆ نەبینانە (ملحم2001).

سێیەم : سەدەی بیستەم هەتاکو ئێستا NOW &TWENTIETH CENTURY

هەر لەگەڵ سەرەتای ئەو سەردەمە دا هاواری مامۆستایان وفێرکەران لە حکومەتەکانیان داوایان ئەکرد کە گرنگ بدەن بە پەککەوتوی نەبینان، وئەمەش بو بە هۆکاری دەرچونی یاسایەك سالی(1920) لە ئینگلستان بۆ نەبینان، کە بریتیبو لە چاك کردنی پلەی ژیانیان، دوابەدوا ئەو یاسایە چەند سەندیکاو کۆمەڵی خێرخواز داوای یارمەتیان بۆ ئەو نەبینانە ئەکرد، هەروەها کۆمەڵەی ئینگلیزی بۆ پەرەپێدانی نەبینان دامەزرا بۆ فێر کردنی هەندێ ئیشوکار، وئەمەش بو بە هۆی ئەوەوە کەوا قوتابخانەی سەرەتاییان بۆ کرایەوە و لەو کاتەوە هەتاکو ئێستا لە هەمو وڵاتەکانی جیهان گرنگیان پێ درا و هەموو لەو قوتابخانانە ئاسان کاریان بۆ کراوە

پێناسەی پەککەوتووی چاو یان نەبینان

1- پێناسەی یاسایی بۆ نەبینان :

کەسی نەبینان بەپێی یاسا وبۆچوونی پزیشکەکان ...بەو کەسە ئەوتری کە تیژی بینینی چاوی لە (6\60) پێوەر (20\200) پلە پێ زیاتر نەبێ ئەگەر چی لەگەل بەکارهێنانی چاویلکەی پزیشکیدا، و ڕێژەیەکی کەم بەتەواوی توانای بینینیان نیە، بەڵام زۆربەیان چەند پلەیەك کەم بینینیان هەیە .

2-پێناسەی پەروەردەیی بۆ نەبینان:

بەو کەسە دەڵێن پەککەوتوو نەبینن کە دەناڵێنێ بەدەست هەستی نابینینی زۆر توندە و توانای خوێندن ونوسینی نیە تەنها بە ڕێگەی (برێل Braille-Method) نەبێت، بەڵام ئەوانەی ئاستەکەیان کەمە ئەتوانن بخوێننەوە وبنوسن بە چاویلکەی گەورەکەر .

جۆرەکانی: پەککەوتوی نەبینان :

یەکەم : پەککەوتووی نەبینینی زۆر توند :total blindness).

ئەو جۆرە پەککەوتوانانە بەتەواوی هەستی بینینیان نەماوە وڕێژەیان ئەگاتە کەمتر لە 20\200پە، ناتوانن کەڵك لە ئەزمونی پرۆگرامەکانی پەروەردە وفێربون بکەن ... وەکو کەسانی ئاسایی وەربگرن ...و پێناسەی یاسایی وپەروەردەی بەسەریاندا ئەگونجێت .

دووەم : پەککەوتوی نەبینینی توند :

ئەم جۆرە نەبینانە ئەتوانێت چارەسەر بکرێت لە ئەنجامی یارمەتیدەرەکانی بینین .

سێیەم: پەککەوتوی نەبینانی بەشی (جزئی) یان کەم بینین Low Vision

ئەم جۆرە پەککەوتوانە بەشێك لە هەستی بینینیان لەدەست داوە، و توانای خوێندن ونوسینیان هەیە... بە یەدەکی گەورە کردن یان... جاویلکە تایبەتمەندی ...ریگەی برێل، وهۆی ئەم جۆرە نەبینیانە کەمی لە گەشەی دەماری بینینە .

چوارەم : کێشەی نە بینراوە هەمەجۆرەکان : other visual problem

پۆلینکردنی پەککەوتووی بینین :-

1. نەبیانی دەر ئەنجامی ڕودا و :

زۆر جار سەری مرۆڤ تووشی ڕوداوێك دەبێت کاریگەری زۆر ئەخات سەر ناوەندی دەماری بینین و تۆری چاو لە مێشکدا، یان هەندێ جار تۆری چاو تووشی خوێن بەربوون دەبێت بە هۆی فشاری خوێن یان بەرکەوتنی کیمیائی یاخود لە ئەنجامی بەرکەوتنی چاو بە هەندێ شتی تیژ .

2. نەبینینی ڕەنگ ، کوێری ڕەنگ :(عمى الالوان DALTONISM)

هەندێ کەس هەیە توانای جیاوازی ڕەنگەکانیان نیە وەکو کەسە ئاساییەکان، زۆر جار ئەم نەخۆشیە بۆماوەییە، بەڵام زۆر جار بە هۆی کەم و کوڕی چاو یان دەماری بینین ومێشك یان بەکار هێنانی مەوادی کیمیاویەوە ڕوئەدا، زانای کیمیاوی ئینگلیزی (جۆن دالتۆن) تویژینەوەیەکی بلاو کردەوە لەسەر ڕەنگ نەبیبین کە خۆیشی ئەو نەخۆشیەی هەبوو . وزۆربەی ئەو کەسانە توانای هەستیان نیە لەسەر چەند ڕەنگێك بە تایبەت ... سەوز ....وسور .

3. شەو کوێری :(العمى او العشى الليلى NIGHT BLINDNES)

ئەوانەی بەم جۆرە نەخۆشیەوە ئەناڵێنن توانای بینینیان نیە لە کاتی لێڵ وتاریکیدا، یان لە کاتی گۆڕینی شوێنەکەیانەوە لە ڕۆشناوە بۆ شوێنێکی تاریك .

4. نەبینانی دەروونی (سێکۆلۆژی PSYCHOSOCIAL DNESBLIN

نەبینانی دەروونی لە پڕ ڕوو ئەدا لە دوای ڕاتەکانێکی هەستیاریەوە کە ئەو کەسەی تووشی دەبێت ناتوانێت بەرگەی ئەو بینینە بگرێت و تووشی هستیریا(Hysteria) دەبێت، هیستریا نەخۆشیەکی دەروونیە دەبێتە هۆی شلۆقی دەمار وجولانەوەکان گاریگەری ئەکاتە سەر ئەندامەکانی جەستە وچاویش یەکێکە لەو ئەندامانە کە ئەبیێتە هۆی نەبینین، وەکو دایکێك کە کوڕەکەی لەبەر چاوی ئەمرێ تووشی ئەم حالەتە ئەبێ، هەر وەها هەندێ قوتابی بەدەست کەم بینینی چاویان ئەناڵێنن بۆ ئەوەی لە قوتابخانە هەلبین بەلام کە تاقیکرنەوەی پزیشکیان بۆ ئەکریت دەرئەکەوێ کە چاویان هیچ کەمو کوڕییەکی نیە، وئەم جۆرە حاڵەتانە دەبێت پزیشیك دەروونی چارە سەریان بکات .

5. حاڵەتی کورت بینین : قصر النظر NEARSIGHTEDNESS

کورت بینین ئەو حاڵەتەیە کە ئەو کەسە تووشی دەبێت لە ئەنجامی گەورەی قەبارەی تۆپی چاو کە دەبیتە هۆکاری کۆبونەوەی تیشکی ڕوناکی یان وێنەی شتە

بینراوەکان ئەشکێتە ناو چاو پێش ئەوەی بگاتە تۆری چاو، وەدەبیتە هۆی هەستی گران بینینی شتی دوور و پێویستی بە چاویلکە هەیە بۆ بینینی شتە دورەکان، بەلاّم شتە نزیکەکان باش ئەبینن وەهیچ پێویستیان بە چاویلکە نیە .

6ـ حاڵەتی دور بینین : بعد النظر : HXPOROPAIL

ئەو کەسەی کە دور بینە ناتوانێ شتی نزیك بەباشی ببینێ، و دروست دەبێت لە دەر ئەنجامی بچوکی قەبارەی تۆپی چاو دەبێتە هۆی کۆبونەوەی تیشکی ڕووناکی یان کەوتنی وێنەی شتە بینراوەکان دوای تۆری چاو کە دەبێتە هۆی گران بینینی شتە نزیکەکان و پێویستی بە چاویلکە هەیە بۆ بینینی شتە نزیکەکان نەوەك دوور .

7ـ حاڵەتی بینراو گرانی(ئیستیگماتزم ASTIGMATISM):

خاوەنی ئەم جۆرە حاڵەتە زۆر بە گرانی شتەکان ئەبینن وبە شێوەیکی گران وهۆکاری ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بیلبیلەی چاو لە شوێنی ئاسایی Notion Focus خۆیدا نیە، و بە چاویلکەی تایبەت ئەتوانێ باش ببینێت .

- جلاکۆما Glaucoma :

جلاکۆما ناسراوە بە (ئاوی شین) وئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ زۆربونی ئەو ئاوەی کە لە بیلبیلە چاودا هەیە وەپاڵە پەستۆی چاو لەگەڵ ئەو پاڵە پەستۆیە لەوانەیە خۆین نەگاتە دەماری بینین ئەمەش دەبێتە هۆی نەبینین .

9ـ ئاوی سپی یان ئاوی مرواری :CATARACT

زۆربەی ئەم نەخۆشیە تووشی کەسانی بە ساڵاچواناندا دەبێت، زۆر جار عەدەسەی چاو تارادەیەك ڕوونی خۆی لە دەست ئەدات لە ئەنجامی بونی هەورێکی سپی یان زەرد لەسەر چاو وەکو پەردەیەك یەتە بەر چاو وبینراوەکان بە زەردی دێنە بەر چاو .وئەمەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی هێزی چاو .

10- چاو خێلی - الحول STRABISMUS :



ئەمەش بریتیە لە ناهاوسەنگیەك لە نێـوان دەمارەکـانی چـاو کـە لەئەنجامـدا هەردوو چاوەکان ناتوانن تەرکیز بکەنە سەر هەمان شێوە لە هـەمان کاتـدا ئـەنجام بدەن هەریەك لە چاوەکان بە ئاڕاستەیەك دەڕوات جیاوازە لە ئاڕاسـتەی ئـەوەی تـر واتە سەر هەردوو ئاراستەکە لە یەك خاڵ یـەکتر ناگرنـە و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دروست بوونی دووشت لە یەك کاتدا وە هۆکاری خێلی زکماکیە یان بۆ ماوەییە یان کەم بینینە لە چاوێکدا وەهەندێ جار لە کەمی ماسولکەکانی چاوەوەیە.

11- نەخۆشی شەکرە (DIABETES)

ئەمـەش دەر ئامـانجی نەخۆشـی شـەکرەیە کـە ئەبیتـە هـۆی کـەمی ڕێـژەی پێویستی شەکر لە خانەکانی تۆری چاو وردەوردە دەبێتە هۆی نەبینین .

12-نەخۆشی تراکۆما TRACHOMA

تراکۆما نەخۆشیەکی درێژ خایانە تووشی بیلبیلەی چاو دەبێت، وئەم نەخۆشـیە ئەگوازێتەوە لە کەسێك بـۆ کەسـێکی تـر، و زۆر زوو بلّـاو دەبێتـەوە لـە ڕێگـەی بەکارهێنانی خاولی و جلوبەرگی نەخۆشەوە .(الخطیب،والحدیدي:1999)

هۆكارى پەككەوتنى نەبينان

يەكەم : هۆكارى پيش له دايك بوون (زكماكى) يان هۆكارى بۆ ماوەيى:

ئەم هۆكارانە لە بەشەكانى پێشودا باس كراوە

1- هەندێ لە نەخۆشيەكان ئەگواسترێنەوە لە باوانيانەوە بـۆ منداڵـەكانيان لـە رێگـاى كرۆسـۆماتەكانەوە كـە خەسـڵەتى ميراتـى پێەوەيـە وەكـو لاوازى خانەكانى بينين يان دەمارگيرى .

2- تووش بوونى دايكى سك پڕ بـە هەنـدێ نەخۆشـى ترسـناك وەكـو ئاوڵـەى ئەڵمانى و نەخۆشى زوهرى وكارى شۆكى .

3- ژەهراوى بوونى دايكى دوو گيان بەو دەرمانانەى كە ئەيخوات .

4- ئالودە بوونى دايكى دووگيان بە مەى ومادە هۆشبەرەكان .

5- تێك چوونى دەمارى بينينى بۆ مێشك .

6- لە دايك بوونى پێشوەختەوە ناتەواو بوونى گەشەى كۆرپە

دووەم- هۆكارى كاتى له دايك بوون :

1-سەختى لە دايك بوونى منداڵ دەبێتە هۆى كەم بوونەوەى گازى ئۆكسجين لە سەر كۆرپەكە وە ئەمەش تووشى مردنى خانەكانى بينينى ئەكات

(سەيرى بەشى چوارەم بكە) .

سێيەم هۆكارى دواى له دايك بوون :

وەكو زۆرى رێژەى ئۆكسجين كەئەدرى بە منـدالى نـا ئاسـايى (اطفـال الخـدج) وئەو روداوانەى كە تووشى منداڵ ئەبى . (سەيرى بەشى چوارەم بكە)

چوارەم :هۆکاری ژینگەیی

1-تووش بوونی بەهەندێ نەخۆشی ئەگەر چارەسەر نەکرێ کاریگەری زۆر ئەکاتە سەرچاو و دەبێتە هۆی نەبینین وەکو : نەخۆشی شەکرە ... تەراکۆما ... ئاوی ڕەش وسپی ..هتد .

2-پێکانی چاو بەشتێکی تیژ.

3- تووش بوونی مرۆڤ بە پێکان لە چاو ومێشك لە دەرئەنجامی بەرکەوتنی بەهێز یاخود کەوتنە خوارەوە لە شوێنی بەرز یان ڕووداوی هاتووچۆ .

4-کەمی هەندێ ڤیتامین وەکو (A).

5-لەرینەوەی گلێنەی چاو کەبریتیە لە ڕژێنێکی نارێکی خێرایی لە چاو کە دەبێتە کەم بوونەوەی توانای تەرکیز کردنی بینینی بینراوەکان بە شیوەیەکی نارێکی .

تایبەتمەندییەکانی منداڵانی پەککەوتووی نەبینان :

دایك وباوك و مامۆستایان دەبێ هەمیشە چاودێری منداڵەکانیان بکەن و تێبینینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :

یەکەم : تایبەتمەندی ڕەوشتیەکان :

1. منداڵی پەککەوتووی نەبینا هەمیشە پەرتوك و دەفتەر ونوسراوەکان زۆر نزیکی چاوی ئەکات .
2. هەمیشە چاوی ئەخورێنێ .
3. هەوڵ ئەدا کە هەمیشە چاوێکی بکاتەوە وئەو چاوەکەی تریان بنوقێنێ بەشێوەیەکی بەردەوام .
4. ئارەزوی خوێندنەوەی نیە وهەر شتێکی تر پێویستی بە بەکار هێنانی چاوبێت

5. پەککەوتوی نەبینان ناتوانێ بەسەربەستی جوڵە بکات ئەمەش کرداری پشت بەستنە بەوانی ترەوە .
6. هەمیشە تووشی کەوتن و خۆدان بەشتدا دەبێت .

دووەم : تایبەتمەندی شێوەی فۆڕمی چاو :

1- خێل بوونی چاو .
2- ئاوسان و سوربوونی پێلوی چاو .
3- هەوکردنی چاو بە شێوەیەکی زۆر.
4- زیاد بوونی فرمێسکی چاو بەشێوەیەکی زۆر.
5- هەست کردن بە سوتانی چاو کەئەبێتە هۆی خوراندنی چاو .
6- تووشی سەر ئێشە وگێژی ڕاستەوخۆ دەبێت لە دوای هەر ئیشێك کە پێویستی بە بینینێکی نزیك هەبێت .
7- توانای بینینی شتی بە ڕونی نیە گەر هاتو لە ماوەیەکی نزیکدا بێت، و شتەکان وەکو لەناو هەور وتەمدا بێت .

چوارەم : تایبەمەندی هەڵچوونی :

1. زوو تووڕە ئەبێ.
2. هەست بە گۆشەگیری ئەکات .
3. شەرانگێزە.
4. هەمیشە تووشی دەمارگیری دەبێت .
5. زۆربەی کات بەدەست دڵەڕاوکیەوە ئەناڵێنێت .
6. ناتوانێت پشت بەخوێەوە ببەستێت .
7. ئاستی بەرزی نیە .
8. نائومێدی وبێ ئامانجە.
9. هەست بە نائاسایشی دەروونی ئەکات کە تووشی دوورە پەرێزی بێت .

هەستەکانی نەبینان :

کەسی پەککەوتو توانستی هەندێ لە هەستەکانی تـر زیـاتر دەبـێ لـە کەسـە ئاسایەکان وەکو هەستی دەستلێدان ...وبیستن ....وبـۆن کـردن ...وتـام کـردن، وبنەمای ئەم توانیستەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنانی ئەم هەستانە لە لای پەککەوتوو زیاتر دەکات، ئەو هەستانە ئەمانەن :-

1- هەستی بیستن :

هەستی بیستن لای تـاکی پەککـەوتوی نـەبینان گرنگیـەکی زۆری هەیـە، ئـەو هەستەی زۆر بەهێزە و ئەتوانێ جیاوازی هـەموو جـۆرە دەنگـەکان بکـات، وە لـە ژیانیدا زۆر پشتی پێوەئەبەستێ، وەهەندێ نەخۆشی کاریگەری ئەکاتە سەر بیسـتن وەکـو ...ئاوڵـەی ئـەڵمانی ....وهـەوکردنی مێشـك ....وملـە خرە...وهۆکـاری بۆمـاوەیی ....وکێشـەکانی کـاتی لـەدایك بـوون ...و بـەکارهێنانی ئـەو جـۆرە دەرمانانەی کەئەبێتە هۆی تێکدانی هەستی بیستن .

2- هەستی دەستلێدان (هەستی گرتن -اللمس TOUCH)

گرنگی ئەم هەستەلای تاکی نەبینان بە پلەی دووەم دێت پاش هەستی بیستن، و تاکی نەبینان بە کاری ئەهێنێت بۆچەند ئەرکێك ومەبەستێك وەکو هەست کردن بە . ئێش و فشار ...هەست بە گەرمی وساردی هەستی بیرەوەری ڕاستی وجولانەوەیی و زۆر شتی تر کەناتوانێت بە چاو بیبینێت بە لام بە پەنجەکانی دیاری ئەکات .

3-هەستی بۆن کردن SMELLING

هەستێکی زۆر گرنکە بۆ نەبینان بەهۆیەوە ئەتوانێ هەست بەهەموو جۆرە شتە سامناکەکان بکات وەکو بۆن... دوکەڵی سوتاو ....وکاز و بەنزین .... بۆنی شتی پیس... کەئەبنە هۆی مەترسی لەسەر ژیانیان، هەر وەها ... بۆنە خۆشەکانیش وەکو بۆنی... گوڵ وعەتر و شتیتر .

4-هەستی تامکردن

هەستی تامکردن یەکێکە لە هەستەکان کە جیاوازی تایبەتمەندی خواردەمەنیەکان دەرئەخا وەکو ....ترشی ....وسوێری ....وتونی ....وشیرینی ....تاڵی، ونەبینان بە باشی توانای ئەو جیاوازیەیان هەیە

تامی توونی

تامی خۆش

کێشەکانی پەککەوتووی نەبینان :

یەکەم : کێشە دەروونییەکان :-

پەککەوتووی نەبینان هەمیشە هەست ئەکات بە کەم کردن وجیاوازی لەکەسانی ئاساییەوە، وئەمەش دەبێتە هۆی دڵەراوکێی دەروونی ، بۆیە ناتوانرێت لایەنەکانی کەم وکوڕی جەستەی وهەستی دەروونی لەیەك جیابکرێنەوە چونکە پەیوەندیەکی بەهێزیان بەیەکترەوە هەیە بۆیە هەندێ زانیاری ئەوەیان سەلماندووە کە ڕێژەی تووشبوانی.... دەمارگیری ....زیاترە لە نێوان کەسانی نەبینان ، هەرچەند پەککەوتووەکەی زۆر بێت دیاردە نەخۆشیە دەروونیەکانیان خراپتر دەبێ.

پەککەوتووی نەبینان تووشی شڵەژانی دەروونی توند دەبێت بەهۆی ئەوە ناتوانێ جوڵە کردن بە ئازادی و نەبوونی توانای لە کۆنترۆل کردنی ژینگەکەی بکات، هەروەها زانا (کروس) جەختی کردەوە کە هەندێك لە پەککەوتوانی بینین دەناڵێنن بە دەست ... دڵە ڕاوکێ... ...و خەمۆکی ... و شڵەژان ئەم کێشانەش سەر هەڵدەدەن لە ئەنجامی کەموکوڕی، هەروەها پەککەوتووی نا بینان کاتێك هەست

دەکات بە جیاوازیەکی زۆری مامەڵە کردنی لەماڵەوەوەلە دەرەوە تووشی هەندێ نەخۆشی دەروونی دەبێت وەکو :

1- دڵەڕاوکێ :

نەبینان هەست دەکەن کە کەمترن لە کەسانی ئاسایی وهەمیشە بیری لێ دەکەنەوە تاکو تووشی دڵە ڕاوکی دەبێت .ودڵە ڕاوکێش دوو جۆرە لای نەبینان :

أ- دڵە ڕاوکێی جیابوونەوە، کەئەترسێت کەسوکاری وەکو دایك وباوك وخوشك وبراکانی کە پشتی پێوە بەستون لیێ جیاببنەوە ووازی لێی بهێنن وەبەجێ بهێڵن. (الخطیب :2001)

ب- دڵە ڕاوکێی ئەوەیەتی کە ترسی هەیە کەوا هەموو ژیانی بە کوێری بباتە سەر وچۆن ژیان بباتە سەر .

2-بێ متمانە بەخوود :

تاکی نەبینان ناتوانێ کەوا بەئازادی وسەربەخۆیی بجولێتەوە وەکو کەسانی ئاسایی چونکە ترسی ئەوەی هەیە کەوا بکەوێت یان خۆی ئەدا بەشتێکدا تووشی ئێشو ئازار ئەبن یان شتێك ئەشکێنن ....

3- قەرەبوو کردنەوە :

نەبینان هەمیشە هەست بە کەمی دەکەن،لەبەر ئەوە هەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو کەم وکوڕییان وای لێ بکەن کە زاڵ بن بەسەر کەسانی ئاساییدا، و فشارێکی زۆر ئەخاتە سەر خۆیان وهەوڵ وتەقەلایەکی زۆر ئەدەن تاوەکو بتوانن لەوان باشتر بن لە بوارێکدا .

دووەم :- کێشە خێزانیەکان :

ئاراستەکانی خێزانەکان بۆ منداڵی پەککەوتووە نەبینان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ ئەبینن بۆ قبوڵ کردنی ئەومنداڵانە یان ڕەتکردنەوەیان، هەروەها گونجاندنی....دەروونی....وکۆمەڵایتی...وهەڵس وکەوتە جیاوازیەکانی باوکان بۆ

منداڵی پەككەوتووی بینین گرنگی هەیە لە قبولكردنی ...كوێری لەلای ئەو منداڵە دواتریش ...رۆڵی هەیە لە گونجانی دەروونی و كۆمەڵایەتی ، لێرەدا رەفتارو مامەڵەی جیاوازی هەیە لای دایكان وباوكان بەرامبەر منداڵی پەككەوتووی بینین وەك :-

1. قبولكردنی ئەو پەككەوتوە
2. رەتكردنەوەی ئەو منداڵە
3. چاودێریكردنی زیاتر لە پێویست
4. ئینكاریكردنی بوونی پەككەوتووی یان كوێری بەشێوەیەكی گشتی
5. باوكان و دایكان هەست دەكەن لە منداڵەكانیان تووشی ئەم جۆرە پەككەوتنە بوون لە دەر ئەنجامی گوناهەوە وئەمەش.. تۆڵەسەندنی... خودایيە بۆیان بۆیە نایەوێ كەس باسی بەدبەختی ئەوە بكات و قبوڵیشی ناكات .

لەبەر ئەوە منداڵی نەبینان پێویستی بە چاودێری زیاتر هەیە هەروەها پێویستیشی بە تێر كردن و پاڵنەری خێرا هەیە بەڵام باوكان هەندێ جار لە بەرامبەردا رووبە رووی دەبێتەوە بە قبوڵ نەكردنی و قەدەغە كردنی ئەو منداڵە، هەندێ لە باوكان ودایكانیش هەست... بەدڵەڕاوكێ ...و دوودڵی ... وبێ توانای دەكەن لە مامەڵە كردن لەگەڵ منداڵە پەككەوتووەكانیان ، كێشەكان دەست بەدەركەوتن دەكەن كاتێك دایكان و باوكان ئامادە نین پەككەوتوەكەبە چاوی قبول بكەن وەك ڕاستیەیەك كە لەوانەیە ببێت بە سەرچاوەی وەڕس كردنی ژیانی خێزانەكە وەك ڕاتەكاندن كاریگەری ئەكات و لەدوای خۆی هەست و شعوری نەرێنی بەجێ ئەهێڵێت وەك یاسایەكی كۆمەڵایەتی كە بەشێوەیەكی ویستی یان ناویستی دایك لەگەڵ منداڵە شیرە خۆرەكەی دەمارگیرو تورە ئەبێ دواتریش ئەم دەمارگیریەو تورەییە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەكە.

کاریگەری مامەڵەی خراپی خێزان لەسەر منداڵی نەبینان :

1. لە دەسدانی هەستی ئاسایش و دڵنەوایی .
2. پیادەکردنی شێوازی هەندێ ڕەفتاری ناکۆمەلایەتی .
3. ئارەزوی لە تەنیایی و دابڕان وشەڕان گێزی .
4. بارودۆخێکی نائاسایی بۆ منداڵی نەبینان لەناوخێزاندا .
5. تووشی خراپی ڕەوشت وحەسوودی و ڕق وکینە.
6. کەم ئەزمونی، کە دەبێتە هۆی بەربەست لە گەشەی سروشتی و کۆمەلایەتی و دەروونی .

سێیەم:- کێشەکۆمەلایەتیەکان :

1- لە کەسانی نەناسراو بێگانە ئەترسێ

2-لە دەست کەم وکوڕی لە چالاکی کۆمەلایەتی دەنالێنێ بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی وپشت بەخۆ بەستن و پێك هێنانی هاوڕێیەتی .

3-خۆی لە قسەکەر دوو ئەخاتەوە، وبە گوێ چاودێری دەکات ، هەندێ کەس بە بەکەمی دادەنێن گرنگی پێنادەن .

4-ناتوانێت ئاماژە کۆمەلایەتیە تایبەتیەکان بەکاربێنێ . بۆ بەردەوامی و پەیوەندی نازارەکی .

5- هاورێی کەم هەیە بەشێوەیەکی گشتی پەنا دەباتە بەر دابران و تەنیایی .

6- کەمی ئەزموون دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە گەشەی سروشتی وکومەڵایەتی ودەروونی .

7- لە کاتی چالاکیە جیاوازەکاندا گرنگی زیاتر بە خۆی ئەدا نەك بە کەسانی تر.

جۆرەکانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ فێرکردنی قوتابیانی نەبینان

1-تێکەڵاوکردن AMALGAMATION

تێکەڵاوکردنی منداڵانی نەبینان :

بریتیە لە : فێرکردنی منداڵی پەککەوتووی چاو لە قوتابخانە یاساییەکانەوە ودابین کردنی هەموو پێداویستەکانی پەروەدەی تایبەت بۆیان .

ئامانجی تێکەڵاوکردن

1-لادانی ئەوبەرپرستیە کە لە ناوندی پەککەوتووی نەبینان لەگەڵ کۆمەڵگای قوتابخانە گشتی .

2- دەرخستنی تواناو چالاکی قوتابی پەککەوتووی نەبینا بو فیربون .

3-دورخستنەوەی هەستی نەبینا کەوا ناتوانیّ لەگەڵ چاوساغەکان پێش برکێبکات لە خۆیندن وچالاکەکانی قوتابخانە .

4-پەرەپیّ دانی کارامەی کەسایەتی وکۆمەلایەتی بۆ قوتابی نەبینا لە ئاوێتەکردنیان لەگەڵ برادەرە چاوساغەکان .

5-دەرفەت دان بە قوتابیە چاو ساغەکان بۆ شارازا تێگەیشتن لە نابینەکان .

جۆرەکانی تێکەلاو کردن

تیکەلاّوی ئەکادیمی پێنج جۆرە :

یەکەم : تێکەڵاو کردن بە درێژایی کات لە پۆلی تایبەتدا :

ئەم جۆرە بریتیە لە دابین کردنی مامۆستای پسپۆر و پۆلی تایبەتی ودابین کردنی تەکنەلوژی بریل بۆ نەبینا بۆ ئەوەی هەموو بابەتە قوتابخانەییەکان فێربن

دووەم : تێکەڵاو لە پۆلی تایبەت و هاوبەش :

لەم جۆرە پێوستیە بە دابین کردنی مامۆستای پسپۆر ودابین کردنی پۆلەکە بە هەموو جۆرە ئامێرێکی تایبەت کە نەبینیان پێویستان پیّ هەیە و لەگەڵ هەندی بابەتی تایبەت، ولەهەمان کاتدا زۆربەی کاتەکانیان لە پۆلی ئاساییدا ئەبەنەسەر.

سێیەم : زۆری سەرچاوە

بریتیە لە بەشێك کە هەموو پێویستیەکی تیا دابین کراوە، و پەککەوتەکان سەردانی دەکەن بەپێی ئەو خشتەکاتەی بۆیان دانراوە لە کاتی پێویستدا .

چوارەم : مامۆستای ڕێنماییکار

یەکێکە لە مامۆستاکانی قوتابخانەکە پسپۆری تایبەتی هەیە لە ڕێنمایی خاوەن پێداویستی تایبەت، هەڵدەستێ بە ڕێنمایی کردنی ئەو قوتابیانە کە پێویستیان پێ هەیە .

سوودەکانی تێکەلاو :

1-یاریدەی منداڵی پەککەوتوی چاو بۆ ئەوەی هاوکاری بکات لەگەل منداڵە ئاسایەکان بە بەردەوامی .

2-تێکەلاو بوونی منداڵی پەککەوتوو بێ بەش نابێت لە پەیوەندی بەردەوامی لە ژیانی ئاسودەیی لەناو ماڵ و کۆمەڵگادا .

3-منداڵی پەککەوتووی چاو لە زۆر کێشە دەروونیەکان سەرفراز دەبێت بە هۆی تیکەڵاو بونی لەگەڵ منداڵانی ئاسایەکان، وهەر وەها لەگەڵ منداڵە نەبیناکانیش چونکە بۆی دەر ئەکەوێت هەر خۆی بەتەنیا ئەوکێشەی نیە .

ڕێنمایی پەککەوتووی نەبینا

بریتیە لە یارمەتیدانی نەبینا بۆ ئەوەی پەسەندی خۆی بکات و شیکردنەوەی ....کەسایەتی دەروونی....و پەروەردەیی....وکاری ....وخیزانی بۆ بکات، وچارە سەری ئەو کێشەو گرفتەکانی کەپەیوەندی هەیە بە پەکەوتەکەیەوە کەدەرئەنجامی مامەڵکردنی تاکەکانی کۆمەڵەکە هەتاکو بتوانێ بە باشی بگونجێ لەگەڵ بارودۆخەکەیدا، و بتوانێت پەرەپێدانی ئەو بەهرە و توانایەی هەیەتی بەباشترین شێوە بەکاری بهێنێت .

ئایە پەككەوتوی نەبینان پێویستیان بە ڕێنمایی هەیە ؟

هەموو تاكێكی مرۆڤ لە درێژایی ژیانیدا پێویستی بە ڕێنمایی زۆرە چونكە بێچوی مرۆڤ وەكو بێچوی گیانلەبەرەكانی تر نیە كە بتوانێت پشت بە خۆیەوە ببەستێت توانای هیچ شتێكی نیە هەر لە دایك دەبێت زۆر پێویستی بەكەسانی ترەوە هەیە بۆ دابین كردنی خواردن وخواردنەوە وپاكوتەمیزی دڵسۆزی وە زۆر شتی پێویست هەیە هەتاكو پشت بە خۆیەوە ئەبەستێت، بەڵام بێچوی گیانلەبەرەكانی تر ڕاستەوخۆ دەست دەكەن بەگەڕان بەشۆێن خواردندا، جگە لەوەی كە مرۆڤ تووشی هەموو جۆرە كێشەیەك دەبێت لە ژیانیدا وئەم كێشانەش جیاوازیان هەیە كەسێك بۆ كەسێكی تر بە تایبە ئەگەر ئەو كەسە نەبینا بێت، ولەو كێشانە وەكو ... كێشە كۆمەڵایەتیەكان .... خێزانیەكان ... بەروەردەیەكان ... دەروونیەكان ... تەندروستیەكان .... سیاسیەكان ... سروشتیەكان ... وكێشە تكنەلوژیەكان، وەڕێنمایی بۆ كەسانی ئاساییەكان وكەسانی نەبینا دەبێت كە زیاتر پێویستیان پێ هەیە .

ئامانجەكانی ڕێنمایی دەروونی بۆ نەبینان

ڕێنمایی دەروونی ئامانجێكی مرۆڤایەتی گرینگی هەیە و ئەو ئامانجەنەش ئەمانەن :-

1-پەككەوتوی نەبینا بەتەواوی هەموو مافێكیان هەیە كە ژیانێكی خۆش خوازی ناياب ببەنە سەر، وهەر وەكو كەسانی ئاسایی هەموو مافێكی مرۆڤیان هەیە .

2-هەرچەندە ئەوانە پەككەوتوی چاویان هەیە، بەڵام هێز وتوانایان لە چاوساغەكان كەمتر نیە، و هەندێكیان بەهرەمەند و توانایان زیاترە لە كەسە ئاساییەكان.

3-دابین كردنی خزمەتگوزاری ...تەندروستی.... وكۆمەڵایەتی....وئابوری چونكە كەسانی پەككەوتو زۆر پێویستیان پێ هەیە .

4-هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاراستەی خێزان و کۆمەڵگا دەربارەی نەبینا .

5-هەوڵدان بۆ ئەوەی کەسی پەککەوتو نەبێت بە بارێکی قورس بەسەر خێزانەکەی وکۆمەڵگاکەیەوە وهەتا بتوانێت ببێ بەکەسێکی کردار وزانستی بەپێ تواناکانی .

بوارەکانی ڕێنمایی پەککەوتوی نەبینان

یەکەم-ریینمایی دەروونی :

بریتیە لە پیشکەش کردنی خزمەت گوزارییە پسپۆریەکان ویاریدەی پەککەوتوو ئەدات بۆ :

1-چاکردنی ئاستی گونجاندنی کەسایەتی ..

2-یارمەتی دانی بۆ ڕوبەرووی کێشەکانی ..

3- ڕاستکردنەوەی تێگەیشتن لە خوودی خۆی .

4- ئاراستەی بەرەورووی پەککەوتنەکەی بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بگونجێت هەتاکو بارەکەی خراب تر نەبێت ..

5- هاندانی بۆ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێ و واز لە کەسانی تر بهێنێت کە تووشی دڵەراوکێ وهەرەشەکردن دەبێت کەوازی لێ بهێنن .

6- یارمەتی دانی بۆ دوور کەوتنەوەی ئەو شتانە کە دەبێتە هۆی نائۆمێدی ودڵگرانی .

7- هەوڵدانی بۆ ئەوەی زاڵ ببێت بەسەر ڕقهەڵگرتن کە ئەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی هەڵە.

8- یارمەتی دانی بۆ هەست کردنی بە ئاسایش وئارامی .

دووەم-ڕێنمایی بە کۆمەڵی

1. هەوڵ دان بۆ گۆڕینی ئاراستە کۆمەڵایەتیە سلبیەکان وبیرۆکە هەڵەکان کە هەندێ کەس باوەڕیان پێ هەیە دژی نەبینا .

2. بایەخ پێ دانی حەزو ئارەزوەکانی تاکی نەبینا.
3. هەوڵ دان بۆ گۆڕینی بارودۆخ ورەوشت بۆ گونجانی کۆمەڵایەتی .
4. ئامادە کردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی.
5. هەول دان بۆ گۆڕینی ئاستی دایك وباوك کەوا مندالّی نەبینا تۆڵەی خوایە .
6. یاریدەی دایك و باوك لە دەرباز بونیان لە هەست کردن بە گوناهباری .
7. هەوڵ دان بۆ ڕەزامەندی تاکەکانی ئەو خێزانە کە مندالّی نەبینایان هەیە .

سێیەم ڕێنمایی پەروەردەیی

1. مندالّی نەبینا مافی پەروەردە و فێربوونی هەیە هەر وەکو کەسی ئاسایی .
2. پەککەوتوو نەبینا وەکو کەسانی تر هەموو ئامادەی و توانای هەیە .
3. یاریدانی نەبینا بۆ جارەسەر کردنی ئەوکێشانەی کە لە قوتابخانە تووشیان دەبێت .
4. دابین کردنی ئەو کەرەستەیە وئامێرانە یەدەکانە کە پێویستیان پێ هەیە، وەکو (چاویلکە ...ئامێری برایل...) وئامێری پەروەردەی تایبەت کە دەبێتە هۆی یاریدە دەریان
5. دابین کردنی مامۆستای پسپۆری تایبە لەو قوتابخانەدا .
6. پەککەوتوی نەبینا مافی خۆیەتی هاوبەشی بکات لە ڕۆشەنبیری خۆش وناخۆشی کۆمەڵگاکەی .نەوەك بارێکی قورس بێت بەسەریەوە .
7. دابین کردنی هاتووچۆیان لە مالّەوە بۆ قوتابخانە
8. دابین کردنی قوتابخانەی تایبەت کە گونجاوبێ بۆیان وەکو شوێنی یاری ..و پێپلیکە ..و تەوالێت .

چوارەم : ڕێنمایی تەندروستی

1. گرنگی ئەدا بە چارەسەر کردن بە باشترین پلە .
2. هەوڵ دان بۆ چارەسەرکردنیان ودابین کردنی پزیشکی پسپۆری وە نەشتەگەری لە کاتی پێویستیدا .
3. جەخت کردن لە سەلامەتی تەندروستیان وبەدوا چونیدا بەشێوەیەکی بەردەوام .
4. دابین کردنی هەموو جۆرە ئامێرێکی یەدەکە وەکو :ئامێری گەورە کردن .....چاویلکەی تەندروستی کە یاریدەرو بو باش بینین .
5. راهێنانیان بۆ بەکارهێنانی گۆچان بۆ ئاسوودەی جەستەیی دەروونی .

پێنجەم : ڕێنمایی کار

هەنگاوی سەرەکی لە لە ڕێنمایی کاردا یاریدانی پەککەوتوی نەبینایە بۆ ئەوەی لەخوودی خۆی تێ بگات وتواناو ئاستی کرداری خۆی بزانێت کاری پێ بکات وببێت بە تاکێکی بەکەڵك لە کۆمەڵگاکەیدا، ویاریدەدانی بۆ بەدەست هینانی گونجاندن وفێر بوونی کار، هەروەها کارێکی گونجاوی بۆ دابین بکرێت کە گونجاوبێت لە گەڵ تواناکانیدا .

ڕێنمایی کار هەڵدەستی بە فێرکردن و ڕاهێنان نەبینا کە ببێت بە کەسێکی شایستە چونکە کۆمەڵگا دەبێت جێگەی هەموو کەسێکی بگرێتە خۆی بەبێ جیاوازی، وئەبێت ورووژاندنی هاندەری ئیش وکار بەرهەم بکات تا دوا پلە کە نەبینایان بتوانن چەسپاندنی بڕوا بەخۆیانەوە بکەن وتوانای ئیش وکار وبەرهەم تاکو ژیان ببەنەسەر .

بەشی : نـــــــــۆیەم

ئۆتیزم

پوختەیـــەکی مێــژووی دەربــارەی بایـــەخ پێــدان بــە سەرهەڵدانی ئۆتیزم

ئۆتیزم چییە ؟

نیشانەکانی منداڵی ئۆتیزم

توانای تایبەتمەندیەکان

هۆکاری شلە ژانی ئۆتیزم

جۆرەکانی شلە ژانی ئۆتیزم

یەکەم : ئۆتیزمی دەستوری کۆن (التقلیدی)

دووەم : شلەژانی ئیسپرچر

سێیەم : شلەژانی رێت

چوارەم: نیشانەکانی کرۆمۆسۆم Xتوانای شکانن X

رۆڵی رێنمایی کار لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا

بەشی :نۆیەم:

ئۆتیزم : Autism

پوختەیەکی مێژووی دەربارەی بایەخ پێدان بە سەرهەڵدانی ئۆتیزم:

ئۆتیزم وشەیەکی یۆنانیە Autos بەمانای خوود یان دەروون بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە لە لایەن پزیشکی دەروونی ئەمەریکی لیو کانەر (Kannar1943) دۆزرایەوە کە بۆی دەرکەوت لە ناو ئەو منداڵە بیرکۆڵانە کە چارەسەریان ئەکات یانزە منداڵ نیشانەی نەخۆشیەکانیان جیاوازە لەگەڵ نیشانەکانی بیرکۆڵان، وەبۆچونی وابوو کە زۆر نزیکە لە شیزۆفرینیا Schizophrenia بەڵام هەندێ جیاوازیان هەیە و بەناوی (ئۆتیزم Autism) دیاری کراون .

لە ساڵی (1944) پزیشکی نەمساوی (ئسپجر Asperger) لێکۆڵینەوەیەکی بەسەر چەند منداڵێکی نەمساوی کرد کە نیشانەی نەخۆشیەکەیان هەمان جۆرە لە گەڵ ئەو منداڵانەی کە (کانەر) دیاری کردبوو، بەڵام بەهۆی شەری جیهانی دووەمەوە بلاو نەبووە، و کە پزیشکی دەروونی (Lwing) کەمنداڵە کەی هەمان نەخۆشی هەبوو تۆیژینەکەی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردەوە و لەو کاتەوە بە ناوی ئسپجر دیاری کرا . (عبدالرحمن والاخرون :2005)

ئۆتیزم چییە Autism؟

ئۆتیزم بریتیە لە تێکچونی ئالۆزی گەشەکردنی مێشك کەکار دەکاتە سەر کارو فەرمان وچالاکیەکانی،وکاریگەری تونـدی هەیـە لـە ڕووی تێکـەڵاو بـوونی کۆمەڵایەتی وەنەبوونی پەیوەندی قسە کـردن وفێرکـردن وهەڵسـوکەوت. و ئـۆتیزم

کاریگەری هەیە لە ڕووی گەشەی لە بواری ...ژیانی تێکەل بوونی کۆمەلایەتی (دابڕانی کۆمولایەتی)...و هاتنەگۆ ....وتێگەیشتن....وپەیوەندی (communication) هەروەها.... دابڕانی تێگەیشتن لەگەڵ کەسانی تر.



لە ئەنجامی تۆیژینەوە زانستیەکاندا هاتوە کە ئەم نەخۆشیە لە شەش مانگی یەکەمەوە دایك وباوك هەستی پێ دەکەن، بەلاّم لە سێ سالّیدا بەزۆری دەرئەکەوێت و بەردەوام دەبێ لە هەموو ژیانی ئەو منداڵەدا، هەندێ لە مندالّی ئۆتیزم توانینی پەککەوتوی خۆیندنیان هەیە بەلّام هەموویان بەیەك جار بەگرانی لە مانای ژیان تێ ناگەن .

نیشانەکانی مندالی ئۆتیزم :Characteristies of Autistic Children

زۆربەی نیشانەکانی مندالّی ئۆتیزم لە سێ سالّی یەکەمدا دەرئەکەوێ وەکو :

یەکەم: نەبوونی پەیوەندێیە کۆمەلاّیەتیەکان :Social defect پەیوەندی کۆمەلاّیەتی پێك دێت لەم خالاّنەی خوارەوە :

1. مندالّی ئۆتیزم گۆشەگیری پێوەدیارە ئارەزوی کەنار گرتن وتەنیایی هەیە.

2. کاتێکی زۆر کەم لەگەڵ دایك وباوکی کەس وکاری ئەباتە سەر .
3. هەستی خۆشی دەرنابڕێت کە دایك وباوکی ئەبینێ .
4. توانای چاو تێبرینی کەمە، ڕاستەخۆ تەماشای ناوچاوی خەڵکی ناکات تەنانەت چاو نابڕێتە ناو چاوی دایکیشی .(محمد:2002)
5. بایەخ نادات بە پێکهینانی هاوڕێیەتی .
6. سەرنجی زۆر کەمە لە نازاریە کۆمەڵایەتیەکان وەکو زەردەخەنە ..تەماشا کردن..گۆی گرتن.... .
7. هەست ناکات بە هەست کردنی کەسانی تر وەکوکە دایکی غەمبار بێت یان بگری وهیچ کاری لێ ناکات.
8. وەڵام دانەوەی بۆ یاری وشتەکانی زیاترە لە وەڵام دانەوەی بۆ کەسەکان .
9. منداڵی ئۆتیزم ناتوانێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوربەر و کەسانی نزیکی خۆیدا ببەستێ .

دووەم: لاوازی پەیوەندی زارەکی قسە کردن: Language defect

أ- منداڵی ئۆتیزم لاوازییەکی زۆری هەیە لە پەیوەندی قسە کردندا .

ب- گەشە کردنی زمانی زۆرسستە یان هیچ گەشە ناکات، وا دەر ئەکەوێ کە منداڵێکی کەرو لاڵە .

ج- منداڵی ئۆتیزم وتوویژ ناکات وناتوانێ ڕستەکە تەواو بکات .

د- تێ ناگات لە قسەو ماناى وشەکانى کەسانى تر .

هـ- ناتوانێ بەشێوەیەکى ڕاستى وەڵامى ئەو ئامۆژگاریانەى کە ئاراستەى ئەکرێت بداتەوە .(فرا996)

و- هەمیشە دووبارەى هەندێ ووشەى تایبەت ئەکاتەوە یان دووبارەکردنى دوا وشەیەك لەسەر یەك کە گوێى لێ بووە .

ز- تواناى دەست پێ کردنى گفتو گۆى لە گەڵ کەسانى تر نیە و ناتوانێ بەر دەوام بێ .

ح- منداڵى ئۆتیزم لە دواى تەمەنى 3 ساڵیەوە بە تەواویى لە قسەو ووشە دەربڕین دادەبڕێن .

سێیەم: نواندنى ڕەفتارى ناپەسەند وەکو :

1-ئەومنداڵانە بەرهەڵستى هەمووجۆرە گۆڕانکاریەك لەرۆتین ئەبن وەکو گۆڕین لەشۆێنێکەوە بۆ شۆێنیکى تر... یان گۆڕینى جل و بەرگى....

2 -دەق ئەگرێ بە جۆرێ لە خواردن ونایەوێ بیگۆڕێ و زۆر بە زەحمەت ڕوو لەجۆرەکانى ترى خواردەمەنى ئەکات .

3-دووبارە کردنى هەمان یارى چەند جارێك بە بێ ماندو بوون، وچالاکیەکانى زیاترە لە منداڵى ئاسایى .

4-رق گرتن وتورەیى وزیاد بوونى لەگەڵ تەمەنى ئەومنداڵە .

5-لە باتى قسە کردن فڕە فڕ بە دەست وقاچى ولەرزینى جەستەیى ئەکات .

6-زۆر جار تووشى حاڵەتى پێکەنینێکى بێ هۆ ئەبێ

7- شکاندنى ئەو شتانەى ئەکەوێتە بەر دەستى لە کاتى تورەییدا .

8-سەرى ئەکوتێ بە دیوارەوە بەبێ هیچ هۆیەك .

9-ناتوانێ هەست و نەستى کەسانى تر لە بەرامبەر خۆیا یەکلابکاتەوە چونکە تواناى پەیوەندى و گفتوگۆى نیە.

10-هەست کردنى خواردنى زۆر لاوازە، لەبەر ئەوە هەمیشە تووشى شلەژانى گەدەئەبێ .

11-هەست بەو شۆینانە ناکات کە ترسناکن ودەبێتە هۆی ئێش وئازار بۆی .

12-شڵە ژانی هەستکردنی بەئێشو ئازارکردن لەوانەیە ئەوهەستەی بەتەواوی نەما بیّ یان هەستێکی زۆر ترسناکی هەیە بەهەر ئێش و ئازارێك .

13- منداڵی ئۆتیزم خەو نوستنی زۆرکەمە لەوانەیە چەند چرکەیەك بنونن وهیچ فەرقی شەو رۆژ ناکەن .

14-هەستنەکردن وبەسەرماو گەرما ناکات .

چوارەم: شتی نەرینی :Negative

1- منداڵی ئۆتیزم حەزو ئارەزوی بەو شتانەی هەیە ونایەوێت بیگۆڕیّ وەکو جۆری یاریەکەی، یان پەیوەندی بە تاکێکی خێزانەکەی یان گۆڕینی پۆشاکەکانی.

2-پیّ ناخۆشە کەسانی تر بیگرنە باوەش یان ماچی بکەن .

3-لە سەر پەنجەی پیّ ئەڕوات وبە جۆرێك ئەڕوات بە ڕێوە هەر وەکو دوو هەنگاو بۆ پێشەوە ودووش بۆ دواوە .

4- ئارەزوی بازدانی هەیە لە سەر جێکە بەرزەکان بە بیّ ئەوەی هەست بە ترسناکی بکات .

5-ئارەزوی یاری کردنی هەیە بە سەرچاوە کارەبا ییەکانەوە بە بیّ ئەوەی بترسیّ (القمش:2001)

6-گاز لە خۆی ئەگرێ هەتاکو خۆیینی لێ بێ،وسەریشی زۆر ئەکوتێ بەدیوارا لەبەر ئەوە هەمیشە ئاوساوە یان بریندارە .

7-لە هەندێ شت ئەترسێ کە پێویست بە ترس ناکات وەك ترسان لە دەنگی هەندێ ئامرازە کارەباییەکان وەکو(گسکی کارەبایی ...قژ وشك کەرەوە...جل شۆر)، ودەنگی فڕۆکە وئاژەڵ .

4- توانا تایبەتمەندیەکان: SPECIAL ABILITIES

هەرچەندە منداڵی ئۆتیزم کەم و کوڕییان هەیە لە زۆر شتدا بەڵام توانیستی و لێوەشاندنێکی باشیان هەیە کە دەور وپشتیان سەرسام ئەکات . ئەو توانایانەی هەندێ منداڵی ئۆتیزم هەیەتی وەکو :

1-**توانای میوزیك ژەنی** : (السعد1998) دەڵێ منداڵێکی ئۆتیزمی یابانی دیوە تەمەنی (12) ساڵ بو توانیویەتی پارچەیەك میوزیکی جیهانی بژەنێ لە چەند چرکەیەکدا، وبەبێ ئەوەی نۆتە بەکار بهێنێ کە یەکەم جار بیستبوی هەر وەکو کەسێکی پرۆفیشناڵ.

2-**توانای بیرکاری**: هەندێ منداڵی ئۆتیزم توانایەکی زۆر بەهێزیان هەیە لە بیرکاریدا هەر لە تەمەنی منداڵیدا دەر ئەکەوی، وەهەندێکی تریان توانای زۆریان هەیە لە چارەسەر کردنی مسەئەلە ژمێرداریە قورسەکانەوە وتوانای بەرهەمی لێکدان ودابەش کردنیان هەیە بەبێ بەکارهێنانی ئامێری ژماردن کەکەسانی ئاسایی توانای ئەوەیان نیە.

3-لە منداڵیەوە توانای بەکار هێنانی ئامێرە کارەبایەکانیان زۆر بە باشی هەیە.

4-هەندێکیان توانای وێنە کێشانیان زۆر بە وردی هەیە، بۆ نمونە : منداڵێکی ئینگلیزی تەمەن (10) ساڵی وینەی پەیکەری سەربەستی ئەمەریکای کێشاوە بە مەرجێك یەك جار ئەو پەیکەرەی دیوە .

لێــرەدا دەرئەکــەوێت کــە ئــەم توانــا ولێهاتوییانــە (لیهاتوی....ومیوزیــك ...بیرکاری ...یادەوەری ... بینین وخەیاڵ) پەیوەند نیە بە زمانەوانیەوە .

هۆکاری شلەژانی ئۆتیزم : Causes of Autism

زانــا و توێــژەران لــە ئــەنجامی هەوڵــەکانیان تــاکو ئێســتا نەگەیشــتونەتە رێککەوتنێك بۆ دۆزینەوەی هۆکاری شلەژانی ئۆتیزم، جێ سەرنجە کەپەکــەوتنێکی ناڕوونی دەورەی داوە، بەڵام لەسەر چەند هۆیەك ڕێك کەوتون وەکو :

یەکەم : هۆکاری بایۆلۆژی :

1- تێك چوونی مێشکی کۆرپە پێش و پاش لەدایك بووندا .

2-تووش بوونی دایکی دوو گیان بە سورێژەی ئەڵمانی .

3-خنکانی کۆرپە لە کاتی لە دایك بووندا .

4-لە کاتی تیشك گرتن دایکی دوو گیان

5-ئالودەبوونی دایکی دوو گیان بە مادەهۆش بەرەکان ومەی وجگەرەکێشان.

6-ئالۆزبوونی لە دایك بوونی منداڵی ئوتیزم زۆرترە لە منداڵە ئاساییەکان.

7-سەردانی ئۆتیزم وبڵاو بوونەوەی لە نێرینەکاندا زیاترە لە مێەکان و ئەمــەش ئەگەڕیتەوە بۆ هۆکارە ئەندامەییەکان (العضوية).

دووەم : هۆکاری جینی:

أ- هەندێ لــە توێژینــەوەکان هۆکــاری ئــۆتیزم ئەگەڕیننــەوە بــۆ تێــك چــوونی کرۆمۆسومەکان کە پەیوەندیان هەیە لەگەڵ کرۆموسۆمی(X) کــە بــەرواری 5%-16%، هەروەها تووشی ئەو منداڵانــە دەبێــت کــە لــە خیزانەکانیانــدا شــڵە ژانــی بۆماوەی وکۆئەندامی هەیە.

سێیەم : تێکچوونی ئەرکەکانی کۆ ئەندامی دەماری:

تویژینەوەکان جەخت دەکەن کە(32،4%) ی منداڵی ئۆتیزم تووشی بارودۆخی فێ ئەبن . (الماغوث:2004)

چوارەم : تێکچوونی ئەرکەکانی مێشك :

لەڕوانگەی بیرۆدۆزەکانی هۆکاری ئۆتیزم تێکچونی ڕووداوی ڕاستاندن کە دەرئەنجامی ناتوانێ پێشوازی هەستیارەکان ڕێك بکات،و ئەبیتە هۆی شلە ژانی فێربونی و سازانی لە ژینکەکەیدا، لە ئەنجامدا تووشی گۆشەگیری و تێکچوونی ڕاستاندنی بیستن دەبێ کە دایك وباوکی هەست دەکەن کە منداڵەکەیان کەرو لاڵە.

پێنجەم : هۆکاری دەروونی و خێزانی :

زانایانی ئەم بیرۆکەیە هۆکاری شلە ژانی ئۆتیزم دەگێرنەوە بۆهۆی دەروونی و خێزانی، لەبەر ئەوەی خێزان ڕۆڵێکی زۆر گەورە ئەبینێت بە تایبەت ڕۆڵی دایك ..لە نەبوونی پەیوەندی ... سوز ...و هەست ...ودڵ نەرمی ....وچاودێری باشی ..بەگورپەکەیەوە لە ساڵەکانی یەکەمی منداڵیدا تووشی ئەوشلە ژانە ئەبێ، وپەیوەندی نائاسایی لە بەینی دایك وباوکدا کەئەبێت بە کەمی پەیوەندی لە گەڵ دایك وکۆرپەکەیدا، وبڕوایان وایە کە زۆرترین ڕێژەی منداڵی ئۆتیزم لای ئەو خێزانانە سەرهەڵئەدات، هەروەها ئەو دایك وباوکانە کە منداڵی ئۆتیزمیان دەبێت ئاستی ڕۆشەنبیری وزیرەکیان لەسەروی مامناوندیدایە کە کەسایەتیان مەیلی وەسواسیان بێت لەگەڵ سستی لاوازی هەست وسۆزیان بێت .

جۆرەکانی شلەژانی ئۆتیزم :

زاراوەی ئۆتیزم بەکاردێت بۆ هەموو جۆرەکانی بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئۆتیزم چەند جۆرێکە، لەبەر ئەوەی هەندێ نیشانە هەیە وەکو کەم و کۆری لە پەیوەندی بینین وقسەکردن وتوانای تیگەیشتن ....زۆربەیان بەشدارن، لێرەدا هەوڵ ئەدەین چەندیان دیاری بکەین وەکو :-

یەکەم : ئۆتیزمی دەستوری کۆن (التقلیدی): AUTISM CLASICAL

نیشانەکانی(کانیر 1973) کە لە پەرتووکە بە ناوبانگەکەی (الـذهان العقلـي) بڵاوی کردەوە کە ئەم جۆرە بەزۆری بڵاوە لە ناو منداڵاندا وبەم شێوەیە :

1. گەشە کردنیان زۆر کەمە
2. لاوازی قسەکردن و وادەرئەکەویت کە منداڵیکی کەڕ ولاڵە وقسەکانی همهمە کە کەس لیٚ تیٚ ناگات .
3. لاوازی پەیوەندی کومەڵایەتیەکان، وگۆشەگیری ودووره پەریزیان هەیە .
4. ئارەزوی گۆڕان کاریان نیە لە گۆران کاریەکانی ژیانیانەوە(الحياة الروتينيـة) وەکو جۆری خواردن ...پۆشاك ...گۆڕان کاری شتومەك وياريەکان....

5- وەلام دانەوەیان نیە بۆ دەنگە بەرزەکان وگاڵتەو وهەستەکان Shah;1995).

6- ئەم جۆرە تەقلیدیە تووشی ئەو منداڵانە دەبێت کە تەمەنیان لەسیٚ ساڵ یان کەمتر دەبێت .

7- جولەیان زۆرە وبەردەوامی بیٚ مەبەستە .

8-لە منداڵیەوە توانای بەکار هێنانی ئامێرە کارەبایەکانیان زۆر بە باشی هەیە.

9-هەندیکیان توانای وێنەکیشانی زۆر وردیان هەیە

10- لێرەدا دەرئەکەوێت کە ئەم توانا ولێهاتوییانە (لیهاتو....ومیوزیك ... بیرکاری ...یاردەوەری ... بینین وشوێنی) پەیوەند نیە بە زمانەوانیەوە .دەرکەوت لە تاقینەوەی زیرەکی پراتیکی لیهاتوو وتواناکانیان باشترە لە ئەومنداڵانە کە سەنگی خۆیندنیان هەیە.

دووەم :شلەژانی ئیسپرچر : ASPERGER'S DISORDER

شـڵەژانی نیشـانەکانی ئیسـپیرجر بـەناوی پزیشـکی نەمسـاوی Hans Sperger1944,) کە یەکێکە لە شلە ژانەکانی کەسایەتی ، ونیشـانەکانی ئـەم خاڵانەی خوارەوەیە :

1. لاوازی له پەیوەندییه كۆمەڵایەتیەكان .
2. پلەی زیرەكیان ناوەندی یان زیاترە.
3. بەرنگاری لە گۆڕانكاریەكان وەكو هەمان جۆرەخواردنێك ... ولەبەركردنی پۆشاكیكی دیاری كراو .
4. هەستیاریكی زۆریان هەیە لە دەنگی بەرز وهەرا .
5. هەندێكیان توانای زۆریان هەیە وەكو توانای نائاسایی لە بیركردنەوەدا.
6. ئارەزوی كەنارگرتنیان هەیە، وبلیمەت وبەهرەداریان تیا هەڵدەكەوێ .
7. هەمیشه دڵەڕاوكێ وخەمۆكی وشەڕانگێزن .

سێیەم :شڵەژانی ڕێت : RETT'S DISORDER

شلە ژانی ڕێت یەكیكە لە هۆی پەكەوتووی منداڵان، كە ڕێت لە ساڵی 1966 دۆزیەوە وبریتیە لە شلۆقی زۆر لە مێشكدا زیاتر تووشی مییەكان ئەبێت بە ڕێژەی (4:1) لەبەر ئەوەی زۆر ی نیشانەكانیان لە یەك ئەچێت لەگەڵ ئۆتیزم هەندێك بەئۆتیزمیان دانائەنێن، بەلام لەبەر بوونی چەند جیاوازێەكدا ئەیان خەنە ڕێزی،ئەم شڵەژانیە، ونیشانەكانی ڕێت ئەم خاڵانەی خوارەوەئەگرێتەوە: (Gerabd;1980)

1. توانای لە بەكار هێنانی دەستەكانی نیەبە شێوەیەكی باش .
2. توانای پەیوەندی و گفتو گۆیان نیە .
3. لاوازێیەكی زۆری هەیە لە گەشەكردن وبیركردندا .
4. پێكەنینێكی هستیری بەبێ هۆی هەیە .
5. تێكچونی ماسولكەكانی دەبێتە هۆی پەككەوتوی جوڵانەوە ورێ نەكردنی .
6. راستەخۆ تەماشای ناوچاوی خەڵكی ناكات تەنانەت چاو نابڕێتە ناو چاوی دایكیشی. (Baroins;1997)
7. ناتوانن هەست و نەستی كەسانی تر لە بەرامبەر خۆیان یە كلا بكەنەوە
8. شڵە ژانی ڕێت پەیوەندیەكی زۆری هەیە بە پەككەوتووی ئەقلی هەیە .

چوارەم: نیشانەکانی کرۆمۆسۆم Xتوانای شکانن FRAGILE X SYNDROM

بایلی وئەوانی تر (Bailey. et als 1993) جەخیان لە سەرئەوە کردوەتــەوە کە تووش بوون بە پەککەوتووی کرۆمۆسۆمی لاوازی و نائاسایای (X)،ئەم شڵەژانە تووشی پەککەوتوانی ئەقڵی دەبێت،(Simon2002)

بایلی جەخت لەوە ئەکاتەوە کەمنداڵی تووش بوو بەم نەخۆشیە دوو جۆرە:-

أ-: خەسڵەتە جستەییەکان :

1. گەورەیی ئێسکی دەموچاوی
2. دانەکانی لاوازن
3. چاو خێلی
4. دەموچاوی درێژە وتەسکە
5. قاچەکانی باریکە
6. تێك چوونی خانەکانی دڵی
7. بە هێواشی وەڵامی هەستیارەکانی ئەداتەوە

ب-: خەسڵەتە ڕەفتاریەکان :

1. پە یوەندی کۆمەڵایەتی دروست ناکەن ناتوانن هاوڕێ بۆ خۆیان دروست بکەن.
2. توانای پەیوەند ی و گفتو گۆیان نیە وقسەکانیان دووبارە دەکەنەوە
3. لەباتی قسەکردن دەست و پەنجەکانیان ئەجوڵێننەوە .
4. گرفت وکێشە لە بواری سەرنج دان وچرکردنەوە .
5. چالاکی جولانەوەی زۆر لەگەڵ شەڕان گێزی وتوڕەیی (الزریقات2004)

ڕۆلی ڕێنمایکار لەگەل منداڵی ئۆتیزمدا :

1-بە چاوێك سەیری ئەو منداڵە بکات کەوا منداڵێکی ئاساییە، وئاستی خۆی بینێتە ئاستی ئەو منداڵە لەفکر وخەیاڵ کردنەوە.

2-بەباشی گۆیی لێ بگرێت، هەوڵ بدات بۆ جێبەجێ پێویستییەکانی.

3- پاداشت کردنی ڕاستەوخۆ بۆ هەر ڕەفتارێکی باش کە ئەنجامی ئەدا.
4-جیاوازی نەکرێ لەگەڵ منداڵە ئاسایەکان .
5-هەوڵ بدات کەوا بەیاری وکەل و پەلی بەسودەوە خەریکی بکات چونکە زۆربەیان گۆشەگیریان هەیە بە جولەو بیرکردنەوەی خود و ئازاری جەستەی خۆیانەوە.
6- بەیاخدان بەومنداڵە وبەئارامی مامەڵەی لەگەل بکرێت چونکە ئەگەر دەستی بەتاڵ بێ ئەو کاتە گاز لە دەستی خۆی دەگرێت یان سەری بە دیواردا ئەکێشێت .
7-ڕاهێنانی ئەو منداڵە بۆ تێگەیشتنی ژینگەی دەوروپشتی، وبایەخ پێدانی هەتاکو بتوانێ سوود لە هەموو تواناو لێهاتوەکانی وەربگرێت، بۆ نمونە ڕێنماییکار ئەتوانێ فێری ئەو شتانەی کات کە لە دەورو پشتیایەتی بەشێوەیەکی ئاسان چەند جارێ دووبارەی بکاتەوە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا .
8-هەوڵ دانی ئەو منداڵە بۆ یارمەتی و بەشداری یاری کردن و چالاکییە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان لەگەڵ منداڵانە ئاسایەکاندا بە مەبەستی تێکەڵاوبونی .
9-دورخستنەوەی ئەو منداڵە لەو شتانەی ئەبنە هۆی هەڵچوونی تووڕە بوونی.
10-هەوڵدان بۆ تێکەڵاو کردنی ئەو منداڵە لەو ژینگەو کۆمەڵگایەی تیادا ئەژی، ئەمەش بە وەرگرتنی لە بەرنامەی ڕاهێنان کە لە قوتابخانە یان لە بنکەی ڕاهێنانەکانی تر، لێکوڵینەوەکان جەخت لەسەر گرنگی تیکەڵاو کردنی منداڵی ئۆتیزم وخێزانەکانیان چەند بە کەڵکە بۆ ئەو منداڵانەو خێزانەکانیان .
11-هەوڵدان بۆ بەهێز کردنی پەیوەندیە کۆمەڵاتی و سۆز دیارەکانی ئەو منداڵە .
12-هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی و هێمن کردنەوەی ئەو منداڵە و دوور بکەونەوە لە تێکدانی شتومەکەکانی ماڵ یان جێگەکانی تر .

13- سەرقاڵ کردنی ئەو منداڵە بۆ جێبەجێ کردنی ئیشێك کە ئارەزوی لە سـەر بێت .

15-فێرکردن و ڕاهێنانی ئەو منداڵە لە سەر دەست پێشـخەری کومەڵایەتیـەکان وەکو :

أ- سڵاو کردن .

ب- ئارەزوی خواردن وخواردنەوە ..

ج- داوای یارمەتی .

د- هەست کردن بە یاری کۆمەڵی

سەرچاوەکان

- إبراهيم عبد الله زريقات (2004) . التوحد بين الخصائص و العلاج . عمان، دار الأوائل للطباعة و النشر .
- ابو سيف،حسام احمد محمد(2006)،الطفل التوحدي،ايتراك للنشرالقاهرة \مصر
- جروان،فتحي عبدالرحمن (2008) اساليب الكشف عن الموهوبين،ط2دار الفكر عمان
- جروان، فتحي عبدالرحمن (2008).الموهبة والتميز والإبداع، ط3 الخطيب،
- جمال، تعديل السلوك - القوانين والاجراءات - ط1، 1987م ، عمّان: دار الفكر
- حكيم،رابية إبراهيم (2004) . دليلك للتعامل مع التوحد . جده، مكتبة الملك فهد الوطنية .
- الخطيب، جمال والحديدي، منى والسرطاوي، عبد العزيز(1992). إرشاد أسر الأطفال ذوي الحاجات الخاصة – قراءات حديثة، ط2، عمّان: دار حنين.
- الخطيب، جمال،(2001) أولياء أمور الأطفال المعاقين - استراتيجيات العمل معهم وتدريبهم ودعمهم - ، إصدارات أكاديمية التربية الخاصة، الرياض، ط1م.
- الرقب،اسامة حمدان ،2012 تعليم الطلاب ذوي الإعاقات الحركية، جامعة العلوم الانسانية،مجلةاتحاد المعوقين الحركية بالعزازي.
- زهران، حامد عبدالسلام (1980)، التوجيه والارشاد النفسي، ط2، عالم الكتب \القاهرة\مصر.

- الزهراني، أحمد خميس (1999). برنامج إرشادي مقترح لتنمية بعض جوانب الشخصية لدى الأطفال الموهوبين. ورقة عمل مقدمة لمؤتمر الطفل الموهوب استثمار للمستقبل. البحرين: الجمعية البحرينية .منامة
- سرور، ناديا هايل (1998). مدخل إلى تربية المتميزين والموهوبين، ط1، عمّان.
- السعد،سميرة .(1992)،معاناتي والتوحد،الطبعة الاولى،دارالشويخ،الكويت)
- عادل، عبد الله محمد (2002) . الأطفال التوحديون . القاهرة، دار الرشاد للطباعة والنشر .
- عبدالرحمن، محمد السيد،والاخرين(2005) رِعاية الأطفال التوحديين، دارالسحاب للنشر،لقاهرة\مصر
- عبدالعزيز،سعد،(2008)،ارشاد ذووي الاحتياجات الخاصة، دارالثقافة للنشر، عمان /الأردن.
- شريف،عبدالستارطاهر،(1985)،قاموس علم النفس،مطبعة علاء،بغداد العراق
- فراج، عثمان (1996)، إعاقة التوحد او الاجترار،النشرةالدورية لاتحاد هيئات رِعاية الفئات الخاصة والمعوقين،العدد(40)ص (2-8 لقاهرة/مصر .
- القذافي، رِمضان محمد (1996). رِعاية الموهوبين والمبدعين. الإسكندرية: المكتبة الجامعية.
- القمش،مصطفى نوري،(2011)،اضطرابات التوحد،دار المسيرة ط1 عمان \الاردن
- كريفر،ليندا سلفرمان (2004)،ارشاد الموهوبين والمتفوقين،ترجمة سعيد حسني العزة، دار الثقافة للنشر،عمان|الاردن .
- ملاطاهر،شەوبو عبدالله، (2003)الاضطربات التي يعاني منها الاطفال في اقليم كردستان اسبابها و مقترحات علاجها

- ـــــــــــــــــــــــ،(2003)، اساليب معاملة الوالدية وعلاقتها الانجاز الدراسي لدى طلبة المتوسطة،بحث مشترك
- ـــــــــــــــــــ 2005(الحاجات الارشادية لمرحلة الطفولة المتاخرة في مدينة كويه) مؤتمر الانماء النفسي والتربوي للانسان العربي في ضوء جودة الحياة للفترة من 15-17| مايس| 2005 جامعة زقازيق | مصر
- ـــــــــــــــــ2012 (ظاهرة اطفال الشوارع في مدينة اربيل اسبابها، ووضع استراتيجية عامة للحد والتحدي لها) مؤتمر جامعة صلاح الدين | اربيل
- ـــــــــــــــــــ (للفترة 28-30| اذار| 2012)الاضطرابات النفسية لدى الاطفال العراق مؤتمر علم النفس | كلية التربية | جامعة كويت
- ـــــــــــــــــــ،(2014)، مشكلات التلاميذ في مدارس تربية الاساس في مدينة اربيل،مجلة الاكاديميا الكوردية العدد 5
- ـــــــــــــــــــ (2015) , المشكلات الارشادية،اسبابها ...ودور المرشد النفسي في حلها،مطبعه جامعه صلاح الدىن/اربيل
- ملحم،سامي محمد(2001)،الارشاد والعلاج النفسي،الاسس النظريةوالتبيقية، دار المسيرةللنشر ط1 عمان\عمان
- الملغوث،فهد حمد (2004) . كل ما يهمك معرفته عن اضطراب التوحد . الرياض، مكتبة الملك فهد الوطنية .
- منسي، حسن والاخرون،(2004)،التوجيه والارشاد النفسي ونظرياته،ط1دار الكندي اربد\الاردن.
- نصر الله، عمر، الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة وتأثيرهم على الأسرة والمجتمع، دار وائل،عمان، ط1، 2002م.
- الوزنة طلعت حمزة (2005) . المشروع الوطني لبحث التوحد واضطرابات النمو المماثلة لدى الأطفال السعوديين . الرياض، الجمعية السعودية للتوحد .

- Adamson,G.,&Vernon,D.F (1977)ThePsychology andaeducation of gifted children .Uk،Londn:Methuen& Co.Ltd .
- Autism Society of America (2005) . What Is Autism? . Retrieved from the world wide web، Available at:
- Baily A,Botlon, P.Butler,(1999);Prevalence of the frigileanomaly amongst autism twinsand singletons child psychology Vol (34) N o5 pp 354 -368
- Baroin-Choen, S.(1994); Do People with Autism understand what cases emotion O'Gorman Child development Vol., (62), p 382
- Dorman، Ben & Lefever, Jennifer (1999. (, Retrieved from the world wide web in 2005 ،Available at : http://lov-e.com/linkPPes/autism.html
- Shah A; Frith U,(1993 why do autistic individuahs superior the block design task ?Psychat. per
- Baroin-Choen, S.(1994); Do People with Autism understand what cases emotion O'Gorman
- Child development Vol., (62), p 382.
- sign task ?Psychat. performance on Vol.(34)no.(8),pp 1351-136
- , Gerahd,(1970) :The nature of childhood Autism, Second Edition,London ;Butter worthies.

نووسەر لە چەند دێڕێکدا :

لەدایکبووی شاری هەڵەبجەی شەهیدە.

بەکالۆریۆس: ڕێنمایی دەروونی.

ماستەر: ڕێنمایی دەروونی پەروەردەیی.

پرۆفیسۆرە لە زانکۆی سەڵاحەدین.

سەرۆکی بەشی دەروونزانی زانکۆی کۆیە بووە.

ڕاگری کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی کۆیە بووە.

بەرهەمەکانی :

المشكلات الإرشادية - أسبابها - وطرق علاجها.

التدخين.

فەرهەنگی توبا- کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی بۆ زانستی دەرونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی.

بەناو چۆنیەتی بەجێ هێنانی وانەوتنەوە بە کوردی و عەرەبی (نامیلکە).

سەرنووسەری گۆڤاری (الإرشاد النفسي) بووە.

سەرنووسەری گۆڤاری کۆلیژی پەروەردە/ زانکۆی موستەنسەریە بووە.

خاوەنی زیاتر لە (٥٠) توێژینەوەی دەروونی و پەروەردەییە لەسەر منداڵ و قوتابیان و ژنان، هەموویان لە گۆڤارە زانستییەکان بڵاوکراوەتەوە.

خاوەنی زیاتر لە (٤٠) نامەی بابەتی دەروونیە، کە لە ڕۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

6000 دینار

Tafseer Office
Mobile : +964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com